# دیوانی

# عارف عورف

ئومێد کاکەڕەش

ساغی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە

١٩٨٥

لە بڵاوکراوەکانی پڕ[illegible]ی [illegible]یاوسەر (٣)

# دیوانی

# عارف عورفی

**ئومێد کاکەڕەش**
ساغی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە

**١٩٨٥**

**لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر (٣)**

برای خۆشەویست کاك ئومێد

هیوادارم هەر لە خۆشیدا بیت ، وە زۆر سوپاسی ئەو ئەرکەت ئەکەم کە کێشاوتە . بـە دیوانەکەدا چوومەوە ، هەندێـك هەڵەم تیا بەدی کـرد ، بۆم دەست نیشان کردویت ، تکایە سەرنجی بدە ، وە ئێمەش هیچ مانعمان لە چاپ کردنی دیوانەکەدا نیە ، ئیتر سوپاسی ئەو هەوڵ و تەقەلایەت ئەکەم .

هەڵگورد عارف محمود

عمر عارف محمود

# پێشەکی

ئاشکرایە گەلی کوردمان خاوەنی چەندەها شاعیری پایە بەرز و ناودارە کە هەر یەکە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی شەوەزەنگی کوردستان بوون و نێو و ناوبانگێکی تەواویان بووە لەو سەردەمەدا کە تێیدا ژیاون ، هەرگیز مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەمان لە یادیان ناکات و هەموو ئان و زەمانێك ناویان دێنێتەوە یادمان ... چونکە بە بەرهەمە پوخت و نایابەکانیان لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەمانیان بە شێوەیەکی جوان و دڵگیر رازانۆتەوە کە هەمیشە شانازیان پێوە بکەین و ناو و شیعرەکانیان بێتە ویردی سەر زمانمان ... لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ شاعیرمان بووە لە سەردەمی ژیانیاندا سوارچاکی بە دەستەڵاتی ئەم بوارە بوون ، بەڵام لەگەڵ چاو لێکنانیاندا ناو و بەرهەمەکانیان بردۆتە گۆڕەوە . بەمە زیانێکی گەورە لە ئەدەبەکەمان کەوتووە ، هەرچەندە هەندێکیان دەستنووسەکانیان وەك دیاریەکی بە نرخ بۆ بەجێ هێشتوین ، بەڵام زەمانە دەرفەتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نەداون و لە ئاکاردا بونەتە خۆراکی ئاگر یان خراونەتە ژێر گڵەوە بۆ پاراستن لە ناهەمواری رۆژگار ئەویش پاش ماوەیەك پواونەتەوە و بە کەڵکی ئەوە نەماون سوودیان لێوەرگرین ، لەگەڵ ئەمەدا هەندێ بەرهەمی ئەدەبیمان لەو بگرە و بەردەیە رزگاری بووە و کەوتونەتەوە بەر دەستمان چ بە شێوەی

دەستنوس یان لە کەشکۆڵی ئەدەب دۆستاندا یان بە پەرش و بڵاوی لە کون و قوژبنی ئەملا و ئەولادا یان لـە سەر لاپەڕەی چاپەمەنیەکان گیرسـاونەتەوە و چاوەڕێی ئـەوە دەکەن دەسـتیان بـگاتێ و لە نەهامـەتی چـەرخی چەپگەرد رزگاریان بێت .

یەکێ لەو شاعیرانەی کە تووشی ئـەم بەسەرهاتە دڵتەزێنە بووە «عارف عورفی» شاعیرە کە لـە سەردەمی ژیانیـدا شاعیرێکی لێهاتـووی بەهرەداری میللەتەکەمان بووە و پاش کۆچکردنی دیـوانێکی دەسخەتی خۆی بۆ بەجێ هێشتوین کە لەگەڵ لێکنانیا ئەویش پێچـراوەتەوە ، بەڵام شیعرەکانی لە کۆڕ و بۆنەکاندا دەخوێندرایەوە بە تایبەتی ئەم هۆنراوەیەی بوو بووە ویردی سەر زمانی خەڵکی و هەموو ساڵێك لە کاتی نزیك بوونەوەی کاتی قوربانیدا دەوترایەوە :

جەژنی قوربانــە بەقوربان نۆبــەتی قوربانییە
بۆ تۆ قوربانی بەقوربــان گیانی من قوربانتە

هەرچەندە شیعرەکانی دیکەی ئەوەندە نەبینراون تا بە تەواوی لە سۆز و توانا و بەهـرەی ئەم شاعیرە بـیر چووەمان بـگەین ... تەنانـەت هـەر ئەم پشتگوێ خسـتنەش بـووە (عورفی) بردۆتـە ریزی شاعیرە نـاو ون بوەکانی میللەتەکەمانەوە ، کە لـە بوونیدا شاعیرێکی ناسراو بووە و دەنگێـکی تایبەتی خۆی هەبووە ئەوەتە مامۆستا نەجمەددین مـەلا لە یادی کۆچەکەیدا دەڵێت : «عورفی شـیعری بە کوردی و فارسی هەیـە نزیکەی (٢٥٠٠) شـیعر پترە بە خۆشنووسی خۆی بۆمی نوسیوەتەوە جگە لەوەش مێژووی (ریشەی نەژادی کورد) کە بە فارسی ئیحسان نوری پاشا نوسیویەتی گۆڕیویە بە کوردی ئەو مێژووە لەگەڵ دیوانی شیعرەکانی لە لای خۆمن خۆزگە چاپکرانایە ئەو کاتە

هونەری عارف دەردەکەوت»(١) • نەك هەر ئەم خۆزگەیە پرۆفیسۆر دکتۆر (عیزەددین مستەفا)ش وەك بیر خستنەوەیەك ئەمەی خستۆتەوە بیرمان «شاعیریك بوو زەوقێکی ئەدەبی بەرز و شیعری کلاسیکی جوانی هەبوو چاوەڕێی ئەوەین کە دیوان و ژیانی ئەدەبی بە چاپ بگەیەنرێت»(٢) • وە مامۆستا عەلی کەمال باپیری شاعیر لە بابەت شاعیرەوە دەڵێت : «عورفی لە کۆنەوە هەڵبەستی وتووە بەڵام بە داخەوە لە بەر کار و باری زۆری خۆی بۆی نەکراوە هیچی تۆمار بکات تا لە ساڵی ١٩٥٩دا دەستی کرد بە تۆماری دیوانەکەی کە تا ئێستا لە چاپ نەدراوە»(٣) •

ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر هەستم بەرامبەر بە شاعیر بجوڵێ ر خۆم ئامادە بکەم بۆ نوسینەوەی شیعرەکان و ساغکردنەوەی ••• لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی کارێکی ئەوەندە ئاسان و لە بار نییە کە بە بێ کەمو کوڕی لە دەستی من بێت بەڵام سۆز و هەستم بەرامبەر بە شاعیر کە (٢٤) ساڵی رەبەقە سەری ناوەتەوە و دیوانە دەستنووسەکەی هەروا ماوەتەوە(٤) بیرم کردەوە هەرچۆنێك بێت دەستی بدەمێ و ساغی بکەمەوە لەوە چاکترە کەوا بێ‌ناز بمێنێتەوە ، سوپاسی بنەماڵەکەیان دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ رەخساندم کە بەم کارەم خزمەتێکی پیرۆزی وشەی کوردی بکەم •

---

(١) مامۆستا نەجمەددین مەلا لە رۆژنامەی ژین ژمارە ١٣٧٠ و ١٣٧١ ساڵی ١٩٥٧ وە ژمارە ١٥٨٥ ساڵی ١٩٦١ باسی ژیان و بەسەرهاتی شاعیری کردووە و پارچە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە •

(٢) بڕوانە پێشەکی دیوانی کاکەی فەلاح نووسینی دکتۆر عیزەددین مستەفا ٠

(٣) عەلی کەمال باپیر لە کتێبی «گوڵ دەستەی شوعرای هاو عەسرمدا» باسی ژیان و پارچە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە هەر ئەو پارچە شیعرەیە کە مامۆستا نەجمەددین مەلا بڵاوی کردۆتەوە ٠

(٤) بۆ ساغکردنەوەی ئەم دیوانە یەکەم جار دیوانەکەی شاعیرم لە بەر دەستا بوو پاش ماوەیەك ئەو دەستنووسەی کە لای (شێخ مستەفا خاڵ) بوو وەرم گرت کە چەند شیعرێکی شاعیری تێدا بوو بە مانا سوودم لە هەردووکیان وەرگرتووە و جیاوازیەکانم لە پەراوێزدا نوسیوە ٠

# (ژیان و بەسەرهاتی شاعیر)

ئەم شاعیرە پایەبەرزەمان «عارف» کوڕی «شێخ مەحمود» کوڕی «مەلا نصراللە»ی قازی‌یە لە ساڵی ١٨٩٦ی زاینی لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە نازناوی شیعری «عورفی»یە و هەندێ جار «عارف»یشی بەکار هێناوە و لە خۆشەویستیدا پێیان دەووت «عارف قاپ رەش»(١) • هەر بە منداڵی دایك و باوکی کۆچی دواییان کردووە و مامی پەروەردەی کردووە و بە تۆیەتیە لای خۆی••• لە تەمەنی منداڵیدا ناردویانەتە حوجرە و خوێندنی قورئان و کتێبە دانراوەکانی ئەو سەردەمەی تەواو کردووە هەر لەو تەمەنەدا نیشانەی بلیمەتی و زیرەکی تێدا دەردەکەوێت ، پاش تەواو کردنی خوێندنی حوجرە دەیخەنە قوتابخانەی سەرەتای و لە تەمەنێکی زوودا خوێندنی قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری تەواو دەکات دەیەوێت بچێت بۆ بەغداد بۆ خوێندن ، شەڕی جیهانی یەکەم هەڵدەگیرسێ و ڕێگای ئەو ئاواتەی لێدەگرێت ، هەروا دەمێنێتەوە تا بە هۆی حاجی مستەفا پاشا یامولکی دادەمەزرێت بە بنوس (کاتب) لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیس بەو نیازە لە ماوەیەکی کەمدا شوێنێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە ، بەڵام لە شەڕەکەدا بە دیل گیراوە و نێرراوە بۆ هندستان ، پاش کۆتایی جەنگ و دامەزراندنی حکومەتی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ خاکی نیشتمان و چۆتەوە سەر ئیشەکەی خۆی تا ساڵی ١٩٢٧ دەچێتە دەورەی (مفەوضی) و ماوەی (٣) سێ ساڵ بە مفەوضی دەمێنێتەوە لە پاشدا دەچێتە دەورەی (معاونی) و پاش تەواو کردنی دەورەکە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لە پاشان بۆ هەڵەبجە و پێنجوێن و قەڵادزێ و چوارتا و لە پاشدا دەیگوێزنەوە بۆ هەولێر(٢) و لە ساڵی ١٩٤٩دا خانەنشین دەکرێت • مامۆستا نەجمەددین مەلا

دەڵێت :

«گەردوشی رۆزگار عـارفی خستبووە پایەی پۆلیسی‌یەوە لـە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا و نزیکەی (٢٥) ساڵ معاونی پۆلیس بوو بێ ئەوەی زیان بە کەسێك بگەیەنێ و کەسێك لێی دڵ زویر بێ»(٣) •

لە بەرە بەیانی رۆژی ١٩٦١/١/١ بە نەخۆشی دڵ گیانی پاکی بە خاك سپاردووە و لە سەر راسپاردەی خۆی لە گردی سەیوان نێژراوە •

تافی جوانی چوو نەما کەوتویتە حاڵی غەرغەرە
وا ئـەزانم ئینتیزاری قەبـرەکەی سـەیوانتە
گردی سـەیوان حورمەتی میوانـەکانت راگرە
پەنجو دوو رۆژێکی‌تر وا (عارف)یش میوانتە(٤)

---

(١) قاپ رەش : بۆیـە پێیان وتووە (عارف قاپ رەش) چونـکە زۆر ئازا و جەسوور و جەربەزە و چاو نەترس بووە لە هەموو یارییە کوردیەکاندا پلەی یەکەمی سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا ، لەگەڵ ئەمەشدا سەرکردەی کوڕانی گەڕەك بووە لە شەڕە گەڕەکدا و لاقەکانی زۆر توو‌کن بوو بە تایبەتی بـەشی قـاپی پێی زۆر رەش دیار بـوو ، وە ئەو کەسـانەی کە ناسراو و دیـار بوون هەر یەکە نازناوێکی تایبەتی هەبوو جـا ئەم (قاپ رەشە) بووە بە نازناوی عورفی •

(٢) مامۆستا عەلی کەمال باپیر دەڵێت : (لە ساڵی ١٩٣٨دا دەستی لە ئیش کێشراوەتەوە) راستیەکەی نەکێشراوەتەوە بەڵکو لە شاری سلێمانی دوور خراوەتەوە •

(٣) مامۆستا نەجمەددین مەلا دەڵێت : « (٢٥) بیست و پێنج ساڵ معاونی پۆلیس بووە» بەڵام راستیەکەی ئەوەیە من نووسیومە ئەویش لە نووسینێکی شێخ محەمەدی ئامۆزای وەرم گرتووە کە هاورێیەکی گیانی بە گیانی شاعیر بووە و شاعیر (١٩) نۆزدەساڵ معاونی پۆلیس بووە چونکە ساڵی ١٩٣٠ چۆتە دەورەی معاونیەوە •

(٤) دەڵێن شاعیر چەند رۆژێك پێش مردنی پێشبینی مردنەکەی کردووە و ئەو شیعرەی وتووە •



کوردیکا

# عـــــــورفی

له رۆژنامەی **هاوکاری** ژمارە (٤٦٦) ساڵی **١٩٧٩** ئەم نووسینەم لە سەر شاعیر بڵاوکردەوە وا لێرەدا دەقی ئەو نووسینە دەخەمە بەرچاو •
(ئومێد)

عورفی ئـەو شاعیرە بەرزە ناسراوەیـە کە بە هۆی تـاکە هۆنراوەکەی جەژنی قوربانەوەی ناوبانگی پەیدا کردووە و هەموو ساڵێك لە نزیكبونەوەی کاتی قوربانیدا هۆنراوەکەی دێتەوە یادمان :

جەژنی قوربانــە بەقوربان نۆبــەتی قوربانییە
بۆ تۆ قوربانی بەقوربــان گیانی من قوربانتە

ئیتر زۆر کەم لـە هەڵبەستەکانی ئەم شاعیرە مەزنەمان کەوتۆتـەوە بەر دەست ، لەگـەڵ ئەوەشدا خاوەنی چەندەهـا هەڵبەست و غەزەلی پـڕ سۆز و هۆنراوەی نیشتمانی و کۆمەلایەتی و دلداریيە ، ئەگەر بە وردی هەڵبەستەکانی بخوێنینەوە هەست بـەوە دەکەین هـەر یەکە تام و چێژێکی تایبـەتی هەیە و خوێنەر دەجولێنێ کە یەکە و راست لە دەروونی ئەو شاعیرە بکات •

لە بەشی شیعری نیشتمانیدا دەڵێین عورفی شاعیرێکی نیشتمان پەروەر و نەتەوە ویست بووە خۆشەویستی گەل و نیشتمانەکەی وا لە دلیدا چەسپیوە کە هەمیشە لە بەرچـاو و لە ناو دڵیا بووە لەگەڵ پەژارە و ئازارەکانیـدا ژیاوە و خۆی کردووە بە قوربانی :

ئەی وەتەن رۆحی رەوانم قۆچەکەی قوربانتم
سەر لێشێواو دڵسوتاوی دەردی بێ دەرمانتم
ئاه چ دەردێکە ئەیچێژم ئەی وەتەن بۆ حاڵی تۆ
ئەشکی چاوی من دەلیلە رۆژ و شەو ، گریانتم
موشکیلە دەس هەڵگرم لێت خاکی شیرینی وەتەن
ئاخری عومریش ئەسیری خاکەکەی سەیوانتم

لە هەموو بیرەوەرییەکی یادی نەورۆزدا گڕو گڵپەی ئاگری نەورۆز لە دڵیدا جۆشی خواردووە و شاعیری جولاندووە کە بڵێت :

بەهارە رۆژی نەورۆزە ، بەڵێ رۆژی ژیان و ژین
گوڵی غونچە لەگەڵ بولبول ببەستن با گرێی کابین
گوڵاڵەی سووری سەر گۆنای ئەم جۆرە جەوانانە
لە سەرچاوەی دڵم ئەڕژێتە خوار خوێنی جگەرمانە

چۆن پیرەمێردی مەزن چلورەی گوێسوانەی بە پڵپڵەی زیوینی کچە کورد شوبهاند (عورفی)یش خاڵ خاڵی بەفری ئەو کێو و کۆسارەی بە خاڵی سەر گۆنای کەنیشکی کورد دانا :

سەحەر هەستام لە خەو بیستم کە ئیمڕۆ رۆژی نەورۆزە
شیعاری کوردە لای یەکتر بڕۆن بۆ جەژنە پیرۆزە
کە خاڵ خاڵ کەوتە سەر بەفری سەر ئەو کێو و کۆسارە
ئەڵێی خاڵی سەری گۆنای کەنیشکە کوردی نازدارە

هەر وەکو هەموو شاعیرەکانی‌ترمان عورفی کەوتۆتە باسی دەوری فەلەك

که چەند پێچو پەناو زەبوونی و کڵۆڵی هێناوەتە سەرمان و هەمیشە لەگەڵماندا دەوری خراپەکاری و دوژمنایەتی بووە تا شاعیری بێزار و بێتاقەت کردووە :

**ئەگەر وابێ هەتا سەر لە فەلەك خێرێ نەبینم**
**ئەوا بەخوا ئیتر هەقمە ئەگەر چاووم بگرێنم**
**چیم دیوە ، بەچی بم ، بەچی بووم و بۆچی هاتووم**
**دنیایە لە لام هیچە ، نەمما تاقەتی ژینم**

شەوێك داخۆ مەراقی زەمانە لە مێشکی شاعیردا خول دەخوات و ئەوە دێتەوە یادی کە هەمیشە لە دەستی چەرخی چەپگەرد خەریکی شیوەن و ناڵین بووە بۆیە لە داخدا دەڵێت :

**فیکری من هەر شەو کە یادی عوشرەتی پێشو ئەکا**
**سینە بوریان چاو بەگریان تا سەحەر کوو کوو ئەکا**
**وەسفی کەن ئەوزاعی منە نازانێ تیفلی نا بەکام**
**دڕك و داڵە راخەرم داوای سەرینی قوو ئەکا**
**من دەمێکە بووکی دەورانم تەڵاق داوە سێ بەسێ**
**بەهەی ئیستهزاء ، ئەجەل دێ بووکەکەم باربوو ئەکا**
**تاقەتی ژینم نەماوە کەوتومە غەمی سەفەر**
**بووکی دەورانم بە عەشق ، تازە داوای شوو ئەکا**

دەتوانین بڵێین عورفی وێنەیەکی بێکەم و زیادی شاعیرە دێرینەکانە و سەردەمی ژیانی لەگەڵ زۆربەیاندا بەسەر بردووە لەسەر ئەو شێوە کلاسیکیە رێبازی ئەدەبی گرتووە ... ئەوەندە هەیە ئەم وشەی نوێ و بێتوێکڵی بەکار هێناوە و هۆنراوەکانی بە وشەی سادە داڕشتووە و خوێنەر بە زوویی

تێدەگات و ئەمان‌خاتە سەر ئەو رایە کە بێێن عورفی شاعیرێکی سۆفی ئەقڵدار و وەفادار و خۆبەخت‌کەر بووە هەمیشە وەکو پەروانە لە پێناوی عەشقەکەیدا سووتاوە :

**خۆزگە ئەمـزانی دڵی من بۆچی وا حەیـرانتە**
**هەر وەکو پەروانە دەوری شەمعی رووی جانانتە**
**دڵ بـە دڵ بوو بە رابەرت ئیختیـاری پێ نەما**
**دائیمـا فەرمانبـەری فەرمانبـەری فەرمانتـە**

عورفی شـاعیرێکی دڵخواز و دڵتەڕ و بەوەفـا بووە و کەوتۆتـە داوی چاومـەست و ئەبرۆ کەمـان و زوڵفی خاوەوە بـە وردی باسی کـردوون و شوبهاندوونی بەم جۆرە بۆ گوڵزارەکەی رامان دەکێشێت :

**مەیاڵۆزێنـــە زوڵفت مەیخـەرە بـــەر دانەی شـــانە**
**بە شکڵی ئێستەکەی جوانــە کەوا پەخشانی سەرشانە**
**مەیەڵـە ناحـــەزانت چاو ببـڕنە باغچـەی سـینەت**
**مەبادا دەس بهـاوێژن بـۆ نـاو ئـەو باغ و بێســتانە**

زورپەی شاعیرەکانمان باسی مانگیان کردووە لە شەوی چواردەمیندا بە رووی دڵدارەکانیان شوبهاندووە ، بگرە زۆر جاریش رەواجیان شکاندووە و نەگەیشتۆتە جـوانی رووی یارەکانیـان ... ئینجـا لە داخدا مانـگ کەمی کردووە و تواوەتەوە لەم رووەوە عورفی دەڵێت :

**کە چاوم کەوت بە خاڵی رووی سەری سینە تەحیورمام**
**کە بـەم بێوەختیـە دز چی ئەکا لەم بـاغ و بێســتانە**

**ئەزانم نــازە روو پۆشت کــە تەشبیهی بــکەین ئیمڕۆ**
**بە مانگی هەشت و چوار و دوو لە ژێر هەورا کە پەنهانە**

«عەلی عارف ئاغا» هەر زوو وتی تۆ بتی من ئەتپەرستم •• بەڵام عورفی لەم رووەوە دەڵێت :

**ئەو شــۆخە کە هاوســوحبەتی ئەیامی غەمــم بوو**
**داغی جــگەرم بــۆچی لــە پڕ دەرچوو لــە دەســتم**
**تەئســیری فــیراقت منی خســتۆتە خەیــاڵی**
**لــەو رۆژەوە ئەترســم کــە بــڕۆم بت بپەرســتم**

ئازارو دەردە سەری و بێوەفای و پەیمان شکاندن روو بە رووی شاعیر بۆتەوە ، ئاوات بەو کەسە دەخوازێت کە مەیلی دڵداری نەبووە :

**خۆزگەم ســەد خۆزگەم بەوەی مەیلی بە دڵــداری نییە**
**ئەو کەســەی یاری نــەبێ مەعلــومە ئــازاری نییە**
**من لە ژێر بــاری غەمــا عــەینی کەمانە قامــەتم**
**خــوا پێــداوی واش هەیــە روو قائیمــە باری نییــە**
**خۆ بــە شمشێری بــرۆ و مــوژگانی دیــدە کوشــتمی**
**هێنــدە نامــەردە بــۆ ئــەم جورمانــە ئیقــراری نییــە**

هەڵبەستە دڵداریەکانی زۆرن و هەر یەکە مەبەست و مانایەکی هەیە بەم پارچەیە کۆتایی بە هەڵبەستەکانی دەهێنم :

**وەقتێ یــارم ویســتی زوڵفی خۆی بــە روودا شانەکا**
**وا ئــەزانم شــێخ لــە من زووتــر بــەرەو مەیخــانەکا**

کوردیکا

رابکێشێ خەنجـەری موژگانی بە قەسدی کوشـتی من
شەرتە شـەرتی پیـاو هەتـا ماوە لە روویـا را نەکا

پێش پێنـج شـەش رۆژی پێش مـردنی ئەم چەنـد دێڕەی بـۆ خۆی گوتووە :

تافی جوانی چوو نەما کەوتویتە حاڵی غەرغەرە
وا ئـەزانم ئینتیـزاری قەبرەکەی سـەیوانتە
گردی سـەیوان حورمەتی میوانەکانت راگـرە
پەنجو دوو رۆژێکی تر وا (عارف)یش میوانتە

بە راستی عورفی شاعیرێکی بلیمەت و لێهاتووی بە دەستەڵات بووە کە لە ریزی شاعیـرە پێشکەوتووەکانی گـەلی کوردمانـدا دادەنـرێت و خزمەتێکی تەواوی ئەدەبی کوردی کردووین ••• بەڵام بە داخەوە تا ئێستا مافی خۆی پێنەدراوە و دیوانـەکەی چاپ نەکراوە ، دیوانـەکەی بە خەتێـکی شکستەی فارسی نووسراوە و ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە دەبێ شارەزایی لە نووسینەکەدا هەبێت و وشـەکان بناسێت ، من بەش بە حاڵی خۆم ئەم لێکۆڵینـەوە کورتەم لەسەر دەرهێنا هیوادارم کە ئاوڕێك لەم شاعیرە بدرێتەوە و دیوانەکەی چاپ بکرێت تا ئەوەندە تەپ و تۆزی لێ نەنیشێت و هەروا نەمێنێتەوە(١) •

(١) پـاش بڵاوکـردنەوەی ئـەم نووسـینە دەستم کـرد بە ئامادەکـردن و ساغکردنەوەی دیوانەکە بە رەزامەندی بنەماڵەکەیان بە تایبەتی مامۆستا عومەر و مامۆستا هەڵگورد کە دوو کوڕی شاعیرن •

## (چ خۆشه سوبحەدەم رووی کەینە سارا)

چ خۆشە سوبحەدەم رووی کەینە سارا
خسوسەن وەختی گوڵ فەسڵی بەهارا
بە تانە پێم ئەڵێ سەیری کە عورفی
پەکی کەوتووە ئەما هیچی لە بارا
برای شیرینەکەم مەنوارە پیریم
دڵم رائەچڵەکێنێ بووك و تارا
هەزاران تیری تانەم تێ بگیرێ
دەس هەڵناگرم ئەگەر بمکەن بە دارا
وەرە بنوارە یاری من کە وەختێ
لە بەرکا سوخمەیی زەربەفت و غارا
فیدای خاڵێکی هیندووی بم بە شەرتێ
دڵم بێنێتە جێ ماهی دڵ ئارا(١)
نەمردمایە هەتا ئەمزانی بۆچی
چ رووی داوە لە من وا چوو بە قارا
عەشق بەحرە کە عاشق تیا نقوم بوو
چ باکیەتی لە تانە و عەیب و عارا
لە مردن دوور ئەبم گەر رابوێرم
لەگەڵ دڵدارەکەی ئەمساڵ و پارا(٢)
بیاویک نوبتی نظر کن
بفرما این نظر بهر خدارا
نویستم نامە نزدیک جانان
فرستم نامە باباد صبارا

(١) دڵم بێنێتە جێ یاری دڵ ئارا •

(٢) لەگەڵ دڵدارەکەی پێرار و پارا •

## (نووری ماهم بوو کە کیسرا هەم مەداینی شکا)

نووری ماهم بوو کە کیسرا هەم مەداینی شکا
نەك مەداین هەر بە جارێ دین و ئایینی شکا
ناوی یاری من کە کەوتە ناو گلێسای عیسەوی
زوو لە ئیمان وەرگەڕا ، قەس کۆڵەکەی دینی شکا
ئاسمان ئەو وەختە دی یارم لە سەدرەی مونتەها(١)
ڕەونەقی مەه ، زینەتی خۆر ، قەدری پەروینی شکا
هەر کە قەوسی تاقی ئەبرۆی بوو بە میحراب و ئیمام
ئیبتیدای ئەلحەمدی خوێند و حەرفی ئامینی شکا
گەر لە ناو باغا چراخی ڕەونەقی رووی هەڵگرێ
قیمەتی گوڵ ، بۆیی سونبول ، ڕەنگی نەسرینی شکا
ناوی فەرهاد کەوتە بەزمی خوسرەوی پەروێزەوە
قیمەتی بازاڕی حوسنی شۆخی شیرینی شکا
قووڕ بە سەر فەغفوورە ، یار زوڵفی بە رووودا شانە کرد
توورە توورە ، چین بە چین ، بازاڕی ماچینی شکا
( عورفی ) لەو ساتەی لە یاری باوەفای دوور کەوتووە
بۆیە بێچارە بە جارێ عەقڵی پێشینی شکا

---

(١) سەدرەی مونتەها : ناوی درەختێکە لە نزیك بەهەشتەوەیە هەرچی گوفتار و کرداری بەندەکان هەیە لەوێدا دەکرێت وە فریشتەکانیش تا ئەوێ ڕێیان هەیە بڕۆن ، لەوەولا کەس نازانێ چی هەیە وە جبرەئیل توانی لە شەوی میعراجدا لە خزمەت پێغەمبەرا تا ئەو شوێنە بچێت ، لەوێ ئیتر وەستاوە •

## (فیکری من هەر شەو)

فیکری من هـەر شەو کە یـادی عوشرەتی پێشـو ئەکا
سینە بوریان چاو بە گریان تـا سەحەر کوو کوو ئەکا
وام لە حاڵی نـەزع و سـینەم لێئـەدا عـەینی دەهۆڵ
مامە دەروێشیش بـە دەورا زکـر و هایـو هـوو ئەکا
وەسفی کـەن ئـەوزاعی من نـازانی تیفلی نـا بـەکام
درك و داڵــە راخـەرم داوای سـەرینی قـوو ئـەکا
چەرخی گـەردونیش دەمێ سـاڵە سواوە چـەرخەکەی
بۆیە ئێجـگار مەکـۆکەی ریسی تاکـو لوو ئـەکا
ئاشەکەی موحتـاجی بیرازکردنـە ، بەرداشـەکەی
ئاشـەوان بۆیـە شـەو و رۆژ ئاش بەتـاڵی بـۆ ئەکا
من دەمێـکە بـووکی دەورانـم تـەڵاق دا سێ بـە سێ
بەهری ئیستیهزاء ، ئەجەل دێ بووکەکەم باربوو ئەکا(١)
واسـیتەی بێ دینیـە وا ( ناصـحی شر العمـل )
ئەهلی ئـەم دەور و زەمانـە گشـتی وا بەدخـوو ئەکا
تاقەتی ژینـم نەمـاوە کەوتمـە سەر عـەزمی سـەفەر
بووکی دەورانـم بە عیشـوە تـازە داوای شـوو ئەکا
ئاگرم تێ بەربـووە وەختـە کڵـو کـۆی دامـرێ
یاری بەدبـەختیش لـە لاوە جـار بـە جارێ فـوو ئەکا
کەوتمـە بـەر دەور و زەمـانێ دین و ئیمـان پـارەیە
قەسدی زینـدوو سەرو رنین و کفنی بـەر مردوو ئەکا

فەرقی ساحیب دین و لا دین ناکرێ لەم رۆژەدا
مامە سۆفیش جار بە جارێکی لە شێوەی جوو ئەکا
واعیز تانە نەهاوێژێتە سەر ئەشعاری من
بۆ هەجوو تیغی زوبانی ئێمە لا لا موو ئەکا
( عورفی )ا وا دیارە بەخوا شاعیرێکی کامیلی
شێوەی شیعرت لە شێوەی شیعری خاجوو ئەکا(۲)

---

(۱) ئیستهزاء : گاڵتە پێکردن •

(۲) خاجوو : یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی فارس •



کوردیکا

# ( وەختێ یارم ویستی )

وەختێ یــارم ویستی زوڵفی خــۆی بە روودا شــانە کا
وا ئەزانم شــێخ لە من زووتــــر بەرەو مەیخانــــە کا
رابکێشێ جەنجەڕی موژگانی بــە قەسدی کوشتی من
شەرتە شــەرتی پیاو هەتــا ماوە لــە روویــا رانــەکا
شەمعی رووی جانانە هەر وەختێ لــە مەجلیس هەڵکرا
بێشکە عاشق بــــە دەوریا عـــەینی وەك پەروانــە کا
فکری وا بــوو ، تێگەیشتم ئاخــری غایــەی چی بــوو
بۆ رەقیبێ روو لــە ئێمــــە وەربگێــــڕێ خــوا نــەکا
ناز و عیشــوە بــۆ هەناســەی دەردە داران چــا نییــە
نەك خوا گــیربێ بڵێــن پێی بۆ خـــوا ئاوا نـــەکا(١)
بگرێ پەندم عاشــقێ گەر بیــــدەوێ رسوا نـــەبێ
قەد وەفا و عەهــد و ســـەفا لەو دولبـــەرە داوا نەکا
چاوەکانم ، چاوی من لــەو رۆژەوە چــوون بۆ ســەفەر
ســاتێ نەمدیــوە لــە دووریت شــین و واوەیــلا نەکا
مەتڵەبی یــار ، خاڵی لای لێــوی کە دەرخا جار بــە جار
عاشـــقی بێچـــــارەیی ئـــــاوارەیی وێرانــــــە کا
ئێمە دەردی عاشــقی و جەوری زەمانمان بــردە سەر(٢)
دەس لە دەس چــوو وای درێغا یــار ئەگەر بــڕوا نەکا

---

(١) دەك خوا گیربێ بڵێن پێی بۆ خوا ئاوا نەکا .

(٢) ئێمە دەردی عاشقی و جەوری زەمانمان گردە بەر .

## (ئەگەر دولبەر بە دڵ ڕۆژێ وەفا کا)

ئەگەر دولبــەر بە دڵ ڕۆژێ وەفــا کا
بە رووی راستی ئیتر تەرکی جەفا کا
سەرو ماڵم فیدای خاڵێــکی هیندووی
ئەگەر تــەرکی جەفا بەهری خــودا کا
خــودا هەڵناگــرێ ئەسبابی چی بــوو
بە وێنــەی پەرچــەمی ڕۆژم ســیا کا
وەکــو ئێمــە ئەگــــەر ڕۆژی ڕەقیبێ
بە دەس جــەور و جەفاوە موبتــەلا کا
بە سەر گەردی ئەبم ڕۆژێکی سەد جار
لە سەر ئێمــە ئیتر تەرکی جەفــا کا(۱)
لەسەر چی‌بوو ، گونەهـ چی‌بوو دڵی من
دوو چاری زەخمی شمشێری قەزا کا
وەکــو زانیومــە دولبــەر بێ خەتایــە
خەتای بەچچــە بێ ، نابێ خەتــا کا(۲)
بە ناز و عیشــوە تەشریفی بفــەرموێ
بــــرینی دەردی دڵ ئەمجـــا دەوا کا
لە دونیــادا هەتاکو مــاوە ( عورفی )
لە خۆشــیانا ئەبێ دائیم ســەما کا(۳)

---

(۱) قافیە دووبارە بۆتەوە •

(۲) خەتای بەچچە : بەچکە ئاسکی ناوچەی خەتا و خوتەن •

(۳) لە خۆشیانا ڕۆحی خۆی لە ڕێگە فیداکا •

## (وەهام زانی ئیتر دولبەر)

وەهام زانی ئیتر دولبەر بە هیچ جۆرێ جەفا ناکا
خودا بیگرێ چ بەدبەختێکە هیچ مەیلی سەفا ناکا
فکر ڕۆیی لە خانەی کەللەدا زائیل بووە بە یەکجاری
دڵ و دین ماوە لامان با ئەویش ئەمجارە یەغما کا
نیازم دەست و دامەن بوو کە گوڵزاری ڕۆخی بینم
لە ترسا خۆم ئەپارێزم مەبادا فیتنە بەرپا کا
وەڵا بوو مامەڵەی ماچی نەوەك تۆ بیدەوێ هەر کەس
لەگەڵیا بێتو سەوداکا ئەبێ خۆی تووشی سەودا کا
هەتا ئیمڕۆ ئەگەر ئومێدی لوتفێ بووم ئەویشم چوو
نەتیجەی تەجروبە زانیم بە هیچ نەوعێ وەفا ناکا
لە پێناویا کە خۆم کوشتووە لە پاداشا جنێوە بۆم
کەچی بەدبەختە دەس هەڵناگرێ شەرم و حەیا ناکا
چرای بەختم کە نەتوانێ موقابیل شەوقی رووت شەرکا
چراغی سوبحەدەم غەوغا لەگەڵ شەمسی سەما ناکا
دڵ و گیانم فیدای خاڵێکی هیندووی کردوو ! نازانم
چ رووی داوە سەبەب ئەم خزمەتەی من بۆچی ئەغما کا
نەما تاقەت لە قووەی ( عورفی ) بێچارە ئەمجارە
گوناهی ئەم جوانانە حەواڵەی تیغی مەولا کا

## (ئەگەر چی من لە عومرا چووم بە سالا)

ئەگــەر چی من لە عومــرا چووم بە ســالا
خەیــاڵ ئــەڕوا لەگــەڵ دوو چــاوی کــالا
برادەر بــۆچ ئــەکەی لۆمەم لــە عەشــقا
عەجــەب نەدبیســتووە کالا بــە بــالا
نەمــانێ چاتــرە وەللا لــە بــوونێ
نەبێ دەســتێ بە ســەر روویی وردە خالا
دوو چــاوی من لــە بانی تــەوقی ســەرمە
کە یــار پــۆشی لیبــاسی ئــاڵ و والا
هەموو عومــرم ئــەچێ یەکجــار بە تــالان
نەکەم وەختێ پــەڕەی لای رووی موتــالا
چ خۆشــە رابوێرێ هــەر ســەحەر گاه
لەگــەڵ تــازە گولاڵــەی خــوردە ســالا
لە مــەدحی غونچــە لێــوانی بەڵەك چــاو
دەماغم بــەرز ئەبێ بــۆ ئەوجی بــالا
وەکــو تیغی دەبــانی تازە ســاو بێ
زبــانم مــوو ئــەکا بــڕواکە لا لا

## (چی ئەبێ تەرکی جەفاکەی)

چی ئەبێ تەرکی جەفاکەی سەنەما قەتعی عەزاب
بێیتە سەر رێگەی ئەخلاق و ببیتە ئەرباب
( بیتو ام نیست مجالی دمی خوشنود شوم )
( جانم از بهر خدا روی زمن هیچ مهتاب )
دوور پەرێزیت بۆتە لێم سەبەبی غەمباری
وا لە دووریت سەنەما جان و جگەر بۆتە کەباب
( هر زمان از لب شیرین شما دور شوم )
( دست حسرت بزنم بر سر خودهم چو رباب )
دەستت لێم هەڵگرە دەی بەسیە ئەوەندە لۆمە
کاکی‌خۆم چیت‌ئەوێ‌لێم بۆچیم ئەکەی مەنعی‌شەراب
( محتسب منع مکن وعظ ندارد تاثیر )
( شکل است ترك کنم آخر عمرم می‌ی تاب )
دەردی دووری رووی تۆیە بکە باوەڕ بەخوا
ئاو لە چاوم بە خوڕی تەشکیل ئەکا چەشمەی زاب
( چ خوش است فصل بهار و گل گشت و صحرا )
( با دلارامی بود خاصه در ایام شباب )
موطریبا سازی کە ، ساقی وەرە پڕکە قەدەحت
پێش ئەوەی لاشە بهاوێژنە ژێر بەرد و توراب

## (ئەگەر لوتفت ببێ)

ئەگــەر لوتفت ببێ رۆژی بپرسی چۆنــە ئــازارت
ئەکەم گیانم فیدای زارت کە ناوم بێتە سەر زارت
فەلەك زانی کەئەشعارم لەسەر ئەوسافی رووی تۆیە
(شکاندی پەنجەکەم تاکو نەنووسم وەسفی روخسارت)(١)
دەمێــکە بێ ســەرو شــوێنە دڵی من ، تازە پێــم زانی
ئەسیر ماوە لــە بەندی داوەکەی زوڵفی ســیەھ مارت
مەکە مەنعم ئــەگەر گۆشــە نشینی خەڵــوەتم ئیمــڕۆ
هەمیشە دوور پەرێزم لێت لــە ترسی تەعنەی ئەغیارت
لەجیاتی ئەم هەموو قەهرەی لەرووی تۆوە کە چێشتوومە
خوا نەمهێڵی گــەر حەزکەم ســەری موویە لــە ئازارت
سەبەب من بووم لە تەعریفی خەت و خاڵت کەوا ئیمڕۆ
لە نــاو جــەمعی جوانانــا شــکور وا گەرمــە بــازاڕت
لە سەر وەســفی گوڵی رووتا ئەبینم جوملــە ئەشعارم
کە شــیرینە بــە شــیرینی وەکو لێــوی شــەکر بارت
لــە هیــچ لایێ ، نــەبێ لایێ عیـــلاجی دەردەداریێ کا
ئیتر ( عورفی ) بۆ لای کێ بەی بپرسێ دەرد و هاورت

---

(١) نیوە بەیتی شیعری طاهر بەگی جافە .

# (پەرێشـــانە دڵم)

پەرێشانە دڵـم بە خـوا بە دەسـتی داو و تـەزویرت
چ فکرێکت هەیـە قوربان بفەرمـوو رای و تەدبـیرت
فەقیرە ، بێکەسـە ، مەزڵـومە ، توخـوا وازی لێ بێنە
ئیتر بـەس بێ ، بکە خێرێ لـە رێگەی بـاو و باپیرت
گوناهی چی بـوو ، نازانم خۆ هیچ کەعبـە نەڕووخاوە
هەتاکەی هـەر بمێنێ دڵ ئەسـیری بەنـدی زنجـیرت
تۆوە دائیـم مەزرەعەی غەم تـا بچێنی بـۆ منی مەزڵوم
منیش بێ جەبر و تەکلیف ئـەی عەزیزم ئەبمە ئاوێرت
ئەوەنـدەی من کە تەعـریفی قەد و باڵات ئـەکەم ئاخۆ
بووە مەعلـوم کـە دڵگـیری وەیـاخو بۆتـە دڵگـیرت
پەشێوە شێوەی خورشید و مـاه شێوەت تەماشاکەن
پەشـیمانی ئەکێشن ماه و خـۆر گەر بێنـە تەعبیرت
چ شێخێکە ئەوەی تۆی وا نەسیحەت کرد بۆ ئەم غەدرە
بەسە دەس هەڵگرە سـۆفی بە حەقی حـەزرەتی پیرت

## (گلەیی لە یاری بێوەفا)

برینــداره دڵ و گیــانم بــه نــووکی تیری مــوژگانت
بەسم بێ ئــەم بریناـــەم دەخیل دەستم بـــه دامانت
نەبەڕرابم لــه دینی مســتەفا گــەر پێت بکەم بــاوەڕ
بــه وێنــەی ئاگــر و ئــاوی ، دەقیقــه نیتــه ئامــانت
هەتاکەی دوور پەرێزی کەی ، خودا هەڵناگرێ بەس بێ
شەو رۆژێ بســووتێ دڵ لــه تاوی دەردی هیــجرانت
برینــداری خەدەنــگی تیری غەمــزەی خــۆت بلاوێنــه
وەفای بــۆ خــوا رۆژێ بپرســـه چۆنـــه زامـــانت
دیواری عومرمــه مائیــل ، وەکو عەقــڵم بــووه زائیل
پەرێشان خاتــیرن هەردوو وەکــو زوڵفی پــەرێشانت
کەمێکه تیلی چــاوانت ، ئەگەر چی لێت نەبۆتــه عەیب
خوا خوامــه دیسان دەســتی شکایه خــۆزگه مامــانت
ئەگەر ویجدانت بێ حەقم ئەدەیتێ چونکی ئەو وەختەم
رووناکه نــووری چــاوانم که چــاوم بێ لــه چــاوانت
له جیاتی ئەم هەموو جەورەی له دەستی تۆوه چێشتوومه
هەتا مــاوم به جــان و دڵ مــوتیعی ئەمــر و فەرمــانت
دەوای دەردی دڵی (عــورفی) تــەبیبی لێوی ئــاڵت بێ
به ماچێکی دوو لیمــۆت چۆن نەبێ موحتــاجی دەرمانت

## (ئەی بادی سەبا)

ئەی بادی ســـەبا هەستە بـــڕۆ بۆم بە وەکالـــەت
بۆ خزمـــەتی ئـــەو یـــارە عەزیـــزە بە دەلالـــەت
عەرزی بـــکە خوا بیگـــرێ لە بۆ عەهـــد و وەفاکەی
هەڵنەبڕێ هەتـــا مـــاوە ئەبەد چـــاوی خەجاڵـــەت
من بووم سـۆپەری چـاوی بـەد و ئاخـری چـۆن بوو
پـاداشی هەمـوو چاکەیـــەکم ، شـــەرتی عەدالـــەت
وەڵڵاهی نەبــووم موستەحەقی ئــەم هەموو زەجــرە(١)
کە پێی گوتـــم بمهاوێـــژە ناو چـــەهی زەلالـــەت
ڕۆژی ئـەزەل ئەبــوایە نەچوومـــایە مەســـافی(٢)
نەمزانی ملم بشـــکێ ئەمـــەم کـــرد لە جەهالـــەت
خێرم لـــە تۆ نـــاوێ ، وەرە لێـــم لادە شـــەڕیشت
دەس هەڵگـــرە لێم تـــوو بی خودا بەســـیە ڕەزالەت
تا ماوە حەیـاتم تـــەرکی بکەم بـــەزمی حەریفـــان
چۆن جارێـــکی تر خـــۆم بخەمـــە بەحـــری مەلالەت(٣)

---

(١) زەجر : ئازار ، نارەحەت •
(٢) مەسافی : مەیدانی جەنگ •
(٣) مەلالەت : دڵتەنگی •

# (جەوانم وا دڵی گرتووم سەبووریت)

جەوانم وا دڵی گرتووم سەبووریت
هەتاکەی هەر بناڵم من لە دووریت
نەخۆم تەفرە بە لوتفی پەنجو و دوو رۆژ
ئەزانم ئاخری لێشم ئەبووریت
ئەزانی دەرد و بۆچی لێم ئەپرسی
کە بۆچ وا زەرد بووە گۆنای سووریت
هەموو دونیام لە لا بۆشە بەقوربان
ئەگەر رۆژێ ببینم رووی حۆریت
بە دەستی جەورەوە گەر ببینێ حاڵم
لە ناو غەم مامم و تۆیش دائیم مەسرووریت
ئەزانی کێ منی کردە شیعە مەزهەبی
ساحەی سەر جەبینت ، بەردە مۆریت
خوا خوامە جەوانم تاکو ماوی
لە دونیادا بە خۆشی رابوێریت
نیازت رەحمە بۆ حاڵی منی زار
لە عەزرەت چاوی تۆ نەمرم لە دووریت
کەوا بوو تاکو ماوی ناوێ دەرکە
کلاوێکی بەڕەحمەت بوو لە سەر کە
گوناهم چی بوو با لێشم ببووریت

کوردیکا

## دەرحەق شەخسێك(١)

دەستی ئەمەلت کورت و لقی نەخلی تەمەع قووچ
بـەم پـیریە کەوتویتـە خەیـالاتی پـڕ و پـووچ
دونیایـە هـەزاری وەکـو تۆی کـوشت و فڕێدا
جێی عەجەب و تەکەبوور نییە وریابە نەدەی نووچ

(١) شاعیر بـۆ هەنـدێ لە شـیعرەکانی ناونیشـانی داناوە و وەکـو خۆی نووسیومەتەوە • وە ئەو شیعرەی کە بۆی دانەنراوە وا نیوە بەیتی دێڕی یەکەمی شیعرەکەم کردووە بە ناونیشان •

## (گوێ گره لەم گفتوگۆیەم)

گوێ گره لـەم گفتوگۆیـەم ئـەی گەلی بێـداری کورد
تاکو حـاڵی بی لـە ئـەوزاعی زەمـان دەربـاری کورد
ناڵەی کـورد وا گەیشـتە مونتەهـای ئـەوجی فەلەك
نەمدی فریـا کەوتـوویێ رۆژێ بە دەم هـاواری کورد
کورد ئـەبێ تاکەی بنـاڵێنێ بـە ئێش و دەردەوە
کوا پزیشـکێ چارە سـازێ بـۆ دەوای زاماری کـورد
مەصلەحەت وایـە بمێنێ میللـەتی کـورد بێ مەتاع(١)
تاکو ئاڵـۆز بێ بە جـارێ شـۆڕشی بـازاڕی کـورد
کوانێ ساحێب هیمـەتێ ، ئەی کۆمەڵی ئـەمن و ئەمان
غیرەتی هەڵسێ ، قسـەی خێری بکا دەربـاری کورد(٢)
هەر وەکو غەیـر فەرموو تەجهیزی دەمێ بـۆ تەجروبە
رۆژی خـۆی ئەمجا ئـەبینێ قـووەت و کـرداری کورد

.................................................................................................

.................................................................................................

تەفرەقە لاچێ لـە بەینـا دەس بخـاتە دەسـتی یـەك
ئەیبینێ ئـەو وەختـە چۆنە هەڵمـەتی تەیـاری کورد
مـوویی مـەردی لێت روابێ نـابی لایەنگیری غەیـر
دەك خوا گرتـوو بێ هەرکەسێ بییەوێ ئـازاری کورد

---

(١) مەتاع : سامان .

(٢) قافیە دووبارە بۆتەوە .

## (لە تاوی عەشــقی نەوجوانانە)

لە تاوی عەشــقی نەوجوانانــە وا تــەرکی دیــارم کرد
سەبەب ناچارییــە وا کونجی خەڵوەت ئیختیــارم کرد
بەسە بولبول مەنــاڵە ، ناڵە بۆت نابــەخشێ تەئسیرێ
منیش وەك تۆ بۆ گوڵ رووییێ دەمێــکە ئینتیزارم کرد
هەتاکو ئێســتە نەمزانی بــەری داری عەشـــق تاڵە
لە بێ عەقڵیمــەوە بێ تەجروبــە وا زەهری مــارم کرد
لە تاو دەردی فــیراق شەرتە ئیتر شەرتم بچێتــە سەر
لە بازاڕی عەشــق لادەم ، ئــەوا قەول و قــەرارم کرد
هەرچیم بوو سەرف کرا یەکجار لە ڕێگەی عەشقبازیدا
دڵ و دین مابــوو لام تەنها ئەویش قوربــانی یارم کرد
نقودی فکر و هۆشم بوو کە سەرفی رووی جوانان کەم
رەواجی سککەی قەڵبە و لــە سەرمایەشی خەسارم کرد
رەقیبم تــیری تانــە گــەر بهاوێژێتــە ســەر فــەردم
حەواڵەی جووتە جووتە و تەرسەکەی کابرای بەهارم کرد

## (هەوری رەحمەت)

هەوری رەحمەت گەر ببارێنێ لە جێی باران (گوو) هەر
قەترەیـــەکی ناڕژێتـــە مەزرەعـەی ئـەهلی هونـەر
بارك الله ئـەی فەلـــەك میـــزانی عەدلت وا ئـــەبێ
ئەوجی بـالاّ بگرێ جاهیل ، ئـەهلی عیلمیش دەربەدەر
دەوڵەتی دونیـا بە عەقڵ و مەعریفـەت دەس ناکەوێ
ئەهلی عیرفان کەی دەستی کەوت لوقمەیە بێدەردیسەر
هۆشـــدارانی حەقیقـەت وا لـە دەس جـەوری فەلەك
بۆ نیشـانەی تـیری جاهیـل سـینەیان بۆتـە سۆپەر
دەك خــوا بیبـڕێ لـە ژینی وا خـودا داویـە بـە من
موددەتی عومـرم لە خـۆم خێرم نـەدی غەیـری زەرەر
چونکە بێکەس بووم نەبووە کەس لێم بپرسێ وەزعی حاڵ
دادی من پـــرسێ مەگـەر رۆژی قیامـــەت دادگـەر
حاڵی بـووم لەم ئاخـری عومـرە نەمـا بۆم مەرجـەعێ
ئەی فەلەك کۆستت کەوێ بـۆ کوێ بڕۆم ( این المفر )
( عورفی ) تـا ماوی ئەمان قەت نـەکەی قەتعی ئومێد
لوتفی خوا زۆرە کـە بەر عەفوی کـەوی وەختی سەفەر

## (برا هەرچۆنێ بێ)

برا هەرچۆنێ بێ دەورانی ناپاك
بە ناچاریت ئەبا ئەدخاتە ژێر خاك(١)
لە دەستی مەرگ خەلاسیت نابێ هەرگیز
ئەگەر شوێنت بگاتە ئەوجی ئەفلاك
وەرە بۆ تەجروبە سەر دینی ئێمە
لە رێی حەق گرتنا هیچ نابی غەمناك
بە زاری و شینەوە هەڵسە درەنگە
بفەرموو روو لە قاپیی شاهی لەولاك(٢)
گوناهانێ کە کردووتە لە دونیا
لە کۆڵت دا ئەماڵێ گشتی سەر پاك
وەرە ناو کۆڕی یاران و حەریفان
بە دەستووری ئەوان بێ ترس و بێباك

---

(١) ئەدخاتە : ئەتخاتە .

(٢) لەولاك : مەبەست لە پێغەمبەرە .

## (لە کونجی سینە)

لە کونجی سینە دێ دائیم بە کوڵ ناڵەی حەزینی دڵ
بە سەرچوو موددەتی عومری ئەما ئومێدی ژینی دڵ
جەوانم ، مەرحەمەت فەرموو مەهاوێژە تیا پەنجە
دەخیل وریابە با نەکولێتەوە توخوا برینی دڵ
لە بەر لافاوی ئەسرینی دوو چاوی پڕ لە گریانم
لە سەر تا سەر بە جارێ غەرقی خوێناوە جەبینی دڵ
بە شەو لە جیاتی خەو چاوم تەماشاکە چ هەڵڕێژێ
بەزووخاو ڕەشبووەبەستەر لەژێر سەرداسەرینیدڵ(١)
کە من لام گوڵشەنی جەننەت وەکو کولخانی دۆزەخ بێ
ئیتر چی بێنێتە بەرهەم لە گوڵ ڕێحان زەمینی دڵ
دڵی بۆ ڕاگری ئەسراری سینەم بوو ئەویشم چوو
لە کوێ کوا مەحرەمێ تا بۆی بەیان کەم من نهێنی دڵ
لە حەسرەت چینی ئەگریجەت لە پێچی پەچەی ڕووتا
وەکو چینی سەری زوڵفت بووە دیوار و چینی دڵ
دڵێکی فەقر و بێچارە بچێژێ ئەم هەموو دەردە
بەبێ عیللەت نییە ڕۆژ و شەوی ناڵە و گرینی دڵ

---

(١) بەستەر : سەرپێچ •

## (حەیفـە بێ تـۆ)

حەیفە بێ تـۆ ئـارەزووی چەشـمەی کەوسـەر بکەم
گەر بـکەم دڵ موسـتەجابی زەڕبـەی نەشـتەر بکەم
دوێنێ رابووردی ، نیگاهت کرد بە گۆشەی چاوەکەت
کافرم گـەر بـەو نیگاهـەت کافر ئـەر باوەڕ نـەکەم
کونجی خەڵـوەت گـرتن و سـەحرا نشـینم تا بەکەی
ساقیا جـامێ بدە تـا تـەرکی هـەردوو سـەر بـکەم
پەنج و دوو رۆژێـکە عومـر و عاقیبـەت هـەر مـردنە
بۆچی حەسرەتـکێش بمێنـم خوێشم ئاخر شـەڕ بکەم
عەشقبازی و تـەرکی بـۆ ئێمە ، ئیتـر زۆر موشکیلە
تاکو ماوم شـەرتە هـەر مەیلی قـەدی دولبـەر بکەم
ئەی مـەلا تـەخمیسی کە ئـەم نەزمـە بۆ تۆیـە خیتاب
تێکی بشـکێنە سـەراپا تاکـو پێت بـاوەڕ بـکەم(١)

---

(١) قافیە دووبارە کراوەتەوە •

## (هەتـــاكەی)

هەتاکەی گۆشەگیری خەڵوەت و خۆم تووشی سەودا کەم
لەبازاڕی عەشـــقدا شۆڕشی ئەمجـــارە بەرپـــا کەم
یەهـــودی مەزهەبێـــکە وا منی خســـتۆتە بەحـــری غەم
بە هیچ جۆرێ لە ناو ئەم کێـــژی بەحرە ڕێگە دەرناکەم
خەیاڵی شەوقی رووی نەیهێشتووە حەرفێ لە سینەمدا
لەمەولا سەر لە نـــوێ وا چا نە تەدریسی ئـــەلف با کەم
لە دەست ئەم کافـــرە جێگام لە سەر ئەرزا نـــەما ناچار
وەکو عیسا بـــەرەو رووی ئاسمانی چوارەمـــین ڕاکەم
بە کام وەعد و وەعیـــدی ئەم خوا گرتووە بـــکەم باوەڕ
مەگەر ئەســـتۆی لە پاداشـــا حەوالـــەی تیغی مەولاکەم
لـــە لای دولبـــەرم بێـــزارە لێـــم ، لای رەقیب دڵشـــاد
سەرم سوڕماوە لەم‌وەزعەم، لەلای ڕێ عەرزی شەکواکەم
کەوا یارم زویـــربێ ناقـــەتی جـــەریشی نەبێ نـــاچار(١)
دڵ و دین و عەقـــڵ ماوە ئـــەویش ئەمجا بەرەڵـــڵا کەم
موحیببەت ماڵی وێـــران بێ بە جارێ تێکەڵی خـــوێن بوو
بە ناچاری لەگـــەڵ ئەم دەردە دەبێ تا ســـەر موداراکەم
ئەگەر دەرد و غـــەمێ دیومە بە جارێ بیخەمـــە تەحریر
ئەبێ دیســـانەوە من دەفتـــەرێکی تـــازە ئینشـــاکەم
خودایـــا دەســـتگیرم بی لـــە زومـــرەی صاڵحـــانت بم
نەعەم بێژم بە تەنهـــاییت خودا حاشـــاکە حاشـــاکەم
لە بەر قاپی کەرەمتـــا هەڵتروشکاوم وەکـــو ( عورفی )
خودایا نەمکـــوژی تـــا روو لە قـــاپی شاهی لـــەولا کەم

---

(١) جەریش : ڕاگردن ، هەڵاتن .

## (تا نەڕێژی ئەشکی حەسرەت)

تا نەڕێژی ئەشکی حەسرەت دیدەیی گریانی غەم
کەی لە حاڵی زاری من حاڵی ئەبن یارانی غەم
مەزرەعەی غەم دەردی بێ ئاوی ئەکێشێ بۆ خوا(١)
دەست و بردێ دابڕێژە هەوری غەم بارانی غەم
ڕۆڵەی غەم شەو کە دێ جێم ناهێڵێ تاکو سەحەر
دەك خوایا بۆم بهێڵی کۆرپەی نەوجوانی غەم
ڕۆڵەی غەم شەو کە دێ جێم ناهێڵێ تاکو سەحەر
دەك خوایا بۆم بهێڵی کۆرپەی نەوجوانی غەم
شاهی غەم غەمخوارمە ، غەمخۆری عیجزی حاڵمە
چۆن نەبم مەمنوونی لوتفی حەزرەتی سوڵتانی غەم
هەر لە بوونی ئادەم و حەواوە تاکو عەسری حاڵ
کەس بووە حاڵی لە گێژی بەحری بێ پایانی غەم
کۆمەڵی ڕێی حەق پەرستی جەمعی وای بۆ هاتووە
گیرەوەی زیندانی عەشق و من لە نێو زیندانی غەم
تاکو ماوە ئەم دوو سێ ڕۆژە لە ئەییامی عومر
مەصڵەحەت وایە کە ڕابوێری لەگەڵ دەورانی غەم
گەردشی چەرخی فەلەك ڕۆژی ئەزەل وا هاتووە
ڕۆح و ماڵت سەرف بکەی بۆ مەجلیسی دیوانی غەم
وا ئەزانم وەختی چوونت چاترت دەس ناکەوێ
جێگەی خۆشتر لە قەبری گردەکەی سەیوانی غەم

---

(١) ئەم نیوە بەیتە لە قەسیدەی «خۆزگە ئەمزانی دڵی من بۆچی وا حەیرانتە» دووبارە بۆتەوە .

## بکوژرێم گەر بە زەهری ماری ئەرقەم

بکوژرێم گەر بە زەهری ماری ئەرقەم(١)
بە بێ تۆ نامەوێ من ئاوی زەمزەم
ئەکەم گیانم فیدای خاڵێکی هیندووت
ئەگەر لوتفت ببێ جار و دەم دەم
چ خۆشە شەو لە جێگەی نەرم و گەرما
هەتا وەختی سەحەر دەم بێ لە ناو دەم
لە بەد بەختیمە وا باغی دڵی من
درەختی نایەتە بەرهەم لە بەر غەم
بە راستی نامەوێ هیچ کەس ببینێ
جەماڵت غەیرە مەحرەم ، غەیری مەحرەم
دڵا گەر رێکەوێ بدداتێ ماچێ
قەناعەت کە لە زۆر زۆر و لە کەم کەم
لە هەوری میحنەت و هیجرایە پور بوو(٢)
لە خانەی سینەما تەم لە بەر تەم
مەلەی ناو ئاوی نەوجوانان ببینن
لە سەر تا خوار ئەبێ پڕ چەم لە پەرچەم
برادەر عەرزت کەم بڕوا بکە بەخوا
لە حەقم گەر بدووێی ئەتکەم بە ئەبکەم(٣)
بەبێ دینم مەزانە هەی لە دین دوور
خودا خۆی عالمە و داناو و ئەعلەم

---

(١) ئەرقەم : ماری بەڵەك ، کوشندەترین ئەوەی مارە .
(٢) پور : پڕ .
(٣) ئەبکەم : لاڵ .

# (ئەگەر دەردم بزانیٚ)

ئەگەر دەردم بزانیٚ ، دوور لە رووی تۆ ئاھ چ بەربادم
مەگەر رۆژی قیامـەت لیٚت بســیٚنیٚ دادگــەر دادم
بەبیٚ شوعلەی جەمالت گـیرەوەی دەستی غەم و دەردم
کە رووی تـۆ ببینم ئەوسـاتە لە زنجیری غـەم ئازادم
نەسیحەت مایـەی ئازادییـە ، میحنـەت ئـەبیٚ زائیل
لە جوانان خۆت بپاریٚزە وەھـای فەرموو بوو ئوستادم
ئەگەر عومـریٚ وەھـا بیٚ تیا نەبینـم ژینیٚ بیٚ ژان بیٚ
برادەر تاکــو ماوم شـەرتە من لەم عومــرە ناشادم
لەرووی نادانیبوو رووی‌تۆم موقابیل ماھ و پەروین‌کرد
غەڵەت بووم جاھیلم لیٚم مەگرە قوربان فەرموو ئیرشادم
ئەمان مردم بـــە تەنھایی کە تەنھا بۆ خوایــە و بەس
خەفەتبارم بــە شەو تا رۆژ لە دەردی داد و بیٚـدادم
خەرابەی خانـەیی جسمم لــە سەر ئەمـرۆز و فەردایە
ئیتر حاجەت نەمـا بنـکەن بکەن دیـواریٚ بـۆ بنیادم
کە تۆ دوور بی لە ئەربابی فەصاحەت فکرت ھەڵنەگریٚ
حەسادەت بۆچ‌ئەبەی ئەی بیٚھونەر بەتەبعی خودادادم(١)

---

(١) وشەی (بە) لە ھەردوو دەسخەتەکەی شاعیردا نەبوو .

## (خوا ئەو زاڵمە بگرێ)

خوا ئـــەو زاڵمە بگرێ دوو چـاری مەرحەلـــەی کردم
لە جوملەی صاڵحانا بووم و بەناحەق چۆن تەرەی کردم(١)
لە دیوانی جـەزادا ، بـا گونـاهی من لە ئەسـتۆی بێ
کە چاوی مەستی بوو، مەستی سوراحیو جامی مەی کردم
دەمێ بـوو گۆشەی خەڵـوەت مەقامی جێنشـینم بوو
لە جێی کونجی عیبادەت وا دوو چاری ساز و نەی کردم
لە موددەی عومری خۆم هەرچەندە حەرفێکم نەزانی بوو
وەلی ئایەی سەری گۆنای بـوو فێری ئەلف و بێی کردم
غەم و عـەشق و فـیراق و بێـوەفای یـاری ناهەمـوار
کە شێوەی ئەرغەوانی رووم، بەزەردی رەنگی بەی کردم
دەمێ بوو پاسـەوانی میـوەی باغی جەمـالی بووم
شوکور پێـکهات دڵم ئەمجـارە هاتوو نۆبـەرەی کردم
جوانی چـوو ، بەسەرچوو عەشـقبازی و لافی دڵداری
کەچی تازە تەمەنـای وادەیی ئیمڕۆ سـوبەی کردم
مەقامی عەیش ، بارانی بەهـاری سەبزی و خوڕەم بوو
کەچی بەختی منیش واهات حەواڵەی فەسڵی دەی کردم
لە کونجی خەڵوەتـا بێ غائیلە شـاهانە رامئەبوارد
خودایا ئەو کەسـە بگرێ دوو چاری ئـای و وەی کردم

---

(١) لە زومرەی صاڵحانا بووم و بە ناحەق چۆنی تەرەی کردم •

## (دەردی غەمی دڵداره)

دەردی غــەمی دڵــداره کەوا عاجــز و پەســـتم
وەرنێ بــە بڵندی وەکــو لوتــکەی ئەڤەرستم
ئەو شۆخە کە هاوسوحبەتی ئەیامی غەمم بوو
داغی جگەرم بـۆچی لە پڕ دەرچوو لــە دەستم
غائیب لە دوو دیدە ، وەره سەربانی دوو دیدەم
بێ دیــدەنی تۆیە شــەو و ڕۆژ بادە پەرســتم
تەئسیری فـــیراقت منی خســـــتۆتە خەیـالی
لەو ڕۆژەوە ئەترســم کە بڕۆم بت بپــەرستم
ئەی یــار بزانە ســەبەبی مــات و مەلــولیم
دووری تۆیــە غەمبــاره بە دائیــم دڵی پەستم
ڕازی بە قەزا ، جــەوری ڕەقیب تانەی ئەغیار
بێ دیـــــدەنی دیدارتـــە وەڵلاهی مەبەســـتم
خۆزگە لە دوو چاوی منەوە ڕووی خۆت ئەبینی
ئەوساتە ئەبی حاڵی کە بۆچ سەرخۆش و مەستم
من بووم لە ئەزەل هەمنەفەسی مەجلیسی ڕەندان
مەستی قــەدەحی بادە خــۆری ڕۆژی ئەلەستم
(عورفی) سەرت وا دیارە لەگوێ قەبرە ئەلەرزێ
عومرم بەحسابی سەری ساڵ سێ یەکو شەستم

## (بۆ وەتەن و بێوەفای نەوەکانی)[1]

ئەی وەتـــەن رۆحی رەوانـــم قۆچـــەکەی قوربـــانتم
سەر لێ شـێواو دڵ ســووتاوی دەردی بێ دەرمـــانتم
ئاهـ چ دەردێــکە ئەیچێژم ئـــەی وەتەن بـــۆ حاڵی تۆ
ئەشکی چـــاوی من دەلیلـــە رۆژ و شـــەو گریانتم
بۆ بـــرینی دەردی دڵ بەس بگـــری ئەی دایـــکی وەتەن
مەم ســـوتێنە جـــان فیدای ئێشـــەکەی زامـــانتم
ناڵەی قەهـــری دەروونـــم ئاســـمانی گرتـــە بەر
سۆزی دڵ بـــۆ رۆڵـــەکانی بێ ســـەر و سـامانتم
ئەی وەتـــەن دایـــکی هـــەزاران تاجدار و ئەنبیـــا
کەسێ لـــەوان فریا نەکەوتـــووی بێـــکەسی و تـــاوانتم
دەردی بێ ئـــاوی بکێشی تـــا گوڵی ئـــەرزی وەتەن
ئـــەی فریشـــتە چـــاوەڕوانی قەترەیـــە بارانـــتم
موشکیلـــە دەس هەڵگـــرم لێت خاکی شـــیرینی وەتەن
ئاخری عومـــریش ئەسیری خـــاکەکەی ســـەیوانتم

(١) شاعیر خۆی ناونیشانی بۆ داناوە .

## (گــــەر وابێ)

گەر وابێ هەتـا سەر لە فەلەك خێـرێ نەبینم
ئەوا بەخوا ئیتر حەقمە ئـەگەر چاووم بگرێنم
چیم دیوە، بەچی‌بم، بەچی بووم‌و بۆچی هاتووم
دونیایە لــە لام هیچـــە ، نەما تاقـــەتی ژینم
سووتاوە هەمـوو عەزوێ لە ناو خانــەی سینە
نەکولێتەوە وریـا بە نــەدەی دەس لــە برینم
ناکەم گلە هەرگیز لە کەم ئەوزاعی ئەگەر چی
سەرپۆشی ســـەرم بۆتە سەما فەرشــە زەمینم
ئەم دەردە سەبەب بوو ، شەو و رۆژ خانەنشینم
وەڵلاهی بە دەم ناڵەی شەو ، ئاهی سەحەر گاه
زوخـــاو ئەرژێنـــم وەرە بڕوانە ســـــەرینم
بۆ من نەبووە رەحمی ئەبەد چەرخی بەد ئەخلاق
مەغدوریــــەتی تیابێ بەڵێ لەولایـــە ئەمێنم
شەوگاری خەزان دوور و درێـژ یار و ئەنیسم
کۆرپەی غەمــە یا رەببی نەکەی مــەرگی ببینم
تا دەوری فەلــەك وا بێ بەکامی ئەم و ئـەو بێ
وەڵلاهی منیش گۆشــە نشین مـات و حەزینم

## (جوانانی خاڵ و میل رشتو)

جوانانی خـــاڵ و میل رشـــتوو وەکو مینـــای بێـــگەردن
موقابیل عاشـــقی بێچـــارە زۆر حەیفـــە کـــە نامـــەردن
موحیبەت بوو بە ئەکسیری بەجارێ تێکەڵی خوێن بوو(١)
لە دڵ دەرنـــاچێ عەشقی ئـــەم جەوانانە هەتـــا مردن
ئەیا بولبول وەکـــو منناڵـــەکەت نابـــەخشێ تەئسیری
وەها دەرکەوت کە ئاوازی من و تۆ هەردوو هاو فەردن
لە دەردم گەر بـــزانێ لێی ئەزانێ کێ دڵی بـــردووم
دوو چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و لەوانەی خاس موو زەردن
لەگەڵ جوانان مەدە رەنج دەستەمۆ نابن بە هیچ جۆرێ
ئەوەند سرکن بەعەینی وەك غەزالەی دەشتەکیو هەردن
لە رووی جوانان مەخۆ تەفرە ئەگەر مەقسەد نەبێ حاصڵ
بە شێوەی حوسنی خۆیان زۆر ئەنازن بۆیە دڵ بەردن
سەبوری بێو گەر غەم بێ هەمووی دەردەسەرە (عورفی)
غەمی یار و ســـەبر ، هەردوو ئـــەمێنێ تا وەکـــو مردن

---

(١) ئەکسیر : مادەیەکی کیمیاوی‌یە کە مادەی بێ‌نرخی پێ‌کراوە بە مادەی بەنرخ لەلایەن کیمیاگەرانی کۆنەوە بەکار دەهێنرا .

# (جوانـــــان)

جوانانی خاڵ و میل ڕشتوو کەوێکی ناو کەژ و هەردن
لە بــۆ ڕاوی ئەمانــە عاشــقان ســەییادی بن بــەردن
ئەیا بولبول تــۆ مەفتونی گوڵێکی ، من گــوڵ ئەندامێ
کە ئاوازی من و تــۆ هەردوو یەك ئاوازی هــاو دەردن
وەفا کەی بووە لە لای جوانان هەتاکو و چاوەڕوانی بن
جوانان هەرچەنــد شیرین بن ولاکین حەیفــە دڵ بەردن
نەخــۆشی زەردووی زۆر دوورە لە لالە ، تەحییــور مام
چییە عیللەت کە ئەم لالە ڕووخانــە بۆچی ڕەنگ زەردن
جوانم ، ئەم هەموو قەهرەی لە دەستی تۆوە چێشتوومە
بە خوای عالــەم لە بیرم نــاچێ تاکو ســەعاتی مردن
دڵا هەرچەنــدە ڕوو کــرژن لە ئــارادا ڕەقیب لاچێ
جەمالی ڕووی جوانــان هــەر وەکو ئاوێنــەی بێگەردن
ئەمە چشتێکی مەعلــومە درشــتی عەیبە بــۆ جوانان(١)
فەقەت یــاری من و تۆ ئەی برادەر هــەردوو خاڵ وردن
ئەیا (عورفی) ئەوەت زانیوە وەسڵی یار مویەسسەربێ(٢)
هەموو دەردێ لە دڵ ئەڕوا لە وەختی دەس لە مل کردن

(١) درشتی : سەرنجدان .

(٢) مویەسسەر : دەستبدا .

# هەتـــــــاکەی

هەتـاکەی گـــیرەوەی بەحری بەڵا بـــین
بە دەس جـــەور و جەفاوە موبتـــەلا بین
بەهای تاڵێـــکی زوڵفت ئـەی نیـــگارم
ئەبەد نـادەم بە موڵـــکی چین و ماچـــین
حەیایان چـــوو ئیتـــر چـاو هەڵبهێنن
موقابیل رووت کە هـــەڵبێ ماه و پەروین
بـرینی زاری قەنـــدت کاریـگەر بـــوو
تەماتـــە تازە ئێمـــە روو لـــە چا بـــین
مەحاڵـــە رووت ببینـن جارێـــکی تـــر
مەگـــەر وەختێ لە ئەوقـــاتی خەوا بـین
کە خێرێـکی نـــەدی عومرم لە خـــۆشی
لەگەڵ غـــەم بـا ببەســتین عەقـدی کابین
خـــوا هەڵنـــاگرێ جانـــا بـــەسی بێ
دوو چـاری دەردی هیجری بێ دەوا بـین
من و تـۆ (عورفی) ئەمجـــارە لەمـــەولا
ئیتر با روو لـــە رێی قـــاپی خوا بـــین

# (شەوێك لە داخی دەروونەوە)[1]

لە بەندیخانـەی دەرد و غەمـــا تاکەی نـــەزارەم کەن
دەخیل ئامان لـــە رێی خوادا وەرن ئەمجارە چـارەم کەن
فەلەك کۆستت کەوێ یاخـوا بڕوخێ تـاق و ئەیوانت
بەبێ سوچ و گونەهـ بۆ سورکنی ئەم خاك و شارەم کەن
هەزارانی تـــەلاێدا سێ بە سێ ئەم پـــیرە فەرتووتە
خروی دانامـرێ ، هێشتا ئـەڵێ دووبارە مـارەم کەن
بە حیلە دەستەمۆ نابم ، مەگەر شەمعی رۆخی دەرخەن
بە وێنەی تەیری ناو لانە بەشەو تووشی شەوارەم کەن
نەوەك تـووشی نەخـۆشی بێ رجـام وایە لە ئێـوە من
نەك دەرمـانی دەردی چاوی ئـەو یارە ، قەنـارەم کەن
هەتاکەی دەردی هیجـرانم گونـاهی من ئـەبێ چی بێ
بەسە تاقەت نەما بەس تووشی ئەم دەرد و مەرارەم کەن
سوتا خانـەی سەبـــووریم و کڵوکۆی دامرا ســـینەم
عیلاجی دەردەکەم ، یاخو لـــە رێی خوادا ئیدارەم کەن
بەرەغمی ئەمهەموو قەهرەی لەدەس ئەویارە چێشتوومە
دەس هەڵناگرم هەتا ماوم بـــە خەنجەر پارە پارەم کەن

(١) شاعیر خۆی ناونیشانەکەی بۆ داناوە .

# (دوور پەرێزن لێم)

دوور پەرێزن لێم ئەمێستە کۆمەڵی یارانی من
بێ سەبەب تەرکی ئەفەرموون سوحبەتی جارانی من
تیری هیجرانە جگەرگاهی ژیانی پارە کرد[1]
موشکیلە چارەی برین و دەردی بێ دەرمانی من
دڵ ئەسیری دەرد و یاری بێوەفاش لێم عاجزە
نائومێد و زویرە لێم جانی من و جانانی من[2]
دەردی دووری یار و دائیم شەو نشینی ئینتیزار
تا سەحەر بێدارە بەخوا چاوی پڕ گریانی من
شەو هەتا وەختی سەحەر بێ یار و غەم یاوەر بووە
ئاه چ ئاڵۆزە بە دەستی جەورەوە دەورانی من[3]
مەستی بادەی ئاخری عومرم ، جوانیش چوو لە دەس
بۆیە ئێستە خاڵی ماوە جامی سەر لێوانی من
وا لە ناو گێژو شەپۆلی غەم دڵی بێچارەکەم
غەرقی خوێناوی جگەرمە تا بە ئاودامانی من
تاکو ئەم نیوە حەیاتەم ماوە رەحمێ بۆ خوا
بۆ شەوێك تەشریف بهێنە خانەی وێرانی من
یار و یاوەر لێم بە دوورکەوتن لە ناڵە ناڵی شەو
بۆیە دائیم دڵ حەزینن مەجلیسی دیوانی من

کوردیکا

هەر کە ئێوارە ببێ ، تاقی بڕۆت میحرابمە
ناکرێ بێ غائیلە بۆم نوێژێکی شێوانی من
مالا مالە خانەی سینەم لە بەر دەردی فیراق
کاسەی کەیلم بە کەیلە پوڕ لە غەم پێوانی من
دەردی پیری ، وەزعی کەم ئەوزاعی بۆم بۆتە سەبەب
بێ سەرو سامانە فکری بێ سەرو سامانی من

---

شاعیر لە دەستنووسی یەکەمدا نیوە بەیتەکانی وا نووسیوە :
١ ـ تیری هیجرانە جگەرگاهی حەیاتی پارەکرد •
(٢) نائومێد و عاجزە لێم جانی من جانانی من •
(٣) ئاه چ ئاڵۆزە بە دەستی جەورەوە شێوانی من •

## (سەبەب نا میهرەبانی)

سەبەب نـا میهرەبانی حـەزرەتی جانانەیـە ئیمشەو
کە شاری شۆڕشی سـینەم وەکو وێرانـەیە ئیمشەو
لە شوعلەی نووری رووی یارە ، دڵ ئارام ناگرێ ساتێ
بە دەوری شەمعی روویا هەر وەکو پەروانەیە ئیمشەو
بەبێ جورم و جینایـەت ئەم دڵی پێچارەیـە بۆچی ؟
بە کۆتە ، دەست و پێ بەستراوی بەندیخانەیە ئیمشەو
بەهاری غونچـەی گوڵزاری رووی جانانـە باعیسی بوو
بەپێ سەبر و قەرار دڵ ئـارەزووی مەیخانەیە ئیمشەو
لە کێـوی بێسـتوونا دێ سـەدای گریـەی فەرهـاد
لە شۆری عەشـقی شیرینی وەکـو دێوانەیـە ئیمشەو
دەمێکە مەزرەعـەی بەختم ئـەکێشێ دەردی بێ ئـاوی
شکوروا دەوری حەڵقەی مەهـ لەسەر خەرمانەیە ئیمشەو
دەماغت زائیلـە (عورفی) ئەبینم جوملـە ئەشعارت
لە لاوی لاچـووە شـێوەی لەسـەر پیرانەیـە ئیمشەو

# هەچی رەنجێ کە کێشام

هەچی رەنجێ کــە کێشــام ئاخری کارم نەدامــەت بوو
تەریقەتی گۆشەگیریم گرت، ئەمە رێگەی سەلامەت بوو
غەڵەت بــووم پێم نەزانی بوو پەشیمانی ئــەبێ حاصل
دڵی بێچارە ناحـــەق ئینتیزاری پەیك و نامــــەت بوو
بەڵا بوو ، یاخــو باڵا بوو ، بە دڵ زۆرم ســەرنج داوە
تەواو حاڵی نەبووم ئێستەیش کە قامەت یا قیامەت بوو
کە شمشێری برۆی کێشا بەجاری تاك و جووت وەستا
لە رێگەی عەشــقدا بۆ کوشــتنی ئێمە عەلامــەت بوو
مودەرریس حەقیــەتی سوجدە بباتە بەر جەمــالی رووی
کە دی ئەو جووتە ئەبرۆی تاقی میحرابی ئیمامەت بوو
گەهێ قیبلە پەرستی ، گەهـ ئەبەستێ روشتەیی زوننار
لە ئیعتیــقاد و ئایینــا سەرم ســورماوە کامــەت بوو
بەسە (عورفی) بەسی بێ ، پەیرەوی جوانان ئیتر مەگرە
لە عەشــقا کار و باری تۆ نەتیجەی هەر نــەدامەت بوو
پەرێشانە کـــەلامت ، شێوەی شــــیعرت پەشێواوە
دیسان سەد بارك‌الله بۆت ئەمــە نووسینی خامەت بوو

## دەوامی سەر وەفا بوونم

دەوامی سەر وەفا بوونم نیشانەی حەددی زاتم بوو
نەزەر فەرموونی دڵدارم لە جێی موچە و بەراتم بوو
برینی کۆنی سینەم بوو سەری هەڵدایەوە ئیمڕۆ
تەبیبی رووی کە دەرکەوت (حمدالله) زوو نەجاتم بوو
جەوانم شوهرەت و شێوەت کە کەوتە ساحەیی عالەم
هەزار لەعنەت لە خاچ و دوو هەزار لەعنەت لە لاتم بوو
رەقیبم پێی گوتم یار قەسدی کوشتنە درۆی فەرموو
کەچی زەهری دەسی یارم ، لە جێی نوقڵ و نەباتم بوو
جەمالی رووی وەکو مانگی شەوی چواردە لە کەل دەرهات
لە سایەی ئەو جەمالەی بوو لە بەندی غەم نەجاتم بوو
لە غەیری جەور و بێدادی چ خێرێکم لە عومرم دی
موقابیل ئەم هەموو غەدرەی بزانن چۆن سەباتم بوو
هەزاران تیری تانەم دی لە تابووری موژەی باری
بەڵێ پێم خۆش بوو ئەم تیرانە جێی هەیە و خەڵاتم بوو
چرای روی بووشەوێ نیوەی مەهی پێش رۆژە بۆم دەرکەوت
شکور پێکهات دڵم قوربان کەوا ئیمشەو بەراتم بوو
ئەزەل وا هاتووە دائیم ئەبێ شادی لەگەڵ غەم بێ
کە زەهری لایە سەر فیطرە ، جنێویشی زەکاتم بوو

به دەستی نازکی ئەو شــەربەتەی ئەمجارە چێشتوومە
عەجایب نابێ ئەگــــەر نەمرم ئەمە ئاوی حەیاتـــم بوو
جەنابی حەزرەتی ( ٠٠٠٠ ) وەســیەت بێ لە ئێستاوە
کە تەلقینم لــە سەر قەبــرم بدەی رۆژی مەمــاتم بوو
لە دوای تەلقین رجایە ئەم دوو سێ شیعرەم تەماشاکەن
لە دونیادا هەتــا مابووم ئەمـــە زات و ســـیفاتم بوو
کە من کوردێــکی ئیسلامم لە ژێر ئەم خاکــەدا مردووم
لە سایەی دینی غەڕاوە بە مردووم تێمەگە زیندووم(١)
لە لایێ ئەحمـــەدم جەدوو لە لایێ شاهی نەقشـــبەند
فیدای ئەووەل،سەنای دووهەم،غولامیدەرگەهیهەردوم
دەمێ ســالە لە ژێر بــاری گوناهــا قەیــدو مەحکوم
لە بەندیخانــەی دونیادا بــە جارێ وا شـکور بەربووم
خودایی حــاکمی عــەدل و محەمــەد شــافیعی موذنیب
لە سەر جەیشی بەهەشتانا قوماندارێکی سەر ئوردووم
عەمارەتگاهی دیـــوانی وجــودم ســـایەکەی دینـــە
لە سەر ئــایینی ئیســلامم لــە زومــرەی دە و دووم(٢)

---

(١) غەڕا : گەورەو سەرۆک •
(٢) دە و دووم : دوانزە ئیمام •



کوردیکا

## (پای بەندی کردووم)

پای بەنـدی کـردووم زوڵفـانی تێك ئـاڵاوی تۆ
چۆن جگـەرمی پارە کـردووە تیغی تـازە سـاوی تۆ
زەحمەتـە رزگاری بێ جارێـکی تر بێ موشـکیلە(١)
تا قیامەت ئـەو کەسانەی کەوتنە بەنـدی داوی تۆ
چاوەکەم دەستم لـە خۆم هەڵگـرتووە لـەو رۆژەوە
سەرفی عومری خۆم بە جارێ کرد لە رێی و پێناوی تۆ
رێی خەڵاس بوون زەحمەتـە نەیدیوە تا ئیمڕۆ کەسێ
دەربچێ لەم ئایـین و ئۆین و مەکرو بەنـد و باوی تۆ
داوی زوڵـفی تۆیـە دڵ چـوار مێخـەیی کێشراوە
با بمێنێ هـەر لە نێو زنجـیری پێ بەسـتراوی تۆ
بەزری بەختم چەند وەشـاندووە نایەتە بەرهەم ئەبەد
تاکو ئـاو نەدرێ بەلێشـاو مەزرەعەی کێـڵاوی تۆ
قەد نـەکەی باوەڕ گلـە رووریدا لـە رووی جەهلەوە
تاجی سـەرمە چـاوەکەم دڵگـیر مەبە پێڵاوی تـۆ
چەند پەرۆشم ئەو شەوەی کەوتۆتە ناو بورجی مەحاق
رەونـەقی رووی وەك هیلال ئـەو دەمەی شـاراوی تۆ
سەرو عەرعـەر قوڕ بپێون دانـەوێنن رووی شەرم
گەر لە نـاو باغا ئەبینـن قەدی چـوون لاولاوی تۆ

(١) موشکیلە رزگاری بێ جارێکی تر ، بێموشکیلە .

# هەر زەمـــانێ

هەر زەمـــانێ بێ تەئەممول بێتە سەردەم نـــاوی تۆ
دێتە بیرم پورتـــەوی ئەســـپی بەلاغەت تـــاوی تۆ
سەرووەرا ! بڕوا بفەرموو رەونـــەقی رووت بۆتە هۆی
نوقتەی نووری گلێنـــەی هەردوو ، چـــاوم ، چاوی تۆ
پێچی پـــڕ پێچی کەمەنـــدت دەست و پێی پێچاوە وا
موشکیلە رزگـــاری نێچـــیرێ کە کەوتـــە داوی تۆ
حوزنی دڵ زوو لا ئـــەچێ ، هەم غەم بەجـــارێ لا ئەبا
گفتوگۆی شـــیرینی پڕ قەنـــدی تەڕ و پـــاراوی تۆ
ماهی نـــەو ، شێوەی لە شمشێری بـــرۆت وەرگرتووە
تاکو پارێـــزکەن لـــە تیغی تیـــژی تازە ســـاوی تۆ
سەروو عەرعـــەر قوڕ بپێون ، دانـــەوێنن رووی شەرم
کە لە نـــاو باغـــا ببینن قـــەدی چـــوون لاولاوی تۆ
شەرتە شەرتی پیـــاو ، هەتا ماوم لە دیـــوانی وجود
سەرفی عومـــری خۆم بەجارێکەم لـــە رێ و پێناوی تۆ
قەد مەکە بـــاوەڕ ، گلە رووی‌دا لە رووی جـــەهلەوە
تاجی ســـەرمە چاوەکەم دەیگـــرمە بەر پێـــلاوی تۆ
عومرتان بـــادا مـــەدام ئەی جانشـــینی پـــیری خاڵ
عومری تـــۆ ، عومری برای تـــۆ ، عومری تـــازە لاوی تۆ
ئەم دوو سێ شـــیعرەم لە لاتـــان با بمێنێ یـــادگار
گەر ئـــەبینی ساڵێکی‌تـــر ( عارف )ی فەوتـــاوی تۆ

## له دووری قه‌دو بالاّته

له دووری قـــه‌د و بالاّته په‌رێشان خاتـــرم ئیمڕۆ[1]
له تـــاوی ده‌ردی هیجرانـــه غولاّمی ســـاغیرم ئیمڕۆ
له‌بی مه‌یگونی تـــۆ بوو وا منی خستۆته ئـــه‌م فیکره
له ناو جـــه‌معی ئه‌دیبانا شـــکور وا شـــاعیرم ئیمڕۆ
خه‌یاڵی خاڵی رووی تۆ بوو که ده‌رسی عیلمی فێر کردم
له ئه‌بحاثی علـــومی ئه‌نجـــووما وا ماهیرم ئیمـــڕۆ
وه‌کو غه‌یـــرم خوا گه‌ر نیعمـــه‌تێ لائق نـــه‌بێنی بۆم
به دوو خه‌پلـــه و قومێ ئاو حمـــدالله شـــاکیرم ئیمڕۆ
نه‌بینی زاهـــیرم ، لێشم مه‌کـــه‌وه‌ره شوبهه‌ی ناحـــه‌ق
له خوا ناســـین و ئایینا به حـــه‌ق من تاهـــیرم ئیمڕۆ
که غایه‌ی من له سه‌ر عه‌شـــقی حه‌قیقه‌ت بێ نییه باکم
خه‌جاڵه‌ت مـــابێ به‌دئه‌فکار له فکری عاتـــرم ئیمڕۆ
که من پشت و په‌نـــاه و ده‌سگرم ســـه‌رداری عاله‌م بێ
له قه‌بـــرا بێ شکه حـــازر جوابی مونکـــیرم ئیمڕۆ
ئه‌یا ( عورفی ) هه‌تا ماوی لـــه ئایین لانه‌ده‌ی هه‌رگیز
حه‌سودانم ســـیه‌ه روو بن لـــه فکر و بـــاوه‌ڕم ئیمڕۆ

---

(1) خاتر : خاطر : دڵ .

# جەژنی قوربان بۆ عاشق و خۆشی

قوربان جەژنەکەی قوربانەن ئیمڕۆ
ڕۆژی قوربانی قوربانەن ئیمڕۆ
نیگای مەرحەمەت پەی دەردە داران
پەڕەی زامی دڵ دەرمانەن ئیمڕۆ
لافاوی دەردی دووری نەوخاڵان
سەرچاوەی چاوم سەیلانەن ئیمڕۆ
جەژنەکەی قوربان پەی ئازادیەن
نۆرەی وەسڵەکەی یارانەن ئیمڕۆ
سەرگۆنای ئاڵی رووی نەوجوانان
فێنکی دڵەی پیرانەن ئیمڕۆ
عەفووی گوناهان لە رووی مەرحەمەت
قوربان ئینتیزار فەرمانەن ئیمڕۆ
بە گیانت قەسەم لەجێی قوربانی(١)
دەم وە دەم سیەه خاڵانەن ئیمڕۆ
عەفوو یا کوشتن نەماندەن تاقەت
هەردوو پەڕەی من ئیحسانەن ئیمڕۆ

لە جەوری دەستی دەوری نابەکار
مەشخوڵی دەورەی دەورانەن ئیمڕۆ
لە لایێ بەزمە لە لایێ زرمەی
شین و شەپۆڕی باوانەن ئیمڕۆ
چەند وردە خاڵی نەونەمامی نەو
سەر لێشێواوی زەمانەن ئیمڕۆ
تیرەکەی ئەجەل پەی کیای گیانیان
دوور کەوتووی قەوم و خوێشانەن ئیمڕۆ
یاران لە دووری باڵای ئازیزان
گشتی بێ تاب و تاوانن ئیمڕۆ
زۆر خانەی بەکەس بێکەس مایەوە
وەك تاقی کیسرا وێرانەن ئیمڕۆ
زۆر باڵای جوانی بە ئاڵا وێنە
ژێر خاکی سیا پەنهانەن ئیمڕۆ
جووتە دڵداری یەك نەگەیشتوو
لە یەك دوورکەوتووی نەمانەن ئیمڕۆ
( عارفی ) بێکەس کەس لێی نەپرسی
مەردەن نەمەردەن یا مانەن ئیمڕۆ

---

(۱) بە گیانم قەسەم لە جێی قوربانی .

## جەوانم دیـــارە

جەوانم دیـارە قووەی بازوان و هێـزی نەیرووتە
دەس و پێـم پێچراوی تاقە تاڵێکی سـەری مووتە
جەمالی رووت‌و باڵای شۆخی‌تۆ ئەم نەرخە هەڵئەگرێ
هەموو موڵکی سلێمانی فیـدای خاڵێکی هێندووتە
لەگەڵ تۆ کاڵـە مستێنە هەموو جۆرێـکی دۆڕانە
گرەو بوردەی بڵێم چی من ئەگەر تاقە وەگەر جووتە
هەتاکەی دوورەپەرێزی ئەم‌خووە بەسیە لەسەردەرکە
بفەرموو یەك نەزەر وا بزانە خێری قەبری مردووتە
کە تۆی دی خۆی لە خۆیا داپلۆزی خویشی رانەگرێ
بەمەعاشق‌کوژیت مەعلووم‌بووە پیشەی هەرەزووتە
لە بەندیخانەی عەشقا وەها کێشاویە چوار مێخەم
بەلێ زنجـیری پێم سـەدو هەشـتاو دوو فووتە
کە دیم شمشێری سەرچاوت بەجارێ بۆم‌وەها دەرکەوت
هیلالی یەك‌شەوە شێوەی لەشێوەی قەوسی ئەبرووتە
مەهێڵە ژیلەمۆ ژێـرکا ، مەبادا ئاخری سـەرکا
بکە تۆبە رجایـە لـەو گوناهانـەی کـە کردووتە
بە ناری عەشـقەوە سووتا نەماوە چـارەیی عاشق
تیاچوو قوڕبەسەر چ‌بکا ئەگەر رووتە وەگەر قووتە
خۆمن خۆم‌کوشت لەپێناوی ئیتر چی‌بێ لەپێ‌کەوتم(۱)
لە بـەختی شوممە دیـارە وەئیللا بۆچی لا لـووتە
مەبادا گیرەوەی ئاه و هەناسـەی دەردە دارێ بێ
بەسە عاجـز مەکە توخوا ئیتر ئەم پـیرە پەڕپووتە

---

(۱) ئەم دێڕە لە دەستنووسەکەی مامۆستا (خاڵ)دا نەنووسراوە .

## خۆزگە ئەمـــزانی

خۆزگە ئەمـــزانی دڵی من بـۆچی وا حەیـــرانتە
هەر وەکو پەروانە دەوری شـــەمعی رووی جانانتە
دڵ بـە دڵ بۆ رابـــەرت ئیختیـــاری پێ نەمـــا
دائیمـا فەرمانبـــەری فەرمانبـــەری فرمانتـــە
فکرت وا بـوو بۆ رەقیبت دەس لە ئێمـە هەڵگری
ئەی دەخیلت بـــم نەکەی دەســـتی من و دامانتە
مەزرەعـــەی دڵ دەردی بێ ئاوی ئـــەکێشێ بۆ خوا
دەست و بـــردێ چـاوەڕوانی قەترەیـــە بارانتە
دوا ئەوەی سینەم برینی کـــۆنی سەری هەڵدایەوە
تێگەیشـــتم زەخمی نووکی تـــیرەکەی موژگانتە
هاژەی فرمێســـکی چاوم بەکرەجۆی گرتـــۆتە بەر
غەیر لـــە دووری تۆیـــە بۆیە وا بە کـــووڵ گریانتە
جـــەژنی قوربانـــە بەقوربـــان نۆبەتی قوربـــانییە
بۆ تـــۆ قوربـــانی بەقوربـــان گیانی من قوربـــانتە
تۆ لە کوێ ریزەی ســـوارانی نەوجەوانانت لە کوێ
تازە بەم عومـــرە نیـــازی عەرزەیی مەیـــدانتە
بەم هەموو دەرد و غەمە کەوتویتە حاڵی هەم هەمە
تازە بێچـــارە نیـــازی بـــەزمی مەی خۆرانتـــە

دڵ لەدووریت شەو ئەسوتێ وەك فەنەر تاكوسەحەر
غەیر لــە هیجرت شەو چــراغی مــەجلیسی دیوانتە
تافی جــوانی چوو نەمــا کەوتویتە حــاڵی غەرغەرە
وا ئــــەزانم ئینتـــزاری قەبرەکەی ســــەیوانتە
گردی ســـەیوان حورمـــەتی میوانـــەکانت راگــرە
پەنچو دوو رۆژێــکی تر وا ( عارف )یش میوانتە(١)

---

(١) شاعیر چەنــد رۆژێك پێش مــردنی پێشبینی مردنەکەی کــردووەو ئەم شیعرەی وتووە .

## خودا چۆنی ئەسیر کردم

خودا چــۆ نی ئەسیر کردم بە دەس ئەو یــاری دڵ بەردە
هەتاکو تیا نەچووی خێراکە لەم دڵ بەردە دەس بەردە
بڵێسەی ئاگـــری عەشـــقم ســـووتانی خانـــەی سینە
چ تیا مـــاوە ئەوی ماوە هەمـــوو تۆز و تەپـــو گەردە
دڵ از یـــار جفا کردە بســـوخت پارە شت یـــك پار
چە مانـــدە درمیـــان ســـینە غیراز این ســـیە چردە
جفادن بشـــقە یارن پر مغاس گورگور مـــدم برکون
حیاتمدە نەخـــیر گـــوردم بنی چی بو قجـــر اولدردە
ئەترسم ئاخـــری عومرم رەفیقی چۆڵ و ســـەحرا بم
بمێنم هەر وەکو مەجنون بە وەحشەت لەو کەژ و هەردە
عجب دیـــدی شـــنیدی مـــدتی عمـــرت درین عالم
کدام عاشـــق ز معشوقە ســـلامت جان بـــدر بردە
خیال اینـــدم کە یارن بـــو زینتی تعریف ایـــدم برگون
گورن یختـــم کچ اولـــدی عاقبت طوردی قلـــم بوردە
عەزیزان ئینتـــزار تاکەی سووتانی خانـــەیی سەبرم
غەم و هیجـــران نەتیجە ئەمکوژێ وەڵڵاهی بـــەم دەردە
نمانـــدە تـــاب دوری ســـوختم از اتش هجـــران
خدایـــا زود ایـــد پیش مـــا یـــار ســـفر کـــردە
دیـــر لـــر بـــار حـــورر عاشـــقترن احوالن دائـــم
هانلی کیمدر بـــکا کوســـتر گورم ان ایجـــون نردە

ئەترسم مانگ وەك من تووشی داوی زاڵمی بووبێ
لە داغ و حەسرەتا مابێ کەوا روخسارەکەی زەردە
دەخیل یاران وەسییەت بێ بنووسن خاطیرە لاتان
لەدوای مردن لەسەر قەبرم بنووسن ئەم دوو سێ فەردە
شەهیدی عەشق‌و کوژراوی دەستی یارێکی بێ‌رەحمم(١)
حەواڵەی تیغی مەولا بێ منی وا خستە ئەم دەردە
رجامان وایە دایپۆشن جەنازەی ( عورفی ) بێچارە
لە ژێر ئالای عێراقیدا رەش و سەوز و سپی و زەرد

---

(١) شەهیدی عەشق و کوژراوی دەسی یاری بێ دینم .

کوردیکا

# سـەد لە سـەد

سەد لە سەد بەحسی شەوی هیجران بکەم هێشتا کەمە
چی‌بکەم بەخـــوا سەراپا گشـــتی هـــەر دەرد و غەمە
رۆژ هەتا ئێـــوارە ، ئێـــوارە تـــا وەختی ســـەحەر
بیست و چوار ساعەت لە خانـەی سینە شین و ماتەمە
ئاه بـــزانی بۆچی دڵ ئەخولێتـــەوە بێ هـــۆش و را
پێچـراوی پێچی پێـــچ و پێچی پەچـــەو پەرچـــەمە
حەڵقە حەڵقـە مـــاری زوڵفـــانی کـــە ئاڵایـــە ملم
عەینی راکێشـــانی کامـۆس و کەمەنـــدی رۆستەمە
بۆچی مەنعی من ئەکەی یا شـێخ گوناهە کۆڕی عەشق
ئەم گوناهـە پێش هەموو عالـەم لە ئەستۆی ئادەمە
گەر لە نەزعـــا چاوەکەم چـــاوی بە چـــاوانی کەوێ
رەنگە زینـــدوو ببمەوە بـــاوەڕ بفەرموون ئـەو دەمە(١)
سککەی رووی دولبـــەرە خولیایی خســـتۆتە سەرم
خەڵقی لای وایـــە کە ( عورفی ) شێتی پـارە و درهەمە

---

(١) رەنگە زیندوو ببمەوە باوەڕ بکەن من ئەو دەمە •

# ئەی بـــــرادەر

ئەی برادەر تێبــگە ئەسبابی شـــین و زارمە
تەعنـــەی ناحەقی ناحــەز موجبی ئـــازارمە
نیمەتەبعی خۆتێ‌هەڵسوون‌و وەکوغەیرم تەمەع
هەر قەناعــەت گۆشەگیری غایــە و ئەفکارمە
تەبعی عالی ئێمە دائیم فەخری سەربەرزی ئەکا
عالمانی عیلــم و عیرفان پێشــڕەوی ئەتــوارمە
مورشیدی عیززو شەرەف‌بوو دوێنێ‌شەو هاتەخەوم
تاکو ئێستە رۆژو شەو هەر حەسرەتی دیدارمە
دەردی بێ‌دەرمان و دەوران‌و زەمانی بێ ئامان
پیری کــردم وەك منـــاڵان تازە دارە دارمـــە
نابینم نەبووە نییە کــوا مەلجەئێ یا مەرجەعێ
ئەی بۆکێ‌بەم عەرزی شەکوای حاڵی لەم‌هاوارمە
دەورە وا چاکە موداراکەم لەگەڵ چاك و خراپ
دیارە ئەم‌کارەیشی نوشستی‌و باعیسی ئەزرارمە
هەر زەمانێ ناوی فەرهــاد بێتە زهن‌و فکرەوە
شۆڕشی شــیرینی پەروێز موجبی ئەشــعارمە
بەسیە (عورفی) بەس شکایەت‌کە لەدەس جەوری زەمان
زارت بگـــرە هەر بەلاّیی زارمـــە ئازارمـــە

# وەهـــــــامزانی

وەهامزانی لـــە پێشـا عاشـــقی کارێکی ئاســـانە
چ ئاسانێ ملـــم بشـکێ چوزانـــم قاتیـــلی جانـــە
دڵۆپەی ئـــاوی چاوم ئاخری نەهرێکی تەشـــکیل کرد
بەڵێ موحتـــاجی سەددی خانە ئەم لافـــاوی سێروانە
نەوەك تەنها منی بێچارە بـــەرگەی سیحری ئەو نەگرێ
کەفی مووســـا لە سیحری ســـاحیری ئـــەودا پەرێشانە
سەبەب فیتنەی زولێخا بـــوو بەلا بۆ حەزرەتی یوسف
کەئەم پێغەمبەرە حەوت ساڵ ئەسیری بەندی زیندانە(١)
کە شەو دایێ چ ســـەودایێ لە خانەی کاســـەی سەرمە
سەحەردێ غەلغەلەی ئاشووبی شەومە شینی شێوانە(٢)
کەچاوم کەوت بەخاڵی رووی سەری‌سینەی تەحەییورمام
کە بەم بێوەختییـــە دز چی ئـــەکا لەم بـــاغ و بێستانە
ئەزانم نازە روو پۆشیت ، کـــە تەشبیهی بکەین ئیمڕۆ
بە مانگی هەشت و چوار و دوو لە ژێر هەورایە پەنهانە
تەسادوف چوومـــــە دیـــوانی دڵ‌ئارامێ بـــــە میوانی
چ خۆشحاڵم کە بۆم‌دەرکەوت شـــکور کەیبانوو کابانە
(بحمدالله) کە قانـــع بوو زمـــانی حاڵی خـــۆی فەرمووی
مەواچە پێـــم گەرەکتە لێم کـــە وادەی وەســـڵی ماچانە

له وەختی مەستیا نازم بەسەر چەرخا ئەنازێنێ
دەماغم بەرزە بەم تەرزە هەتا ئەیوانی کەیوانە
زەمانێ وای هێنا (عورفی) دامانگیری عالەم بێ
ئەمیش دووبارە فیتنەی دولبەرە داماوی دامانە

---

(١) کە ئەم بێچارەیە حەوت ساڵ ئەسیری بەندی زیندانە •
(٢) سەحەر دی غەلغەی ئاشووبی شەومە شینی شێوانە •

# مەیالۆزێنە

مەیالۆزێنە زوڵفت مەیخەرە بەر دانەیی شانە
بەشکڵی ئێستەکەی جوانە کەوا پەخشانی سەر شانە
بە رەنگی ظاهرم باوەڕ مەفەرموو شاد و خەندانم
تەماشای خانەی سینەم بکە ئێرانە وێرانە
مەیەڵە ناحەزانت چاو ببڕنە باغچەیی سینەت
مەبادا دەس بهاوێژن بۆ ناو ئەو باغ و بێستانە
لە کۆڕی عەشقبازانا چراغی رووت ببینێ دڵ
بە ناچاری بە دەوریا هەر وەکو پەڕوانە سوڕانە
کە خورشیدی روخت بینم صەباحی مەحشەرم هەڵدێ
کە زوڵفت دایپۆشێ تەنگی بانگی نوێژی شێوانە
دڵم زێڕێکە بێ هەمتا لە ناو بۆتەی غەما سووتا
لە گەرمی ئاگری رووتا لە تاوانە لە تاوانە
عەمارەتگاهی دڵداران بوو سینەم ئێستە بیبینە
بەجارێ دار و پەردووی داڕووخا ئەم خانە وێرانە
هەتاکەی کەم سەبووری، ئەی‌سەبووری تۆوت‌هەڵگیرێ
شەو و رۆژم بناڵێنم بە دەم ئەم دەردی هیجرانە
برینی دەردی دڵ ( عورفی ) تەداوی ناکرێ ئیللا
تەبیبی رووی مەگەر بیکا عیلاجی ئەم برینانە

# ئەی یاری عەزیزم

ئەی یـــاری عەزیزم مەبــە غافل لە زەمانـــــە
مەعلوومــە زەمانە گــەلێ بێ عەهد و ئەمــانە
دائیم لــە زەمان بێ خەبەر و مەســتی غروری
لات وایـــە هەتا ئاخــری هەر وایە زەمانـــــە
هەر رۆژە لە بەزمێکی لەگەڵ جەمعی حەریفان
پا بەندی خەیاڵی مەی و نەی و چەنگ و چەنانە
با تـــەختی سلێمانت بێت و یــەدی بەیـــزا
مەغروور مەبــە چوون عاقیبەت کارت نــەمانە
مەشـــغوڵی لەهو لەعبی و ناکاو لـــە پڕێکا
دەستی ئەجەلــە بۆت ئەگــەڕێ خانە بــە خانە
نامەردە بــە نامەردیی زەمانــەت نــەبێ باوەڕ
ئەعمـــالی درۆ لـــوتفی درۆ نــەفعی زیانـــە
گەردوون کەئەگەر دوون‌نەبێ ئەعمالی لەبەرچی
هەر رۆژە لەگــەڵ قوڕبەسەرێ بگــرێ بەهانە
چاوت لە خودا بێو کەرەمی نــەك لە عیبادەت
با شــێخی تەریقەت بێ وەگــەر قوتبی زەمانە
گوێ بگرە برام مەیکە بــە گاڵتە و گەپی منداڵ
پیرانەیە پــەندم بـــە پڕ و پوچی مەزانـــە

# دڵم ســـــووتا

دڵم ســـووتا لە عەشقی ئەو کەوا زەردەی کەمـــەر چینە
سەری زوڵفی هەتا بەر پێ لە سەر یەك چین لە سەر چینە
سووتاوە خانـــەی سەبرم کڵـــوکۆی دامرا ســـینە
بەسە تاقـــەت نەما توبی خـــوا رووت هێنـــدە مەنوێنە
دڵم گوم بوو بـــە دوویا زۆر گەڕام و تازە حـــاڵی بووم
لە ناو گێژاوی بەحـــری عەشقی خۆتا بـــوو مەیخنکێنە
هەزار ئالای شـــیعاری مـــاه و خۆر هەڵـــکا موسوڵمانم
رەفیقی هـــەم نەفسی ، بڕوا نەکەی وەڵـــڵاهی بێ دینە
ئەڵێن وا یار بە دەستی خۆی ئەبەخشێ شەربەتی ئاشتی
ئەگەر زەهریش بێ ئەیخۆم لە دەست ئەو یارە شیرینە

# بروسکەی هەوری هیجرانە

بروسکەی هــەوری هیجرانە سووتانی خانــەیی سینە
کڵوکۆی دامــرا سەرتا بــە خواریێ تاکــو بن چینە
لە مەیــدانی جەمالا ئەسـپی تازی تاو بــدا دولبەر
لە کویێ تۆ تۆزی پێی ئەبڕی بــە سواری ئەسپە دارینە
کە ڕۆژی ڕووی لەگەڵ ڕۆژی سەمادا وەختێ جووت بگرن
ئەکەونە شــوبهە عالەم ئاخــۆ کامیــان ڕۆژی پێشینە
مەبادا خــوا نەخواســتە بەر دوعــایی دەردە داریێ بێ
جوانم خــۆت بپارێــزە لە ئــاه و ناڵەی ســینە
ئەگەر ساتێ خیــلافی تەبعی ئێوەی کرد دڵــم دەرحاڵ
بە دەستی خــۆت لە ناو سینە دەری بێنــە بیسووتێنە
دەمێکە عاقــرە ئەم پیری غــەدارەی لە خــوا عاسی
بە بێ میهــر و نیکاح ئەم قەحبەیە هەر شــەو لە زایینە
نەسیحەت بگرە گویێ جانــا هەتا پێت ئەکرێ رای بگرە
نەکەی هەرگیــز دڵی بێچارەی ئەم پــیرە مەڕەنجێنە
لە ڕێی خوادا دڵی گرتووم لە بەنــدی پەنجەکەت بەردە
وەرە خێری بەســە ئەم پــیری فەوتاوە مەفەوتێنــە
هەتــا یــاری ســەفەرکەردە ســەلامەت دێتــەوە لامان
بەخوا ( عورفی ) لەسەر قەبــرم مەلا مەشغوڵی تەلقینە

# حەقمە دائیـــــم

حەقمە دائیـــم گەر بنالـــم من بە ئاهـــو دەردەوە
دابڕێژم ئەشکی حەسرەت بەم هەناسەی سەردەوە
شەرتە شەرتی پیاوی مەردان گەر خوا یاریەم بدا
تاکو مـــاوم نەچمــــە کۆڕی مـــەجلیسی نامـــەردەوە
شەرتی ئینسان ئیعتیقـــادی دین و ئایینە بە حەق
دین پەرستی نەك بەتەنها قەولە بەڵکو هەربەکردەوە
یاخو بـــەختی شـــوومە ئەســـتێرەی بەختـــم کزە
یا غەڵەت نووسرا بە دەستی چەرخەکەی چەپگەردەوە
ساحێبی دینو وەفا رووسووری لای قاپیی خودا(١)
ئافەرین بۆ ئەو کەسانەی گـــۆی هونەریان بردەوە
کاکیخۆم مەعلومە خوا راستەو بەڕاستی هەربووە(٢)
بۆچ قسەی راستی بمێنێ هـــەر لە ژێری پەردەوە
زۆری وامـــان دی بە نـــاوی خزمـــەتی (خیر العمل)
زۆر کەســـیان ناحەق لە دینی ئەحمـــەدی لابردەوە
رۆژی خۆی دێ هـــەردوولا روو کەینە دیوانی جەزا
من بە رووسووری جەنابی ئـــەو بە رەنگی زەردەوە
( عورفی ) مەعلومـــە لای خوا شـــاعیرێکی عـــارفی
حەشری تۆ بکرێ لەگەڵ تەلحەو زوبیرو سەعدەوە(٣)

---

(١) ساحیبی دین و وەفام رووسووری لای قاپی خوام .

(٢) کاکی خۆم مەعلومە خوا راستەو بەڕاستی هاتووە .

(٣) ئەم نیوە بەیتە لە دەستنووسەکەی لای (خاڵ) نەنووسرابوو .

# دیسان

دیسان برینی کۆنی جگەرمە کولایەوە
ئەی چەرخی دوون لە سایەتەوە کێ حەسایەوە
حاڵی نەبووم لەپێشەوە وامزانی بوو کەوا
غونچەی فەرەح لە باغی ئەمەل بۆم گەشایەوە
هەر شەو ، سەحەر کە لە خەو هەڵئەسم کەچی
دیسان غەمێکی تر لە فەلەك تازە زایەوە
زستانی بەفر و سۆڵە ئەوا هاتە پێشەوە
هاوین بەسەرچوو بەرگی فەقیر وا دڕایەوە
پارەی جگەر خراوەتە ناو بۆتەیی غەما
قاڵ بوو تەواوی لا نەبرا تا توایەوە
نەمزانی بوو بە بەریەوە ژینم ئیتر نەما
بۆیە چراغی شادی بە جارێ کوژایەوە
وامزانی غەم بەسەرچوو نەما نەگبەتی ، کەچی
دەرگاهی شادمانی لە پڕ داخرایەوە
تفلە ، دڵم بیلاوێنە ئەی دایکی نیشتمان
با نەگری ، رایژەنە بە سەدای لایەلایەوە
جێی خۆیەتی جەماعەتێ حازر ئەگەر بکەن
تەعریفی شیعری ( عورفی ) بە شێخ و مەلایەوە

# خۆزگە سەد خۆزگەم

خۆزگە ســـەد خۆزگەم بـــەوەی مەیلی بە دڵـــداری نییە
ئەو کەسەی یاری نـــەبێ مەعلـــومە ئـــازاری نییە
من لە ژێـــر بـــاری غەمـــا عـــەینی کەمانـــە قامەتم
خوا پێـــداوی وایش هەیـــە روو قائیمە بـــاری نییە
خۆ بە شمشـــێری برۆ و مـــوژگانی دیـــدە کوشتمی
هێندە نامـــەردە بۆ ئـــەم جورمانـــە ئیقـــراری نییە
موددەتێکە یـــار لە ئێمـــە زویرە ، نازانـــم سەبەب
هێندە بێشـــەرمە وەفـــاکەی پـــار و پێـــراری نییە
چاو تەمـــای بینی نەمـــاوە بێ تەماشـــای رووی ئەو
غەیری تەســـلیمی قـــەزا بێچارەیـــە چـــاری نییە
قـــەولی زۆری داوە پێمـــان هیچی نەیهێنـــاوە جێ
وادە تێپـــەڕ لـــە دوو ســـاڵ نیمە کـــرداری نییە
باغی جوانـــان پڕ لە ســـەرو عەرعەر و عـــود و چنار
حەیفە ئـــەم باغـــە جوانـــە داری بـــەرداری نییـــە
( حمـــدالله ) موددەتێـــکی زۆرە رەنجـــوورە رەقیب
هێندە گیان ســـەختە ، چ فایدە دەردەکـــەی کاری نییە
ئەم خەیاڵاتـــە هەمـــوو هیچـــە ئەگـــەر راستت ئـــەوێ
رێگەیی چاتـــر لە قـــاپیی حـــەزرەتی بـــاری نییە

## لە گشت لایەکی دونیادا هەرایە

لە گشت لایــەکی دونیـــادا هەرایــە
بە وێنــەی شینی دەشــتی کەربەلایە
ئەوەی ئیمڕۆ لــە مەیدانا گــوڕەی دێ
بە بـــەرزی تێمەگە چـــاکی کەوایە
هەزاران ئەهلی سەرکردە و بە غیرەت
بە دەنگی ئــەهلی چەپڵــە موبتــەلایە
لەهەرشوێنێ ئەبینی، شێرێ مەغدوور
لە لانــە مردوو ، مامــە رێوی شــایە
وەرە بڕوانــە کاری چەرخی گەردوون
لە هیچ بـــارا نەبوو هاتۆتـــە کایە
نەما مایـــە لە لای هیچ مایـــەدارێ
کــەچی دوو دەسبەتاڵــە هاتــە مایە
بە هیچ نەوعێ قسەت ناچێتە توربە(١)
بە دەستێ چەپڵــە لێدەی دەنــگی نایە
نەما قــەدری قــەدر زانێ لـــە ئارا
ئەگەر زانایـــە گەر شێخ و مەلایـــە
لە نوێــژ و ڕۆژو وا ســـەد بارکالله
ئەدایان بردە ســـەر نۆبــەی قەزایــە
وەفــا دەرهــەق وەفــاداران سەوایــە
لە حەق سـپڵە وەفا عــەینی خەتایــە

---

(١) توربە : گیرفان •

# دەورە وای هێناوە

دەورە وای هێناوە ئیمـــڕۆ شـــەمعی دیـــوان پارەیە
نەشئە بـــەخشی خاتری بـــەزمی حەریفـــان پارەیە
پارەیـــە دەرد و نەخـــۆشی نایـــەڵێ غـــەم لائەبـــا
بـــۆ دەوای دەردی دەروونی دەردە داران پـــارەیە
شێر بە گـــوێ بگرە وەیاخود جەوهـــەرت لێ بێتە خوار
نایەتە بەر چـــاو بـــرادەر شـــاهی مەردان پـــارەیە
گەر بزانێ یـــا نەزانێ هـــەردوو یەکسانە لـــە لای
ئەهلی ئـــەم دەورو زەمانە حورمەت و شـــان پارەیە
حورمەتت نـــابێ بـــە قەد پـــوشێ ئەگەر پـــارەت نەبێ
پارەیە عیـــزز و بوڵەنـــدی سەدری دیـــوان پارەیە
پارەدارە کاکی خـــۆم بـــالآ نشـــینی مەجلیســـە
شەو چـــراغی مـــەجلیس و بـــەدری درەخشـــان پارەیە
دینی چی ، ئیمـــانی چی ، دینـــارە سەر بـــەرزت ئەکات
حافزی جـــەمعی شـــەریفی دین و ئیمـــان پـــارەیە
پارە یاخـــو مەنصەبت بێ ، با کە خـــۆت هیچیش نەبی
پێشڕەوی سەد ئەهلی عەقڵی ، فەرموو قوربان پارەیە
راستە خـــوا راســـتی ئەوێ پـــەردەی نهێنی لابەرە
بێینە ســـەر رێی حەق رەواجی حوکمی شـــاهان پارەیە
نەوەك وەکـــو من موفلیس ئەبێ لە دونیـــاو ئاخرەت
(جنة المـــأوی)ت ئەوێ دیســـان بە قورئـــان پارەیە

# سەبا هەستە

سەبا هەستە درەنگە نامەیەك لەم پیری غەمبارە
برۆ تەقدیم بکە بۆ خزمەتی ئەو شۆخی نازدارە
دەخیلت بم سەبا عەرزی بکە ئەوزاعی ئەم پیرە
لە جیاتی عومری چی ماوە زەلیل و زار و بێزارە
فیراق کارێکی کرد یارا شەو و رۆژی لە گریانا
بە لێشاو دێتە خوار فرمێسك لە چاوی عەینی ئاوبارە
نەکا بەد عەهدی و سستی بەسە لەم ئاخری عومرە
دەس هەڵناگرم هەتا ماوم ئەگەر بمدەن لە سێدارە
لەجێی لوتفو خۆشی شایەد دەستی کێشایە ناوجەرگم(١)
بە فریامان کەون ئەمجا دەخیلە خەڵقە هاوارە
جەفای بۆ ئێمەیە مەیلی سەفای بۆ خاتری غەیرە
تەماشاکەن موسوڵمانان چ موسوڵمانێکی غەددارە
سووتام برژام بە ئیمدادم بگەن یارانی کەم فرسەت(٢)
لە رێی خوادا موسوڵمانینە ئەم دەردەم بکەن چارە
عەبەس عومرم بە زایع چوو لە رێی لەیلێکی بێ رەحما
نەتیجەی هەر وەکو مەجنون جێگام سەحرا و کۆسارە
لە شینی شۆخی شیرینا کە دەرچوو گیانی شیرینم
رەقیبی بەد سیفەت وەك خەسرەوی پەروێز چ دەربارە
رجا، نامە، دەخالەت، هەر سێ تەئسیری نەکرد (عورفی)
عیلاجی ناکرێ ئەم زاڵمە لەم کارە ئینکارە
بنێژی لاشەکەم ئەمجا لە کێوی بێستوونی بێ کەس
هەتا قیامەت حیکایەت لائیقی تەسجیل و گۆڤارە

---

(١) و (٢) لە دەستنووسەکەی (خاڵ)دا نەنووسراوە •

## (بۆ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ)(١)

ساحیبا ! ڕێکەوتـــە بۆ بەنـــدە هەلێکی نـــادرە
ئەم دوو سێ نەزمـــەم لە لاتان گەر بمێنێ خـــاطرە
هەم نوشینی ئەهلی عیرفان و مەعریفەت پەیدا ئەکا
شەمسی ڕوویان بۆ گـــرۆهی ئەهلی ویجدان زاکرە
شەمعی جەمعی ئەهلی عیلم و ، (ناصیحی خیرالبشر)
مەدحی چیـــکەی نەقشی نیقاشی ئەزەل بـــۆی زاهیرە
چی بەیان کەم من بەیان ، خۆی پێشڕەوی ڕووناکییە
عالِمی حـــەق بێژ دیـــارە پشتی دونیـــا و ئاخیرە
حەق ئەبێـــژم شەرتە تاماوم لە حەق هیـــچ لا نەدەم
نەفی بکـــرێم گەر بە سواری باخیرە بـــۆ قاهیرە
( حمـــدالله ) وا نەمـــامی بـــاغی پیرم پێـــگەیی
شاهسواری موڵـــکی عەقڵ و هـــەم لە عیلما ماهیرە
مەدحی ئێمـــە یا هیجای ناحـــەز چ تەئسـیری هەیە
گەوهەری جـــوودی لـــە دەریایی و جـــوودا زاهیرە
تەرجوومـــەی حاڵی زەهـــاوی موجبی فەخـــر و زەمە
لوتفت فەرمـــوو تا ئەبەد بەندە لـــە لوتفت شاکرە
خەتمە ئێتـــر ئەی نەژادی پیری ئـــەو (خاڵە)ی کەوا
مورغی ڕۆحی وا لـــە گوڵزاری ئیرەمـــدا طائیرە

---

(١) ئەم شیعرەی بۆ مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ) ناردووە بەرامبەر کتێبێ که لەسەر موفتی زەهاوی بووەو مامۆستا خاڵ پێشکەشی کردووە •

# چ رووی‌داوە

چ رووی داوە لە من فکرم هەمیشە مات و خامۆشە
ئەبێ تەشویشی رووی دابێ کەوا ئەم هۆشە بێ‌هۆشە
ئەڵێن سەبرە بەری شیرینە هەرچەند پێشرەوی تاڵە(۱)
ئەگەر راستە بۆ ئەم سەبرە دڵا خێراکە تێکۆشە
سوراحی پڕ لە خوێناوی جگەرمی کردووە ئەمجا
کەچی پێشم ئەڵێ یا شێخ شەرابی وەسڵە بینۆشە
ئەگەر جەننەت بە مننەت بێ تەمەشای قەد نەکەم شەرتە
جەهەننەم گەر بە شمشێر دەسکەوێ وەڵڵاهی پێم‌خۆشە
ئەگەر رووی من بە زەردی نەقشی کێشابێ بەهای زۆرە
وەکو سووری گوڵی رووت بێ ئەوا زێڕێکی مەغشوشە
وەکو پەروانەی دەوری چراغی رووتە ، بێچارە
ئەمین بە باوەفایە دڵ نەکەی هەرزانی مەفرۆشە
ئەیا سۆفی ! گوناهی من ئەگەر هەر عەشقبازی بێ
خودای عالەم و ئادەم گونەهـ پەخشان و سڕ پۆشە
دڵی بردم بە روو خۆشی وەهام زانی بەخت بەرزە
کەچی هیچ پێم نەزانی بوو کەوا یارێکی زۆر توشە

---

(۱) ئەڵێن سەبرە بەری شیرینە هەرچەندە پێشرەوی تاڵە
ئەگەر راستە بۆ ئەم سەبرە هەتا ئەتوانی تێکۆشە

# رجایـــــــه

رجایه ئەم دوو سێ شیعرەم بـە دڵ زۆرباش تەماشاکە
ئەگەر مەقبوولی تـەبعت بێ بە جان و دیدە سـەوداکە
خەیاڵی ئاخـری رۆژت نـەبێ ، هەرگیز بە شـەر نابی
ئەڕۆی ئەمڕۆ بەسەر خاکا سوبەی سەرپۆشەکەت خاکە
مەبە غافڵ لـــە وەختی مردنا بۆ پێشـــڕەوی جوابت
درەنگە تـــا وەخت مـاوە خێـــرا تەلقینت ئیمـــلاکە
ئەمە دونیای دوونـــە عاقیبەت بۆ ئێمە هـــەر چوونە
لە حاڵی مردنا فـــەرقی نییە شا بێ ئەگـــەر شاکە(١)
برام بەزری خراپـە ، هەر پەشـیمانی بە بـەر دێنێ(٢)
بکە چـــاکە هەتـا ئەتـــوانی کاکە چاکە هـــەر چاکە
مەکە بـاوەڕ بە لوتفی پێنچـو دوو رۆژی زەمـان ئامان
هەزارانی وەکـو تۆی کـوشت ئەمە ئەخـلاقی ئەفلاکە
هەتاسەر نەبووە بۆکەس عەیشی دونیا، بەسیەمەغروری
کەمێ هۆش و شـعورت بێ تەماشای تاقی کیسرا کە
لە دونیا بێخەبـەر نازانی ئـەم دونیایە چەنـد دوونە
هەزارانی وەکـــو تۆی بـرد و هێنا هێنـــدە بێباکە
قسەم دۆســـتانەیە گەر ئیعتباری بکرێ یـــا نەکرێ
ئەگەر نەیگریتـــە گوێ دیارە ئەمە خاڵی لـــە ئیدراکە
گەرەکتە گـــەر بچیتە ســـەر فرازی ئاخـــر و دونیا
برادەر تاکـــو ماوی روو لـــە قاپی شـــاهی لەولاکە

---

(١) شاکە : پیاوێکی شێت بووە لە سلێمانی •

(٢) بەزر : تۆو •

## برادەر روو لە دەرگاهی خواکە

برادەر روو لـــە دەرگاهی خـــواکە
خوداوەندێ کـەوا تەنهـــا و تـــاکە
نەکەی تـــۆوی خراپـــە دانـەچێنی
برام بـــەزری خراپ ناهێنێ چـــاکە
خراپـــە هیچی لێ نایەتە بەرهـــەم
بکە چـــاکە بـــرادەر چاکە چـــاکە
نەتیجەو عاقیبەت هـەر چوونە بۆمان
لە جێی کەیف و سەما روو لە سەماکە
زەمانە زۆری وەك تۆی خست و کوشت
نەبەستی پشت بە پشت ئەم کۆنە لاکە
هەزارانی وەکو تـۆی خستە ژێر خاك
لە دەس ئـەم پـیرە تا ئەتـوانی راکە

# یار و دەس بـەرداری

یار و دەس بـــەرداری لێی کارێکی خـــەیلێ موشکیله
ئەی بـــرادەر تا بفەرمـــووی وەزعی واعیـــز باتیله
گـــەر قســـورێکم ببێ نـــابێ عیتـــابم لێ بـــکەی
چونکی قوربـــان ، پیاوی عاشق عەقڵ و هـــۆشی زائیله
رووت و برسی چۆنی بدەم پەنجـــە لە پەنجەی عەشقەوە
عەشـــقبازی و مـــوفلیسی وەڵـــڵاهی ســـەممی قاتیله
چۆن قبوڵ بکـــرێ ئەدای فـــەرزم لە دیـــوانی خودا
مودەتێ عومـــرم نەبـــوو نوێـــژێ بکەم بێ غائیلـــە
خانەی ســـەبرم نەما ، حاجـــەت ئیتر بنـــکەن بکەن
بۆ رووخـــانی دیواری عومـــری من لەســـەر لا مائیله
ماهی رۆژ و رۆژوگـــەر بشـــکێ گونـــاهی من نییە
رەوئیەتی قـــەوسی هیلالی تۆیـــە رۆژ و شـــەو باتیله
گەر نەگەیمـــە بابی ئەعـــلا و تەوەقوف ســـەدرەبی
باڵی تاقەتمـــە لـــە ئەنـــواری تەجـــەللی عـــاتیلە
رۆژی قیامـــەت گـــەردنت بگـــرم لە دیـــوانی خودا
لێت بســـێنێ دادی ئـــەم بێچارە رووتـــەی سائیله
وا هەموو رۆین و گرتیـــان یەك بە یەك رێـــگەی سەفەر
هاکا دەس پێـــکەین من و تۆیش دوا بـــە دوای قافڵە

## هەتاکەی گیرەوەی بەحری گوناهـ بم

هەتاکەی گـیرەوەی بەحری گوناهـ بم توخـوا بەس بێ
سەگی دەرگاهی خۆتـم ئەی رەئیسی ئەنبیـا بەس بێ
بە عاسیم تێمـــەگە خاکی بـەری پێتم بە جـان و دڵ
قبوڵم کە لە رێی خـــوا ئەی موحیببی کبریا بــەس بێ
یەکەم زانیـوە نەمکردۆتـە دوو خۆی ( عالـم الغیب )ە
ئیتر تۆبەم قبـوڵ کا ساحیببی ئەرز و سـەما بەس بێ
هەوای ناسازە وریابە بـە سورعەت مەیخەرە جونبوش
هەتا کەشتی نقوم نەبووە لە رێی خوا ناخودا بەس بێ(١)
لە کوورەی دۆزەخی دونیا سووتا جەرگ و هەناوی دڵ
هەوایی ســازگاری بێنە ئەی بادی سەبا بــەس بێ
تەنووری خانــەی سـینەم هەڵیقرچـان رەغیفی دڵ(٢)
ئەوەنـدەی زۆر بەگەرمی دامەخە ئەی نانــەوا بەس بێ
جەنابی حەزرەتی ئاخون تەمــەع خستووتیە فاك و فیك
بەسە بەس بێ شەپۆڕ و شینی دەشتی کەربەلا بەس بێ
هەتاکەی ئــەی نەزانی بێخەبەر ئیغفالی عالـــەمکەی
لە ژێر پەردەی عیبادەت دەس بڕین ئەی تا مەلا بەس بێ
بە زاهیر زاهیدی زوهد و بە باتین گورگی مەڕ خواردوو
بەسە دەس هەڵگرە بێخێر گوناهی ژێر عەبا بەس بێ

کوردیکا

بەسە ئەم قەومـــە جاهیلە بـــە حیلە هەڵفریـــواندن
خودای عالەم خەبەرداره بەسە ئەی روو سیا بەس بێ
رەفیقان وا هەمـــوو رۆیین و ئێمە بۆ ســـەفەر ماوین
وەره رووکەینە قاپی خوا ئیتــر ئینکاری خوا بەس بێ

---

(١) ناخودا : کەشتیەوان.

(٢) رەغیف : نان .

# مەکە بـــــاوەڕ

مەکە باوەڕ بەوەی پیشەی هەمیشە چەوت‌و دوو روو بێ
بە زاهیر ئەولیـای وەخت و لـە باتیندا وەکـو جوو بێ
ئەجەلمان وا لـــە مەیدانا وەکـــو پەروانــــە ، دەورانە
لە خۆمان بێخەبـەر · ناکاو لەگەڵمانا بـەرەو روو بێ
ئەجەل وەعدەی کـە هات هەرگیز دەقیقە مۆڵـەتی نادا
لە دەس ئـــەم زاڵمە رزگاری نابێ گەر ئەرســـتۆ بێ
کە کۆچت کرد لـە دونیادا لە ژێر خاکی سـیا پەنهان
ئەبێ ئەم لاشە جوانەی ئێمـە توعمەی مار و مێروو بێ
چ خێرێکم لـە دونیا دی بـە غەیری فیتنـە و ئاشووب
نەتیجە چوونــە لەم دونیایە وا چاکە هەتــا زوو بێ
ئەوەی چـاکەی لە دەس نایـە خراپەی کـردووە پیشە
بە ناو هەرچەندە زیندوو بێ بەڵام وای دانێ مردوو بێ
برادەر چاکەیــە عەدلە ، وەفایە هەر ئـــەمێنێ بۆت
وەکو نەوشـــیروان تاکو قیامەت ناوی زینـــدوو بێ
لە وەختی مردنــا فەرقی نییــە سەر تەختە یـــا خاکە
لە ژێرتـا دۆشەکت قوو بێ وەیا پەڕی پەرســـتوو بێ
بە هاش و هوش و تەزبیحی دوو سەد دانە مەکە باوەڕ
گرەو بوردە کەسانێکە تەبیعەت بەرز و خۆش روو بێ
هەموو کەس واجیبە بۆی بۆ سەفەر دوا رۆژی بەرچاوبێ
بە پێی ئەعمـالی موحتاجی بە چەند نانێـــکی تێشو بێ

جەنازەی داڕزاوی بێتـــە بەرچـاوت چــۆن ئەیزانی
قوماندانێــکی ئــوردوویێ وەیا جوانێــکی دڵ جوو بێ
بە حـاڵی زوعفی (عورفی) وا مەزانــە دوور لــە یارانە
تەنافی رشـــتەیی دینی دوو لەت نابێ ئەگەر مـوو بێ

# کەسێ داری نەژادی

کەسێ داری نـەژادی قیمەتی وەك دوڕ و گەوهــەر بێ
نەوەی ئەوگەوهەرەش تێراوی ئاویحەوزی کەوسەربێ
نەوەك هەر جەژنی ئەمسالی هەموو سالێ بەخۆشی بێ
لەمەولامە ئیتــر مەولا لــە مـــەولای یــار و یاوەر بێ
کەسێ تەعریفی گوڵکا گــەر بە دڵسۆزی مەکە شوبهە
دەماغی گەر لــە سایەی ئەو گوڵستانە موعەتتــەر بێ
بە زەردی تێمەگــە زەردی ڕۆخی سوورم کــە ئەیبینی
لە ئەکسیری مــزەی تەعریفە وا سەرپۆشی ئەخــزەر بێ
چ خۆشە داری نێــژراوی بە دەس پیری بوخــارا بێ(١)
هەموو ســالێ بەری بگرێ بەری یاقــووتی ئەحمەر بێ
عەدوی ئــەژداد و ئەحفادت لــە لای من حـــەزرەتی
بە کوێری دەســتی لێ هەڵناگرم تاکو کەڕ و کــەر بێ
لە تەعریفی گوڵ و ڕێحان هــوزارێکی وەکو ( عورفی )
عەجەب نابێ کە شێوەی تەبعی تامی شەهدو شەککەربێ

---

(١) پیری بوخارا : بەهائەدین موحەممــــەد کوڕی ئەحمەدی فاروقی کە بە (شاهی نەقشبــەند) ناوبانگی دەرکردووە لە ســاڵی ١٣٨٩دا لە بوخارا کۆچی دوایی کردووەو نێژراوە تــەریقەتی نەقشبەندی بەناوی ئەوەوە ناوی دەرکردووە .

# دڵ چارەی چی بوو

دڵ چارەی چی بێ کە لە ناو بەحری ستەم بێ
دووچاری جەفای جەیشی غەم و قەهر و ئەلەم بێ
سەد خۆزگە کە عومرم وەکو غەم دوور و درێژ بێ
یا عومری غەمم هەر وەکو ئەم عومرە بەکەم بێ
دڵداری خۆشە دیارە ، فەقەت شەرتی تیایە(١)
دڵ ، عاشقی رووی سەنەمێ ، نەك بە سەنەم بێ
باوەڕ نەکەی ئەسڵا بە کەسێ موددەتی عومری
هەر غایە و ئەفکاری شەو و رۆژی بە زەم بێ
کوا ئەهلی وەفا غەیری درۆ و بوغز و حەسادەت
ئینسانی بەد ئەفکار و حەسوود رەببی بەکەم بێ
ئیخلاسی بە دڵ بێ نەکو تەنها بە رواڵەت
ئەو نەوعە کەسە موستەحەققی خاکی قەدەم بێ
هەر شاعیرێ غایەی زەمی ناحەقە خەیاڵی
دەستی قەڵەمی دابڕزێ رەببی قەڵەم بێ
نەدبیستووە مەشهورە برای خۆم کە سەگی هار
چل رۆژە ئەڵێن عومری ئیتر بۆچی پەلەم بێ
ئەم پەنچو دوو رۆژەیشت وەرە بگرە سەبووری
بەڵکی گوڵی گوڵزارت بە گوڵزاری ئیرەم بێ

---

(١) دڵداری خۆشە فەرموو فەقەت شەرتی تیایە .

کوردیکا

# سزای کابرایەکی برسی(١)

حاجی (٠٠٠) لـــه لاتان قـــەدر و قیمەت پـــاره بێ
پێش ئەوەی تێر لێی بخۆی ، یاخـوا جگەرتان پاره بێ
تووشی دەردێ بی لـه ئەنـدامت جەراحەت بێتـه خوار
دوازده ئاشگێـری لێ دەرچێ هـەر وەکو ئاوبـاره بێ
مامە حاجی پـاره بەرزی کـردووه سـەرداری ئەوێ
قەد نەبی سەردار ، نەسیبی تـووشی ئەم سەرداره بێ
جەژنی یـەك ساڵەی بەجێهێنـانی بـەزمی کاکەیی
تاکو ماوه خـۆی و ئەهلی تـووشی ئەم ئـازاره بێ
پاش فەوتی حـەزرەتی حـاجی له قەبـر و قیامەتا
زۆر ئەمەلـه هەمنشـینی دێوێـکی پەتیـاره بێ
تێر نەخـۆی لەو پارەیـه حاجی له خـوا داوا ئەکەم
دەست و پێت بەستراوی کـۆت و گەردنت سێداره بێ
خۆت به چاوی خـۆت ببینی بەم زوانه حـاجی گیان
ماڵ و منـداڵت نەسیبی شوێنەکەی ئەو خـواره بێ

---

(١) لەسەر ئەم شیعره به خەتی شـاعیر نووسراوه سزای کابرایەکی برسی لات‌ولووت ، بوو به حاجی‌و پارەدار بوو • به بۆنەی پارەوه مەغروربوو•

# لەمەولاوە مەگەر باری قەزابێ

لە مەولاوە مەگــەر باری قەزا بێ
دڵی من موبتەلای جەور و جەفا بێ
گوناهی چی‌بوو ئەی شۆخی ستەمکار
بەدەستی جەورەوە دڵ موبتەلابێ(١)
ئەگەر مردم گوناهی‌من بەئەستۆت(٢)
حسابی میحنەتم ( یوم الجزا ) بێ
دەمێکە خۆم ئەپارێــزم لە دولبەر
بڵێــم چی گەر بــەڵایی لابــەلا بێ
هەتــا ماوم لــە دونیادا لــە حەقم
ئەگەر چاکی نەکا چــاکی کەوا بێ
کە چووم چوونم نەهاتە تا قیامەت
مەگەر گەردم بە دەم بادی سەبا بێ
لە دونیادا نەبوو کەس لێم بپرسێ
مەگــەر دادم لە دیوانی خــودا بێ
لە روویی مەرحەمەت رۆژێ ئەزانێ
لە حاڵی من ئەگەر ساحێب وەفا بێ
خەیاڵی شەوقی رووی مەستی نەکردم
دەخیلــە ســاقیا زووکە شــەرابێ
شــەرابی ئاخــری رۆژم بنۆشــم
ئیتر با دەرد و میحنەت ئینتیهابێ

(١) بە دەست جەوروجەفاوە موبتەلابێ •

(٢) ئەگەر مردم ئەو بەڵایی من بە ئەستۆی •

## دڵی بێچارەکەم

دڵی بێچارەکەم شـــایەد بە غافڵ دەسخەڕۆی تـــۆ نەبێ
دەری بکەم شەرتە نەیهێڵم لەسەر ئەخلاق و خووی تۆبێ
ئەبێ ئەشـــــکی نەدامەت دابڕێـــژێ چـــاوی من دائیم
ئەگەر نـــووری بینایی ئەو بە ئەمڕۆ ئـــارەزووی تۆبێ
غولامی فکری بکـــــرێ من نەوەی ناِبێ رەســــەن بێنێ
ئەگەر ئەو بەرهەمە راســــتبێ بەری تۆوی نەوەی تۆبێ
کەمەندی پێچـــــراوەی پێم لە پێم نابیتــــــەوە هەرگیز
ئەگەر ئەو بەســـتراوە بەستەیی زنجیری مـــووی تۆبێ
لە ڕێی خوادا عیبـــادەت پیشـــەی ئەییامی عومـــری بێ
جەهەننەم جێگەیەتی ئەو کەسەی چاوی لە دووی تۆبێ
بەبێ جورمو جینایەت کوشتنی عاشق لەکوێ روویدا(١)
نەبووە ، نابێ لە دونیادا مەگـــەر ئەخلاقی زووی تۆبێ
بەڵێ دیارە کـــە بەد عەهدی لـــە زومرەی نەوجـــەوانانە
ئەویش بەد عەهدە ئەو جیلەی لە تۆ بێتو لەدووی تۆبێ
چەمەن گەر بیدەوێ تەشبیهی رووی تۆ کا موقابیل گوڵ
خەجاڵەتبارە تا قیامەت ئـــەبێ مەحجووبی رووی تۆبێ

---

(١) بەبێ جورمو جینایەت کوشتنی عاشق لە کوێ کەی بووە

# دڵا پێم‌خۆشـــــه

دڵا پێم‌خۆشـــــه قوربانی قــــەد و باڵای نیـــگارێ بی
لە سایەی ئـــەو نیگارە تا لە جوملەی بەختیــــارێ بی
چ خۆشە من کــە سەییادی جوانان بم لە چـۆڵ و هەرد
بە شــەرتێ تۆیش لە ناویانا غەزالەی نــاو نزارێ بی
بە جوانی خـۆت مەنازە ئەی جوانم بەسیە مەغــرووری
بەڵێ وا فــەرز کرا غونچــەی گوڵێکی نەوبەهــارێ بی
ئەکەم گیــانم فیدای خاڵی سەری گۆنات بە جـان و دڵ
بە شەرتێ تۆیش هەتا ماوی لەسەر قەول و قەرارێ بی
جەوانم خـۆت بپارێـــزە لە ئـــاه و ناڵەی ســـینە
مەبادا خوا نەخـــواستە بەر دوعــــای دەردە دارێ بی
نییە باکم هەمــوو رەنجم عەبــەس بڕوا وەکــو فەرهاد
بە شەرتێ هەر وەکو شیرین بە دڵ بۆم غەم گۆسارێ بی
نەما تاقەت لــــە ژێر باری غەم و هیجرا ئیتــــر بۆچی
لەسەر ئەم باری هیجرانە دیسان تۆیش نیوە بارێ بی
بە خاکی پــــات قەسەم یــارا نیاز و مەقســــەدی ئێمە
وەهای پێ‌خۆشە تــا ماوی گوڵی غونچەی هەنــارێ بی
وەرە ئەسپی بەلاغەت لنگ بــدە ( عورفی ) لە مەیدانا
کە بەڵکی تــۆیش لە ریزی شاعیرانا نیوە ســوارێ بی

# بـــــــرادەر

برادەر عەشـــقبازی و سەبووری گەرچی زەحمـــەت بێ
ئەبێ عاشق لــە ڕێگەی عەشقەوە دائیم بە هیمـــەت بێ
نەکا خــۆی موفلیسی بەرچــاوی یــاران و ڕەقیبانی(١)
وەها پیشان بــدا دائیم بە وێنــەی زەڕ بە قیمـــەت بێ
مەدە گــوێ تەعنــەی ئەغیــار لە تــیری تانــەی بەدکار
لە بیرم دێ کە ئوستادم وەهای فەرموو بە ڕەحمەت بێ
ئەگەر یــاری دڵارامێ لــە ڕێـــگەی عیشوە و نـــازا
لە ڕوو خــۆشی و جەوانیدا بە ڕۆح سوکی بلیمـــەت بێ
ئیتر باکی نییـــە هەرگیز لـــە دونیادا هەتـــا ماوە
دووچاری بـــیری تانەی ناحەز و لۆمە و مەڵامـــەت بێ
هەدەف بێ سینە بۆ تیری موژەی دڵداری هــەر خۆشە
بەڵێ یا هــەرچی بادا باد ئەگەر قەسدت موحیبـــەت بێ
نەکا بەد عەهـــدی و سستی لە ڕێـــگەی عەشقبازیدا
بە وێنەی شێر لە مەیدانا وەکو ڕۆستەم بە هەڵمەت بێ
لە شمشێری بــرۆی دڵدار ئەبێ پەروای نــەبێ عاشق
لە ســاحەی عەشقبازیدا چییە با جەرگی لەت لــەت بێ
سەر و مــاڵــم ئەگەر بڕوا لـــە پێناویا نییـــە باکم(٢)
لە گوڵزاری گوڵی ڕووی وەرگرم فرسەت غەنیمەت بێ
بەڵێ ئەشعاری ( عورفی ) سافە وەك ئاوێنەی ڕووی یار
ئەبێ پێی ئیعتــراف بکرێ ئەگەر نــەختێ حەمییەت بێ

---

(١) نەکا خۆی موفلیسی بەرچاوی یاران و ڕەفیقان .

(٢) ئەکەم شەرتە لەپێناوی سەرو ماڵم ئەگەر بڕوا .

# تاکو کـــــەی

تاکـو کەی بێ دڵـی من مەیلی بـــە دیداری تـــۆ بێ
پای بەندی قەفـــەس و مـــورغی گورفتاری تـــۆ بێ
دڵم هەرچەندە لـــە تۆ ، غەیری زەرەر خێـــری نەدی
دەك ملی بشـکێ دیسان گـەر لە سەر ئازاری تـۆ بێ
منم هام سوحبەتی ئەییامی غەمت ، لوتفت لەگەڵ غەیر
کەژ و کێـوم وەتەنـــە گەر ئەمـــە کرداری تـــۆ بێ
ئەی جوانی غـــەوری غەزەب ئـەم غەزەبەت تـاکەی بێ
کەمەرم بەســـــتەیی زنجـــیری سیەهـ ماری تـــۆ بێ
خۆشە لام موفتەخێــرم گەر دڵی من بێ شـــەو و رۆژ
باغـــەوانی چەمـــەن و غونچـــەی گوڵزاری تـــۆ بێ
حەیفە سەد حەیفە دەوای دەرد و غـــەمی عەشق ئەزانێ
چۆن نەخۆم غـــەم عەجەبا گەر ئەمە ئەفکاری تـــۆ بێ
پڕ کـە پیـــاڵە ســـەنەما زەهرە ئەگـــەر بینۆشـــم
گەر قەدەح پـوڕ لە مەی و بادەی سەر شاری تـۆ بێ(١)
کەی رەوای حەقـــە کـــەوا ( عورفی ) بێچـــارە فیدای
سەرووی بـــاڵای تـــۆ بێ ، نوقتەی پـــەرکاری تۆبێ

---

(١) سەرشار : تالێوان .

## دڵێ دائیــــــم

دڵێ دائیم خەیـاڵی سەرجەمی هــەر روویی لەیـلا بێ
بە ناچاری وەکو مەجنون ئـەبێ هەر شێت و شەیدا بێ
لە ناو ئەهـل و قەبیلەی ئیختیـاری دوور پەرێـزی کا
رەفیقی وەحشیان و وێـڵی دەشت و چۆڵ و سەحرا بێ
کەسێ ویستی لــە پێناوی جوانان ســەرفی عومری کا
لە رێی عەشقا هەتا ماوە ئـەبێ مەهتووك و ریسوا بێ
هەناسەی سەردی من پشـــکوتنی غونچەی گوڵی رووتە
بەڵێ دەم کردنــەوەی غونچـە بەبێ بادی ســەبا نابێ
جوانم ، بەســیە مەهجووری خودا هەڵناگــرێ ، تاکەی
کە ئەشکی چـاوی من تەشکیل بکا هەر ســاعەتێ زابێ
وەکو من کەس هەیە ئاخۆ دووچاری دەرد و میحنەت بێ
سەحەر هەستم غەمێکی‌تر لــە بەختم سەر لەنوێ زابێ
سەری زوڵفی جەمــاڵی رووی کە داپۆشی بـەبێ شوبهە
وەکو مانگی شــەوی چواردە بەشــەرتێ نیوە گـیرا بێ
لە شەرما دانــەوێنی سەر بە دائیم دەستە ئەژنـۆ بێ
لە رووی یـارا گوڵی باغی ئـیرەم نەختێ حەیـای مابێ
دیسان پێم‌خۆشە مەسرورم لە ئەوزاعی زەمان (عورفی)
ئەگەر ئەو دولبــەرە ئەمڕۆ لەسەر عەهد و وەفـا مابێ

# ئاه لە دەسی جەوری فەلەك

ئاه لەدەس جەوری فەلەك ئەیوای لەچەرخی چەنبەری[1]
داد لە زوڵمی بێشوماری وەی لە حوکمی بەربەری[2]
بارك‌الله ئەی فەلەك میزانی عەدلت وا ئەبێ
ئەهلی دانش (تحت الاقدام) و لەسەر سەر سەرسەری
با سەرەو ژوور بێ ، ئەبێ رۆژێ سەرەو ژێرت کا
نەك هەموو کەس لێی بزانێ ئیدعای سەروەری
تاقی کیسرا بۆ مەقامی شاهی عەدلە و ئیستەکەیش
مار و مێروو جێ‌نشینی شوێنی میللەت پەروەری
با مەقامت سەر بکێشێتە فەزا و جەووی سەما
یا بلندتر بێ لە بورجی ماه و زوهرە و موشتەری
یا لە کونجی خەڵوەتا خەڵوەت نوشین بێ رۆژ و شەو
بۆ کەرامەت با بگەینە روتبەی پەیغەمبەرێ
یەك بە یەك فەرق ناکرێ رۆژ و زەمانی خۆی کە هات
گەر گەدایی بەر دەری ، یاخۆ شەهنشای خاوەری
ئاخری دەستی ئەجەل ئەدڕێ گریبانی ژیان
ژێری ئەو خاکەت ئەخا ئیمڕۆ بەسەریا تێپەڕی
بۆچ ئیتر مەغروور ئەبی دەعیەی فەلاتوون لێ ئەدەی
ئاخری کارت ئەسیری ژێری دوو گەز چادری

---

(١) چەنبەر : ناڵەبار .

(٢) بەربەر : بێ‌سەروشوێن .

## دەمێکە موبتەلایە دڵ

دەمێکە موبتـــەلایە دڵ بە حەڵقـــەی داو و زنجیرێ[۱]
رەفیقان هیمـــەتێ ، نامەردە ، بۆم کەن راو و تـــەدبیرێ
دڵێکم بوو خەبـــیری هۆش و فیکرم بوو ئەویشـــم چوو
شکایەتنامەیـــەك ، خێرا بنووســـە ، خامـــە تەحریرێ
دەخیلە خۆی نەخاتـــە ئاگری نـــاو خانەی ســـینەم
مەبادا خوا نەخـــواستە روو بدا ئەمجـــارە تەقدیرێ
پەرێشانم بە دەســـتی لەشکری غـــەم کوا مەدەدکاری
خوا وێـــرانی کا ئەم شـــارە تێیدا نەمـــدی دەسگیرێ
حەسادەت بۆتـــە ئەسبابی دڵ ئـــازاری بە ناحـــەق لێم
خوا ، وێـــران بێ ئەم خانـــەی حەسودانەم بـــە تەدمیری
هەتاکەی تەفرەیی وادەی درۆی ئەمـــڕۆ و فەردای بم[۲]
غەریق مـــاوم لە ناو گێـــژاوی بەحری داو و تـــەزویری
فیکر رۆیی نەمـــا زائیل بـــووە ، هـــاودەردێ نابینم
بە دەنگ هاوارمـــەوە بێ بۆ خوا ئەم فیکـــرە تەنویرێ
ئەزانی بـــۆچی پێم رازی نییـــە دولبەر وەهـــای فەرموو
لە لایی پەهلـــەوی جـــوانی راکشێ تیرێ نـــەوەك پیرێ
دڵی خەستەم کـــە چارەی دەردی نەکـــرێ لای ئەتیبایێ
تەجەنوون عیللەتـــە ( عورفی ) خێرا بینێـــرە لای پیرێ

---

(۱) دەمێکە موبتەلایە دڵ بە حەڵقەی داوو تەزویری
(۲) هەتاکەی تەفرەی وادەی درۆی ئەمرۆزو فەردای خۆم

# هەمـــوو رۆژم

هەموو رۆژم لـــە تـاو ئێشی بـــرینێ
لە کونجی سـینە دێ نالـەی حەزینێ
ئەمــە ژینە ئـەژیم تیا لە دونیـــا
ژیـــانی چی خوا بیبـــڕێ ، چ ژینێ
لە لێشـاوی زوخاوی سـینە ئـەڕزێ
لە ژێر سـەرما هەموو ئانێ سـرینێ
بە ئومێـدم هەتـا ماوم لە عومـــرا
خــوا هەرچـۆنێ بێ عەبـدی بـژێنێ
فەقـەت دائیم خەیـالم تـرسی مەرگە
ئەجەل بـۆ گیانەکەم کەوتـە کەمینێ
خــوا ئەیزانێ لاشەم چـۆن ئەنێـژرێ
چ شــوێنێ بێ لـەکام خـاك و زەمینێ
برادەر عاقیبـەت هەر چوونـە بۆمان
خوا هەر خـۆی و هەر مولکی ئەمێنێ
نەبەستی پشت بـە رووخۆشی زەمانە
ئەوەندەی پێ نەچێ ئیمڕۆ و سوبەینێ
لە ناو خانەی من و تـۆ رۆژێ ئەیبینێ
لە پڕ بەرز بێ سەدای گریان و شینێ
کەوابـوو تاکـو مـاوی نـاوێ دەرکە
کلاوێکی بە رەحمــەت بوو لە سەرکە

# برام گوێ بگره

برام گوێ بگره لەم پەنـــدەم کە لەم پەندانە تێبین کەی
ئیتر با موددەتێکیش چی ئەبێ بەحسی وەفا و دین کەی
تەکەببور ئاخـــری مایـــەی فرۆمایە بە بـــەر دێنێ
مەبەلووت‌بەرزو مەغرورخۆت‌موقابیل‌ماه و پەروین‌کەی
ئەگەر راستە بە دڵ عەهد و وەفای دۆستت بەجێ بێنی
لەگەڵ دۆستی وەفا پیشە لە دڵ خاڵی درۆ و کین کەی
ئەگەر سدق و سەلامەت پیشەیی روویی حەقیقەت بێ
لە لای یاران ئەبێ خۆت دائیما مەحبوب و شیرین کەی
لەحەق هیچ‌کەس مەبە دووروو نەوەك هەروەك گوتویانە
رەفیقی گورگ لەگەڵ مەڕ بارەباڕ و گریە و شین کەی
مەبە غافڵ کـــە دونیا پەنچو دوو رۆژە لـــە پڕ ناکاو
مونادابانگ‌ئەکا توێشوی سەفەرکە، ئەسپەکەت‌زینکەی
بە دڵ ئیخـــلاسی دۆستانت ئـــەوێ وا واجبـــە بۆ تۆ
وجودی خۆت لە دەوری باغی یاران عەینی پەرژین کەی
لە بۆ ئیخـــلاسی دۆستانت لە گێژاوی بـــەلا دەرچن
بە عەینی مەعبەری دوکان و جوودت پردی نارین کەی(١)
ئەوا یـــاران هەموو رۆیـــین ئیتـــر وادەی من و تۆیە
ئەمە رێی راستـــە بەخوا بۆچ ئیتر ئینـــکاری ئاین کەی

---

(١) پردی نارین : پردێکە لای قەرەتەپە •

## ئەگەر ئەو نووری ئیمانەم

ئەگەر ئەو نووری ئیمانەم لەخەو وەقتی سەحەر هەڵسێ
فیدای خاکی بەری پێی کەم دڵ و گیان و سەرم هەرسێ
رەحم بەم پیرییــــەم کە ئەی دەخیلت بم نـــەکەی ئامان
نەبم مەحروم • شەهەنشاها ! بەحەققی سورەتی قورئان
لە حەسرەت ڕوو رەشی خۆمـا شەو و رۆژ دیدە گریانم
لە ئەعمالی سیەهـ رۆژم • پەرێشـان ، هەم پەشیمانم
گونەهبارم بـــە جۆرێ • نامــەی ئەعمالــەکەم بێنە
لە سەر تــا پێ لە پێ تا سەر بەجارێ کەیلــە تاسینە
لە دیوانی جــەزادا بۆ خـــوا پشت و پەنـــاهم بێ
رجاکاری جـوابی قەبر و هـــەم رەفعی گونـــاهم بێ
بە سۆزی سـینەوە شەرمەندەیی رۆژی قیـامەت خۆم
نەدامەت خـۆم لە ئەعمالم دووبارە هـەر نەدامەت خۆم
کە ئەمـڕۆ رۆژی ئـازادی ، دەمی عەفـوی گونـاهانە
فیدات بم پشـتیوانم بە لە ڕێی ئەم جـــەژنی قوربانە
سەبەب تۆ بووی کە ئیسماعیل نەجاتی بوو لە قوربانی
نەوەی ئەو زاتـــە شاهی ئەنبیای لێدێ خـــۆ ئەیزانی
نییە پشت و پەنـــاهم ماعەدا ئەو ســــەروەرە ئیمڕۆ
شەفیعم بە لــە ڕێی خوادا کــە ( حج الاکبـر )ە ئیمڕۆ

# ئەی رەفیقـــــان

ئەی رەفیقان هیمـــەتێ بۆ دەردی ســـینەم مەرهەمێ
تاکو کەی تەنهـــا لە کونجی حەسرەتا بم هـــەمدەمێ
ئەی فەلەك تاکەی بمێنم وێڵی ســـەحرا و چۆڵ و هەرد
وەك وەلی دێوانـــە عاشق بـــم بە روخســـاری شەمێ
ئاخری بۆ کـــوێ بڕۆم چیبکەم لە دەستی جـەیشی غەم
هەر شەوێـکم چەرخی گـەردوون بۆم ببـارێنی غەمێ
شاری ســـینە دائیمـا ئاشـــوبی غەم دایگـــرتووە
نەمدی خـۆشی لـــەم خەراب ئابادە غەیـــری ماتەمێ
قودرەتێ بـۆ دەفعی دێوی غـەم لە سەر موڵـکی وجود
بۆ خوا ئـــەی ئاسفی موڵـــکی ســـلێمان خاتـــەمێ
تاکوکەی وێران بێ موڵکی دڵ بەدەست پووری پەشەنگ
بۆ شکستی پەنجـــەیی ئـەم زاڵمـە کوا رۆســـــتەمێ
کوا زەمانی تـــافی جوانیم قـــودرەتی پەنجـەیی هونەر
ئاخـــر بـــەم پیرییـــە کەوتومـــە داوی پەرچـــەمێ
توشنە لەب بـــۆچی بمێنم ئیلتیجـــام هێنایـــە بەر
بابی عـــەدلت ئەی ( شـــفیع المذنبینم ) زەمـــزەمێ

# هەموو شـــەو

ھەموو شەو سەر لەنوێ بۆم دێ بەڵایێ
لە هـــەر لایێ بـــەڵایێ لابـــەلایێ
نەبووە ساتێ کە ساکین بێ دڵی من
قەدەر ئەڕوا لـە جێی ئەو دێ قەزایێ
هەڵی پێچـابوو گۆپـکەی داری بەختم
عەدوی با رەش ئـەگەر دەوری نەدایێ
منەوەر بووبوو کاشـانەی دەروونم(۱)
لە بەختـم مانگی چواردەم بـۆ هەڵایێ
نەوەك تەنها منـم مەحـزوونی دەوران
لە هـەر لایێ ئەبینـم موبتـەلایێ
تەڵاقی سێ بـە سێ‌دەم بووکی دونیا
عیلاج ناکـرێ بە فتـوای هیچ مەلایێ
لە دونیادا چ خۆشـیم دی هەموو شەو
فەلـەك بـۆم دایبـارێنێ جەفـایێ
نەجاتم بێ لـە دەس جـەوری زەمانـە
بە فریـادم بـگا ساحیب وەفـایێ
بەراستی مەقسەدت ئیخلاسە (عورفی)
دەخالـەت کە بـە گۆشەی خانـەقایێ

---

(۱) کاشانەی : خانەی •

# لە لای کێ!

لە لای کێ عەرزی شەکوا نەم چ دانایێ چ زانایێ
لە داخانا لە سینەمدا نەما حەرفێ ئەلیف بایێ
چ تەقدیرێکە رووی داوە زەمانە وەزعی گۆڕاوە
چ عەسرێکی وەها شوومە پەشێواوە لە هەر لایێ
نەماوە مەرجەعێ ئەوراعی کەم وەزعم بکا تەدقیق
دەهۆڵ ئەکوتم بەهەردوو دەست کەچی دەنگێکی لێنایێ
لە ناڵەی هەورو لافاوە کە ئیمڕۆ ناگەڕێ جووتم
لە بێ بارانییە وەستاوە ئاشم گرمەیی نایێ
ئەبێ چەرخیش نەمابێ بۆی لەمەولا قاعییدە و قانون
وەیا تەنها لە حاڵی من فەلەك هەر چاوی هەڵنایێ
بەڵێ لەم عەسرەدا فەرقی نییە بازاڕی زێڕ و زیو
نەما قەدری قەدر زانێ بە قەدری دانە خورمایێ
لە دونیا تێبگەی یا تێنەگەی هەردووکی یەك نرخە
نەما فەرق و فروقێکی چ کاڵایێ چ باڵایێ
هەزارانی لە ژێر خاکا رزانووە فیتنەی دەوران
ئەگەر تۆزێ حەیای مابێ بەسە هەر رۆژە زاوایێ
ئەگەر مێژوو تەماشاکەی ئەزانی پێشڕەوت چۆن بوو
لە کوێما شێری شێر ئەڤگەن لەهیچ لایێ سەدای نایێ(١)
بەسە توخوا بەسە شەکوا لەدەس گەردوون بەبێ عەفوا
کە گەردوون خۆی لە گەردانی غەم و قەهرایە دەرنایێ
بکا چارەیی منی بێچارە بەڵکە چارە سازم بێ(٢)
نەمێنم با لە ژێر دەستی بەڵای ئەعلایی ئەولایێ

---

(١)و(٢) ئەو دوو بەیتە لە دەستنووسەکەی لای مامۆستا (خاڵ)دا نەنووسراوە.

## فەلەك گەر بیدەوێ

فەلەك گـەر بیدەوێ بۆ مـوددەتێ مەئموورتکا رۆژێ
ئەبینی زۆری پێ نـاچێ لە پڕ مەنفـوورتکا رۆژێ
شەرابی عەیشی دونیا کەی وەفای بۆ کەس بوو تا ئاخر
ئەبینی عاقیبـەت ئەی کاکی خـۆم مەخموورتکا رۆژێ
بە سـەڕافی زەمان کـەی ئیعتمادی پێکـراوە قەت
لە خۆت تۆ بێخەبەر وەقتی حساب مەغدوورتکا رۆژێ
بەناز و خـۆشی رابوێری لە ناو قەوم و گـەل و خوێشا
کەچی هیـچ زۆری پێ ناچێ لە یـاران دوورتکا رۆژێ
ئەمە دونیـای دوونە کەی وەفای بردۆتە سـەر تا سەر
مەبە مەغروور هەتا ئاخر ئەگـەر مەسروورتکا رۆژێ
لە لای ئەهل و قەبیلەت موددەتێ هەرچەندە شیرین بی
ئەبێ بـۆ نیشی عالـەم هەر وەکو زەنبـوورتکا رۆژێ
شکم پڕ فیتنـەو و ئاشوبی دەورانت هەتـاکەی بێ
وەها نـامێنی دەورێ دێ فەلەك دەسـتوورتکا رۆژێ
ئەگەر ئەهلی سـەلامی رێی سـەلاحەت بگـرە تا مەولا
وەکو خاڵی بەڕەحمەت قەبرەکەی پڕ نوورتکا رۆژێ(١)

---

(١) مەبەست حاجی شێخ ئەمینی خاڵە •

# نەورۆزی ساڵی ١٩٦٠

سەحەر هەستام لەخەو بیستم کەئیمڕۆ ڕۆژی نەورۆزە
شیعاری کوردە لای یەکتر بڕۆن بۆ جەژنە پیرۆزە
برای شیرینی کورد ئیمڕۆ کەوا ڕۆژێکی دڵ ڕوونە
کە ڕۆژی ڕەزمی کاوە بەزمی سەر تەختی فەرەیدونە
هەوایی جەیشی نەورۆزە شکانی لەشکری زستان
بەرەو دووی نا بەجارێ بەفری سەر کێوان هەتا کەیوان
کە خاڵ‌خاڵ کەوتە سەر بەفری سەری ئەو کێوو کۆسارە
ئەڵێی خاڵی سەری گۆنای کەنیشکە کوردی نازدارە
لە هاڕە هاڕی لافاو و لە گرمەی کوورە شێوانە
سەما کەوتە سەما ئیمڕۆ بە جارێ دەم بە گریانە
بەهارە ڕۆژی نەورۆزە بڵێ ڕۆژی ژیان و ژین
گوڵی غونچە لەگەڵ بولبول ببەستن با گرێی کابین
نەمامانی نەژادی کورد مەوەستن دەس لە ناو دەس کەن
لە باغی سینەدا نارنج و لیمۆی گوڵ بەدەم دەرخەن
لە نەقشی غونچەیی گۆنای کچانی قەد نەمامانی
هەزارانی وەکو مانی ئەکەونە دەست و دامانی
لە جوانیدا ، بەهای ڕووی ئەو کچە کوردەی کەمەر چینە
شکستی نرخی بازاڕی جەمالی دولبەری چینە
شکا بازاڕی شەرمی گوڵ حەیای چوو نێرگسی شەهلا
گوڵی باغی ئیرەم ئەمجا لە داخانا هەنسک هەڵدا

گوڵاڵەی ســـووری سەر گۆناێ ئەم جــۆرە جەوانانە
لە سەرچاوەی دڵـــم ئەڕژێتە خوار خـــوێنی جگەرمانە
نەمامانی بـــەرەی بـاخی نەژادی کـــوردە سەرچۆپە
دەسا ســاقی قەدەح پڕکە بەسە تۆبە لــە دەس تۆبە
بە خوێناوی جگەر بوو غونچەی گوڵزاری کورد گەش بوو
لە خۆشـــیانا وەرە بمبینـــە وا ریشی ســپیم رەش بوو
عیراقی خۆشـــەویستی من بەهۆی ئـــەم رۆژە پیرۆزە
ئومێدمان وایـــە سەرحەدمان بگاتە خـــاکی فەرمۆزە
هەموو ساڵێ بە خۆشی روو بـــدا جەژنی نەوەی کوردان
منی پیریش لە گۆشەی حەسرەتا غەمبار و سەرگەردان
نەمامی باغی نەوجوانیم بەسەرچوو ، غونچە بێ بەر ما
وەکو فەرهـــاد بە ناچاری قوڵنـــگێ دەم بەســـەر سەرما
لەسەر نەورۆز و جوانانی وەتـــەن ئەشعارت بەم تەرزە
(مەلا) دەرکەوت کە بیری نیشتمانت دیارە زۆر بەرزە(١)

---

(١) مامۆستا کاکەی فـەلاح دەڵێت : من ئەم قەسیدەیە بـە هی نەجمەددین مەلا ئەزانم وە بیستوشمە لـە ئاهەنگێکی جـەژنی نـەورۆزی ساڵەکانی پەنجادا خۆی خوێندوویەتیەوە وە نازناوی ئەم قەسیدەیەش (مەلا)یە کە نەجمەددین مەلایە نەك عارف عورفی ... بەڵام ئەم قەسیدەیە لە لاپەڕە ٨٦ و ٨٧ دەستنووسەکەی شاعیردا نووسراوە و هیچ ناوێکی لەسەر نییە جا لەبـــەر ئەوەی لـە دیوانـــەکەدا نووسراوە دەیخـــەمە بەرچاوی خوێندەوارانی ئازیـــز هەرچەندە لە رۆژنامـــەی هاوکاری ژمـاره ٦٣٠ رۆژی ١٩٨٢/٣/٢٥ لـە ژێر ناوی نەورۆز و رونکردنـەوەیەکدا ئەو

باسەی سەرەوەم نووسیوە بەڵام ‌هیچ زانیاری‌یەکم لەو بارەیەوە دەست نەکەوت • تا روونکردنەوەیەکم لەلایەن کاك هەڵگوردی کوڕی عارف عورفی شاعیرەوە پێ گەیشت :

## روونکردنەوەکە

لە ساڵی ١٩٦٠دا قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم پێش چەند رۆژێك بۆ نەورۆز مامۆستا نەجمەددین مەلا هات بۆ لای باوکم ، لەو کاتەدا منیش لایان دانیشتبووم وە داوای لە باوکم کرد کە ئەو قەسیدەیەی لەسەر نەورۆز داینا‌وە بۆ ئەوەی بە ناوی مامۆستا نەجمەددین مەلاوە بڵاوبکرێتەوە باوکیشم وتی باشە ئێوارێ بە هەڵگوردا بۆت‌ئەنێرم، ئێوارێ خۆم بە دەستی خۆم بردم بۆ چاپخانەی ژین لەوێ دام بە مامۆستا نەجمەددین • هەر بۆیە باوکم دای بە مامۆستا چونکە باوکم بەتەمای لە چاپدانی دیوانەکەی نەبووە •

هەڵگورد عارف

# دوێ شەو

دوێ شەو لە خەوا دیم سەنەمێ نازك و نازدار
شیرین دەهەنێ غونچە لەبێ وەك گوڵی گوڵزار
جانم بە فیدای بێ نەکو جارێکی هەزار جار
بۆ ئەو قەدە ئەو قامەتە ئەو لێوە شەکەر بار
لاکین لە دڵا مات و مەلوول و عاجز و غەمبار

نازك سەنەمێ چاوی وەکو نێرگسی شەهلا
گەردن بە مەسەل عەینی وەکو گەردنی مینا
قامەت چ قیامەت ، چ بڵێم قامەتە هەڵسا
دەستکردەیی ئوستادی ئەزەل حەزرەتی مەولا
دوور بێ لە بەڵای چاوی بەد و تەعنەی ئەغیار

قابل نییە مەدحی ، چ لە حوسنا چ کەماڵا(١)
ئەم نەوعە جەماڵە نەبووە هیچ لە خەیاڵا
ئەو قامەتە باریکە بەڵایە نەکو باڵا
گوڵ گوڵ وەکو تاوسە لە نەقش و خەت و خاڵا
دوور لە باڵای چاوی حەسوودانی بەد ئەفکار

لەو شەمسی ڕۆخەی • شەمسی فەلەك نەختێ حەیا كا
دەورانی بەجێبێڵێ بەرەو كۆی ئەوێ ڕاكا
شوعلەی كە لەسەر ئەرزە بەرەو ڕووی سەماكا
لازم نییە حاجەت بە ( ضیاء ) ڕەونەقی ناكا
دونیایە چراخانە شەو و ڕۆژی بە یەكجار

لەگەڵ ئەو حوسن و جەماڵە كە هەیە ڕووت و پەرێشان
بیبینە لە سەر تەوقی سەری تاكو بە دامان
بەم بینینە بوو ماڵی من و عالەمێ وێران
ڕۆژم بووە عاشوور و بە كوڵ كەوتمە گریان
بۆ ئەو گوڵی نازدارە وەكو ئاهووی تاتار

ئەمجا نەزەرم كردە جەماڵێكی بزڕكاو
ئاڵۆز و تەواو پەرش و پەشێو پەرچەمی ژاكاو
لەملاوە بۆ ئەولاوە چەماوە قەدی لاولاو
وەك توولە نەمامێ لە سەر و ژێری چەم و ئاو
بێ بەرگ و لق و پۆپی ڕزیو شوێنی سەرەو خوار

فرمێسكی ئەڕشت عەینی وەكو هەوری بەهاری
لێم پرسی بڵێ پێم چییە وا گریە و زاری
زارم بە فیدای تەنگی وەكو غونچەیی زاری
دەك موڵكی سلێمانی هەموو بێ بە نیساری(٢)
ئەسبابی چییە ئەی سەنەما گریە و ئازار

ئەو وەختــــە کـــە دیم ئاگـــری بەردایـــە گیـــانم
هەر ئەو دەمـــە بێخـــود لە پـــڕا لاڵ بـــوو زمانم
بـەو داغـەوە وا ئاخـــری هـــات وەقت و زەمانـــم
هاوارە ئـــەوا دەرچـــوو لە تـــەن ڕۆحی ڕەوانـــم
ناڵەم ئەچووە چـــەرخی فەلـــەك گونبـــەدی دەوار(٣)

---

پێم گووت ســـەنەما بەهـــری خوداوەنـدی نەدێوە
بەو حوسن و جەمالـــەی کە خـــودا داویە بـــە ئێوە
جوابی بـدە ئـــەی ڕۆحی ڕەوان لـــەو دەم و لێـــوە
فریام کەوە ڕۆحـم لە بـــەدەن دەرچـــوو بە پێـــوە
غەم بوو بوو ئەنیسم غەمی تۆیش لێم بووە سەربار(٤)

---

ڕۆحم بە فیـــدات بـــۆچی وەها مـــات و حـــەزینی
ئەسبابی چییـــە ! ئـــەی ســـەنەما چاو بە گـــرینی
وا مات و مەلـــوولی شـــەو ، ڕۆژ گۆشە نشـــینی
خۆزگەم بـەوەی ئەمـــزانی چییـــە بۆچی غـــەمینی
مردم لە غەمـــا خەڵقە دەخیـــل فرســـەتە هـــاوار

---

لێم هاتـــە جواب و گـــوتی من مـــادەری کـــوردم(٥)
مەعلوومە کـــە پەروەردەکـــەری کوردی نەبـــەردم
بێشك نییـــە ئێســـتە کـە ئـــەبینی ڕۆخی زەردم
سەد خۆزگە بـــە سەد خـــۆزگە کە من زووتـــر ئەمردم
نەمدیایە نـــەوەم ببنە ئەســـیر ، خادمی خۆنخـــوار

---

من مادەری کـوردانی زەمان ، هــەر وەکو شێر بووم
شێرانی نەبــەرد دایکی کــوڕی کوردی نەبــەرد بووم
ژێر دەستی نــەوەی من بوو هەموو مەملــەکەتی رووم
ئێران و هەمــوو موڵــکی خەتــا خاکی قەراقــووم
ئەمبەخشی هەمــوو تاجی ســەری قەیســەر و سەردار

میران و شــاهانێ کە لە ســەر ئەم ئــەرزە ئەژیان
کوردانی نــەوەی من بــوون لە سەر کــورسی دەوران
لەو بەحــری رەشە بگــره هەتا خــاکی خۆزســتان
بێ غیرەتیان ئاخــری گشت دەرچــوو لــە دەستیان
ئێستە کــە زەلیل زار و زەبــوون غەمگین و لێــو بە بار

ئەو وەختە کــە من بــیرەوەری دایکی وەتــەن بووم
فەرمــاندەری دەور خانمی ســەر موڵکی خۆتــەن بووم
کەس ناوی نەبــوو غەیری نــەژادی من و من بــووم
بەخوا ئیتــر موســتەحەقی دفن و کەفــەن بــووم
ئێستەم کە ئــەبینی شــەو و رۆژ عاجز و بێــزار

هەر رۆڵــەی من بوون لــە جیهانا هەمــوو پێشڕەو
دائیم لە حەشــەمدا وەکــو شــاهی کەی و خوسرەو
ئێستە کــە هەموو خــادمی دەرگاهی ئــەم و ئـەو
برسی و رەش و رووت بێ خەبــەر و چاوی پــڕی خــەو
بەو نەوعــە ئــەبن بــۆ گــەلی بێچارە مــەدەدکار

عیبرەت بــکە بیبینــــە وەرە دایــکی دراوســێم
داپۆشراوە ئەنــدامی ســەراپا لــە زەڕ و ســیم
ئەمجــا وەرە بنــوارە منیش رووتــم و برســیم
ئەیزانی کــە چی بــووم و ئەمێســتا کە من چیم
ئەولادی ئەوان بــوون هەموو سالار و بە ســەردار

غەیر من نــەوەکەم گشتی لەبــەر بوخــل و حەسادەت
خالّی لــە وەفــا ، دوو رووبــان بۆتە عیبــادەت
دەســتی تەمــەع و تەبنیــان لێبــووە عــادەت
ژێر دەست ئەکەون دەرچوو لە دەست حوکمی سیادەت
بەســیە کــوڕەکانم ببنــە دارێــکی بــەردار

بۆ خاتری خــوا بەســیە لەمــەولاوە حــەزەرکەن
ئەم تەوســییەی دایــکی خۆتــان نەختێ لەبــەرکەن
زوو هیمەتێ ئــەم خــاکە لە بێــگانە بــەدەرکەن
ئەی رۆڵــە کلاوی ئەبــەدی مــەردی لەســەرکەن
رۆڵــە وەرە غیرەتــکە خێــرا من بــکە رزگار

ئەی رۆڵە ئەمە غیرەتە من لێوە ئەبینم
سەرپۆشی سەرم بۆتە سەما فەرشە زەمینم
زووکە وەرە ناو هەڵمەتی مەردانە ببینم
سەرکەوتنی خۆتان و گەلان تاکو ئەمێنم
غیرەت بکەن و دەس بدەنە یەك بێنەوە بەرکار(٦)

---

(١) کەمالا : خوو رەوشت .

(٢) نیسار : نثار : بەقوربان کردن .

(٣) گونبەد : گومەز .

(٤) ئەنیس : هاودەم .

(٥) مادەر : دایك .

(٦) لێرەدا شیعرەکە تەواوبوو بەڵام لە کۆتایدا نووسراوە (ماویەتی) .



کوردیکا

# خاطرەیەك بۆ لاوانی نیشتمان بە یادگار

بەسە هەڵسە وەرە کایە ئیتر تێکۆشە بۆ هۆزت
بپارێزە لە گورگی بێ رەزا مالآتی ناو کۆزت
بە تیرێکی رەزە دۆزت
کە هۆزت چاوەڕوانی هیمەتی مەردانەتە رۆڵە
مەوەستە هەستە بستێنە لە جەمعی ناحەزت تۆڵە
کوڕم ئەم کارە مەقبوڵە
دڵێکی پاك و خاوێن پێکەوە گشت لایێ تێکۆشن
دڵ و گیان گشتی بفرۆشن هەتا ئەم خاکە نەفرۆشن
ئەگەر کوردێکی پڕ هۆشن
هەتاکەی بێ خەوی غەفڵەت خێراکە چاوێ هەڵبێنە
چراغی غیرەتت هەڵکە بە زوویی تۆڵە بسێنە
زووکە عەدووت بفەوتێنە
کوڕانی لاوی کوردستان وەتەن وا چاوی لێتانە
هەتا فرسەت لە دەس نەچووە خێرا مەردانە ئازانە
کە ئیمڕۆ رۆژی کوردانە
وەکو رۆستەم لە مەیدانا بەشان و شەوکەتە بەرزە
بە نووکی رم دڵی پۆری بەشەنگت بێنەوە لەرزە
لە سەر ئێوە ئەمە فەرزە
هەتا سواری مل و شانت نەبوون با غیرەتت هەڵسێ
بە رم کوێری کە چاوانی دوو ١ ٠ م ٠ ت هەرسێ
نەمێنێ تاکو دڵپیسی

یەکێتی شەرتە بۆ سەرکەوتنی هۆزت زوو یەك بگرە
بە حیلە قەد نەکەی باوەڕ بە دوو ڕووی نەخۆی تەفرە
ئەمە بۆ تۆ جێگای فەخرە
عەزیزانم بە دڵپاکی کە یەکتان گرت و یەك کەوتن
دەلیلی قاتعە یەکێتی بۆ ئەسبابی سەرکەوتن
ئەمەتە مەردی دەرکەوتن
ئەگەر مێژوو تەماشاکەن ئەبینن کاوەی ئاسنگەر
لە سەر کوردایەتی کەللەی زووحاکی کردبووە سەنگەر
هەتا مۆخی هێنایە دەر
کە من مردم وەسیەت بێ وەتەن دارانی شیرینم
لە سەر قەبرم بە کوردی بۆم بخوێنن وەعز و تەلقینم
بزانن کوردە ئایینم

# تاكوكەی رسوابین

تاكو كەی رســـوا بین ئەی كوردی بێچـــارە و هەژار
دەستە ئەژنـــۆ دابنیشســـین دەردەدار و لێـــو بەبار
تاكو كـــەی هـــەروا بمێنـــین (  .  .  .  .  )
ئاخـــۆ دێ رۆژێ ببینـــم نەگبـــەتی بەرتان بـــدا
چاوت بگلۆفـــە درەنگە كاكی خـــۆم هەڵسە لـــە خەو
زوو بـــە زوو خەرمانت شـــەن كە تێپـــەڕی وەختی درەو
زۆر دەمێـــكە دەردەدار و بێكەســـــە دایـــكی وەتەن
رۆڵـــەكانی غـــیرەتێ هەڵسن بچن چـــارەی بـــكەن
حەیفە دایـــكێ كوڕ لـــە باوەشیا بەخێـــوكا پێ گرێ
پێگەیی وەختێ لـــە جێی چـــاكە نقـــورچی لێگـــرێ
( بلفعل ) دایكت ئـــەبینی وا لـــە مـــاڵێ رووت و قووت
كۆرپەكانی ئاخـــۆ توخوا غـــیرەتت رۆژێ بـــزووت
راستت پێ بێـــژم بـــەكار نایـــە حـــەدیثی مـــاو و مەن
خاكی پاكت هەڵســـە رزگاركە لـــە دەســـتی ئەهریمەن
ئارەزووتـــان بێ لە ئـــارادا نەمێنێ هیـــچ نیفـــاق
یەك وجـــود و یـــەك دڵ و یـــەك روویە بـــۆ ئیتفاق
كێتان ئاگاتـــان لـــە كێیە قەومـــەكەت زۆر برسییە
سەعی و كۆششتان درۆیـــە غایـــە بۆ ســـەر كورسییە
شەرق و غەرب كەوتوونە كەشفی ماه و خۆرجەددی سەما
تازە نەوجـــوانانی ئێمـــە وان لـــە دەوری ئەلف و با
١٩٥٧

# شیوەن بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی

گردەکەی سەیوان مەڵبەندی جوانان
خانەی ئاخری گشت نەونەمامان
لەلات میوانن لە پیر و لە جوان
حورمەتیان بگرە بە دڵ و بە گیان
ئەو ئەرخەوانەی کە لێت رواوە
بە ئاوی خوێنی جگەر تێراوە
دەمێ ئەپۆشێ رەنگێکی سووری
دەمێ بە سەوزی تارا ئەگۆڕی
ئاخری تارای زەردی ئەپۆشی
شەرابی خوێنی جگەر ئەنۆشی
رەنگی سوور گۆنای نەوجوانانە
سەوزی نیشانەی تەعزیەدارانە
رەنگی زەردییەکەت پایز نیشانە
لە دووری ئازیز گەڵا رێزانە
گەڵا زەردەکەت لێی هەڵئەوەرێ
لە خوێنی دڵە پەڕەی جگەرێ
دیسان ئەی فەلەك چەرخی بێوەفا
خەجاڵەت باری بارەگای خودا
یارێ لە یارێ دوور ئەخەیتەوە
برینی کۆنە تازە کەیتەوە

چەرخی نابەکار هەر غەزەب بێنێ
ناوداریێ لە دەس کوردان بسێنێ
قەڵەم دەخیلتم خێرا ئازانە
مێژووی وەفاتی حیلمی بزانە
قەڵەم هاتە جواب بە قوڵپی گریان
بە پیتی ئەبجەد هێنایە مەیدان
بە لاوانەوە بە لای‌لایەوە
مێژووی وەفاتی وا هێنایەوە
یاری با وەفای گیانی گیانیم ڕۆ
کوردی نەوجوانی کوردستانیم ڕۆ

## شیوەن بۆ (حاجی شێخ ئەمین)ی خاڵ

لە یارانی صـــەلاحا بـــەختی بێچـارەم بـــەجێ ماوە
لقی نەگبـەت لەسەر پۆپـەی درەختی عومـری پێچاوە
بەیازی رووم بـە زەردی ، ئاخری عومرم تەبـەدول بوو
گوناهم ، مـاری بێ ئامان ، لەسـەر شان و مـل ئالاوە
تەمای باغی ئەمەل بووم ئاخری رەحمەت بە زەحمەت بوو
ئەبێ هەوڵی مەقـامێ دەم تەمەننای رەحمـــەتم ماوە
مەقامی پایـەی قـــەدری بـــگاتە مەرتەبـــەی ئەعلا
شەو و رۆژی بـــە ئەفـواجی مـــەلایك دەوری گیراوە
نەزەرگاهی ئیـــلاهی خانـــەقاهی حـــەزرەتی پـیرم
زیارەتگاهی عامـــە هەر وەکـو کەعبە لە هـــەر لاوە
بە نووری حـەزرەتی باری دەر و ژووری منـەوەر بوو
لەسەرسەفحەیدیواریسورەیی وە(التوبة) نووسراوە(١)
ئەمین بە قەبـری پڕ نووری بەهەشتی حـەزرەتی پیرم
ئەمین حـــەزرەتی باری بە سـەرما بـــاڵی کێشاوە
جەبینی پڕ لــە نووری بـۆ ( ضیاء یــوم الجزا ) فەرزە
بۆ ئەم خێر خواهییە رۆژی ئـەزەل لەو نووری خولقاوە
عەزیزم ئـارەزووی عەفـوی گوناهـانت دەوێ زووکە
هەتا فرسەت لە دەس نەچووە هەتا شەمسی فەلەك ماوە

گوناهبارا مەقـــامی عەفووە هەڵســـــە رای و تەدبیرێ
هەتا عومرت لـــە دونیادا پەنچو دوو رۆژێ بەقـــای ماوە
زیارەتگاهی عەفـــوی عامە بەو شەرتە ئـــەدەب شەرتە
لەسەر سینە بەرەو رووبە لەســـەر ئەژنۆ بەرەو دواوە
بۆ رێگە و بـــانی عەفوت لازمـــە رۆحیشت بسپێری
ئەگەر رۆحت لە نـــاو جیسما لـــە حاڵی غـــیرەتا ماوە
دڵێکی پـــاك و خاوێن ، ئیلتیجـــا بەرنە ئەبـــەر پیرێ
لە پیرانی قـــەدیمی بـــاو و باپـــیری ئەســـەر ماوە
بەسە هەڵسە وەرە ناو کایـــە نۆبەی تۆبەیە ( عورفی )
نییە بـــاکم ، مەقامی حـــەزرەتی پیرم لەبـــەر چاوە

---

(١) لە سەر سەفحەی دیواری ئایەیی وە (النورە) نووسراوە •

## پێشکەشە بەمامۆستا نەجمەددین مەلا

بیستم لــە ناوچەی خــاکی کوردستان
شارێکی تیــا بوو جــوان و ئــاوەدان
پیاوێــکی لێ بــوو زیــرەك و زانــا
نەخوێنــدەواری نەهێشت لــە نــاوا
بە تێکۆشــان و هــەوڵی خۆی ئەژیــا
چاوی لــە ماڵی کــەس نەبوو ئەســڵا
خێر خــواهی بەشەر بێ دەعیــە و مەتڵەب
خۆش خولق و روو خۆش ئەربابی ئەدەب
قەناعەت خــواه و دائیــم گۆشــەگیر
بۆ مەسڵەحەتی عــام نەسیحەت پەزیــر
رەنــجی ئەکێشــا رۆژ تــا ئێــواری
مەقســەد نــەهێڵێ نەخوێنــدەواری
لە حوجرەیــەکی تەنهــا و دەر بەســتە
ئامشۆیان ئەکــرد دەستە بــە دەستە
بە روویــەکی خۆش بە قســەی زۆر جوان
هاتوچــۆکەری بوو بۆ ســەنا خــوان
ژووری تاریــکی روونــاك کــردەوە
بە عەســای هیمــەت گۆی ئەبــردەوە
ئــەوی حەرفێــکی هەڵنەدەکــران
خوێندنی فێــرکردن بــە دوو سێ زوبان

لە بەر تێکۆشین سەعی بوو دەرسی
زۆر جار بە شەویش ئەما بە برسی
گەلێ شەو چاوی نەدەچووە خاو
خۆی ئەهێشتەوە بێ نان و بێ ئاو
خزمەتی دەرسی بۆ ئەم و بۆ ئەو
فەرزتری ئەزانی لە خواردنو خەو
زۆر کەس لە پیر و جوان و ئیختیار
لە سایەیەوە بوون بە خوێندەوار
لزومی نییە تەعریفی مەکە
ئەوی گوتوومە لە هەزار یەکە
کەسێ لە رێگای خوێندەواریا
تێکۆشێ بە جان بە دڵ بێ ریا
کوردێك بەم جۆرە تێکۆشانی بێ(١)
غەمی نەژادی لەسەر شانی بێ
کوردێك مەقسەدی خزمەتی گەل بێ
ئەو خزمەتەشی بە جان و دڵ بێ
کوردێك تێکۆشێ بۆ خزمەتی عام
تاکو گەلەکەی بگا بە مەرام
بەڵکی لە سایەی عیلم و ئەدەبا(٢)
پەردەی جاهیلی لە ناوا لابا
پاداشی ئەمە لازمە هەموان
حورمەتی بگرن بە دڵ و بە گیان
لە پاش مردنی بکرێ تیمسالی
بمێنێ یادگار لە بۆ ئەمسالی

نەوەك تەحریکی سەرسەری بکرێ
لە قاپی و جێگای بەردی تێ بکرێ
لە جیاتی خزمەت خراپە کردن
ئەم کارە کاری پیاوی نامەردن
ئەو کەسەی بە حەق ویجدانی پاك بێ
ئەگەر ساحیبی خولق و ئیدراك بێ
لەم نەسیحەتەم زۆر باش گوێ بگرێ
چاوێ هەڵبڕێ غیرەت وەرگرێ
باش بێ وەیاخود باش نەبێ لاتان
ئیتر خۆتان و خودای خۆتان
قسەی ئەم شەخسە لە رێگەی حەقە
لە قەدیمەوە قسەی حەق رەقە
قسەیان خۆشە پیرانی پێشوو
بۆ رێگە و بانمان ئەبێ بە تێشوو
نازانم کێ بووە ئەمەی گووتووە
وا دیارە زۆری رەحمەت بۆ چووە

---

(۱) ئەو بەیتە لە دەستنووسەکەی مامۆستا (خاڵ)دا نەنووسراوە .

(۲) کوردێك لە سایەی عیلم و ئەدەبا .

# بولبـــــول

دەمێ بــوو شێت و شەیدای بولبــولێ بووم(۱)
شـــەو و ڕۆژ عاشــقی ڕووی گــوڵێ بــووم
لە عەشــقی ڕووی جــوانی غونچـــەی گوڵ
ئەڕۆیشتم لەســـەر ئەم چـــڵ بۆ ئـــەو چڵ
شـــەو و ڕۆژم بە ئاوازێـــکی زۆر جــوان
دڵی پـــیر و جەوانــــانم ئەلـــــەرزان
بــە ئومێـــدی ویســـاڵی قەترەیـــە ئـــاو
هەتـــا وەختی ســـەحەر خەو نەچــووە ناو چاو
شەوێکی تـــا ســـوبەینێ پاســـەوان بووم
بە دائیـــم چـــاوەڕوانی بەر بەیان بـــووم
کــە وەختێ خونچـــە ئـــەو ئاوە ئەڕێـــژێ
بـــە ئامـــالی بـــگەم زارم بیچێـــژێ
لە دونیـــا بێ خەبـــەر پاش نیـــوەیی شەو
کە چووبـــووە هەردوو چاوم هێـــرشی خەو
لـــە زاری غونچـــەوە ئـــەو قەترە ئـــاوە
بەســـەر بـــەرگ و لق و پۆپـــا ڕژاوە
لە تاوانـــا ســـەری خۆمـــدا بـــە بـــەردا
بـــە هـــەردوو پێ چەپـــۆکمدا بە ســـەردا
زەمـــانم وا ژیـــانم چـــوون فەنـــا چـــوو
هەموو ڕەنجـــم بە جارێ گشت بە بـــا چوو

به ئـــاه و دەردی حەسرەت ، چـاوی گریـان
فـــرِیم رووم کـــردە ســـاراو و بیابـــان
لە بێ عەهـــدی و وەفـــای غونچـــەی گوڵ
ئەڕۆیشـــتم بە شـــەو مەنزڵ بە مەنـــزڵ
لە سەر شـــاخێ لە نـــاو باخێکی گیرســـام
قـــەدەر هـــات و بـــە داوی راوی گـــیرام
ئیتر دونیـــام بـــە جـــارێ لێ بوو تـــاریك
خرامـــە جێگەیـــەکی تـــەنگ و باریـــك
عەزیـــزم تۆیش وەکو بولبـــول زەبـــوونی
ئەسـیری ئـــەو گوڵـــەی دونیـــای دوونی
نەتیجـــەی کاکی خـــۆم دەورانی ناپـــاك
وەکو ئـــەو بولبولـــە ئەدخاتـــە ژێـــر خاك
کەوابـــوو تاکـــو مـــاوی نـــاوێ دەرکـــە
کلاوێـــکی بـــە رەحمـــەت بوو لەســـەرکە
هوزارێـــکی وەکو تـــۆی هێشت و خســـتی
ئەمـــە بـــوو ئاخـــری دونیـــا پەرســـتی

---

(١) شەیدا نووسرابوو (شەیدای)م بە راستر زانی .

## دەردی بولبولێکی بێچارە وە ئاخری عومری

شەوێ لە شەوان لە نیوەی شەوا
چاو و دڵ و گیان هەرسێ لە خەوا
چاوم هەڵبڕی کە دیم بولبولێ
ئەیناڵان لە بێوەفای گوڵێ
لە دەنگی ناڵەی راپەڕیم لە خەو
نەمزانی رۆژ بوو وەیا نیوە شەو(١)
ئەیلاوانەوە بە دڵێکی غەمناك
ناڵەی دەروونی گەیشتە ئەفلاك
جار جار بە خەندە جار جار بە گریان
وەك باوك مردە بە دڵ ئەیناڵان
خۆم نەگرت هەستام چووم بە لایەوە
سەلامێکم کرد جوابی دایەوە
لێم پرسی بولبول چی وا رووی داوە
شین و گرینت وا هێند بەتاوە
بزانم چییە بانگ و هاوارە
بە تیری زەهری کێ بریندارە
جوابی دامەوە بە قوڵپی گریان
چیم بەسەر هاتووە لە جەوری دەوران
گوێم لێ رابگرە لە وەعزی زەمان
لە دەس زەمانی بێ ئەمن و ئەمان

شەو و ڕۆژ لە تاو عەشقی ڕوویی گوڵ
ئەسوڕامەوە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
وەقتی غورووری ، تافی جوانی
لەسەر پەل ئەمخوێند بە کامەرانی
بە دەوری گوڵا ئەخولامەوە
وەکو پەروانە ئەسووڕامەوە
وەخت بەهار بوو گوڵ و گوڵزار بوو
شاخ و داخ و دەشت گشت لالەزار بوو
غونچە نەکراوە منیش ساڵە وەخت
ئەسوڕامەوە بە وخت و بێوەخت
لە عەشقی غونچە گوڵی نەوبەهار
نەغمەی داودیم هێنابووە کار
سەرخۆشی بادەی ڕۆژی ئەلەست بووم
لەعەشقی ڕووی گوڵ دایم سەرمەست بووم
نەمزانی خوا نەگبەتی بێنێ
سوار لە سەر زین زوو ئەگلێنێ
ئاخری بەهار لە گەرمی هاوین
ڕووم کردە چیای قەندیل و بازین
رامبوارد هەتاکو وەختی پایز
هاتمەوە بۆ لای یارەکەی ئازیز

که دیم له گوڵم ئەسەر نەماوە
وەك وێرانە ماڵ هەمووی رووخاوە
ئەو گوڵەی که دیم ئەوەڵی بەهار
له گەرمیی هاوین بۆتە خەسو خار
پەشێوە رووی گوڵ وەك من پەشێواو
بەرگو لق و پۆپ گشت پەرش و بڵاو
رووی سووری شەفەق وەقتی بەیانیان
گۆڕاوە هەر وەك زەردەی ئێواران
ئەو بەرگەی هەر وەك تارا پۆشی بوو
له جەوری پایز هەمووی وەری بوو
بە دڵ بە تەمای دەم له سەر دەم بووم
له جێی دەم لە دەم دووچاری غەم بووم
ئەمە بوو خۆشی ژیان و ژینم
سەبەب ئەوەیە ناڵە و حەزینم

## (جواب بۆ بولبول)

بولبولی جوانم هیچ خەفەت مەخۆ
له بەدبەختی خۆت مەبە رەنجەڕۆ
منیش عاشقی گوڵ ئەندامێ بووم
دووچاری چاوی ئەبلەفامێ بووم

ئـارامم نەبـــوو ســـاتێ بـــە بێ ئـــەو
دەور و خولـــم بوو بە ڕۆژ و بـــە شەو
کـــە زانی قـــووەی جارانـــم نەمـــا
تاقـــەتی بـــەزمی یـــارانم نەمـــا
ڕووی لێ وەرگێـــڕام بـــەبێ بەهانـــە
ئەوەیـــە عەهـــد و وەفـــای ئەمانـــە
دەرچوو لـــە دەستم یـــارەکەی گیـــانیم
پـــیری شـــکاندی پشـــتی جوانیـــم
لە دەستی پـــیری بووم زار و زەبـــوون
قامەت خەمیـــدە وەکـــو حەرفی نـــوون(٢)
ئێستەیشی ڕۆ ڕۆمـــەن هەموو بەیـــانی
ئای بـــۆ جـــوانی ، ئای بۆ جـــوانی
بێـــزارن لـــە من ئێســـتاکە یـــاران
بوومـــە نیشـــانەی تانەی بـــەدکاران
کەوابوو بولبـــول هـــەردوو هـــاو دەردین
هەردووکمان وەك یـــەك هەناسە سەردین
هەردوو ســـەر بنێین بە ژێـــر خاکەوە
بە دڵی پڕ جـــەور و بـــە غەمنـــاکەوە

---

(١) لە سـەرەتای شیعرەکەدا شاعیر کاتەکەی دیاری کـردووە کە (نیوەی شەوە) ئیتر نازانم بۆ کاتەکەی لە بیر خۆی کردووە •

(٢) خەمیدە : چەماوە •

## بۆ جەژنی قوربان موقابیل بۆ هەندێ دۆستان(۱)

جـــەژنت پیرۆز بێ بـــە دڵێـــکی خۆشی
شـــەرابی عـــەیشی و ســـەفا بنـــۆشی
ئیمرۆ ڕۆژەکـــەی جـــەژنی قوربـــانە
ڕۆژی شادییـــە و دەس لـــە ملانـــە
با یەکتـــر بـــکەین گـــەردن ئـــازایی
نـــەوەك ڕوو بـــدا لـــە پڕ جـــودایی
بـــرا ئەتـــەوێ بـــە ڕاســـتی بـــژین
تێر تێـــر دوو لێوی یەکتـــر بمـــژین
ئەمـــە قانـــونی جـــەژنی قوربانـــە
لـــە بەینـــا ئیتـــر دڵگـــیر نەمانـــە
تـــا لـــە کارایـــە دەورانی فەلـــەك
وەك بـــرا بژین بگـــرین دەستی یـــەك
بـــرام خێـــراکە هەتـــا فرســـەتە
بڕۆن بـــۆ لای یەك دەستە بە دەســـتە
ئەمجا دەی ســـاقی پـــڕکە جامی مـــەی
بە یـــادی جـــاران لێـــوە پەیا پـــەی
موتریب تـــۆیش خێرا بە نـــەڕەی کارنەی
کێ ئـــەزانێ سەبرم کەی بـــووە کەی کەی
لێدە دەخیلـــە بێ تـــرس و بێبـــاك
بام ئـــەم حەسرەتـــە نەبەینە ژێـــر خاك

لێــــده موقابیـــــل گەردن بلـــورێ
چۆن جـــەژن بێ پێــك بۆت هەڵئەســورێ
لــەو شەرابــــەی وا بێ دەرد و ســـافە
بە وێنـــەی گۆنـــای کەنیشـــکە جافە
بەیـــانی جـــەژن پێش وەقتی ســـــەڵا
لێـــده جـــامی مەی عیللـــەت لا ئەبـــا
ئەووەڵ رۆژ لێـــده شەرابی گـــوڵ رەنگ
تاکو لـــە جەژنا نـــەمێنی دڵ تـــەنگ
نـــەوەك شـــــەرابێ بـــدا ســــــەرخۆشی
بـــە جـــارێ دونیـــا و دینت بفـــرۆشی
لەو شەرابـــــە بێ کـــــەوا رەنگ ئاڵــــە
بەهەر چـــوار مەزەب نـــۆشی حەڵاڵــــە
هەمـــوو دۆســــتێکم جەژنـــە پـــیرۆزی
پیرۆز بێ یاخـــوا لــــە گشت ئازیـــزی
( عورفی ) بێچارەیش لە کونجی خەڵوەت
بمێنێ دائیـــم بـــــۆ دەرد و میحنــــەت

---

(١) شاعیر لە هەنـدێ شیعردا بۆنەکەی نووسیوە منیش وام بە چـاك زانی وەکو خۆی بینووســـەوە بۆ ئەم شـیعرە نووسیویەتی .. بـۆ جەژنی قوربان موقابیل بۆ هەندێ دۆستان .

# پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی «کوردی»

برینداره بە شـــمشێری برۆی شۆخێکی نـــازداری
چ نازدارێکی غـــەدداری خوایـــا بەردی لێ بـــاری
نەبوو لەم عـــەسرەدا فریـــاکەوی یاری وەفـــاداری
«ئەمان مـــردم عیلاجێ ســـا لە رێی پێغەمبـــەرا چاری»
«ویسالّ یا قەتلە یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کاری»

لە کوورەی نـــاری هیجرانا بمێنم هەر وەهـــا تاکەی
لە دونیادا نەبـــوو رۆژێ بە دڵخۆشی بـــکەم ئۆخەی
گڕم تێبەربـــووە سینەم ئـــەناڵێنێ بە وێنـــەی نەی
«وەها ســـووتاوم ئەسڵا تـــابێ فەریادم نەمـــا سادەی»
«رەفیقان ئێوە ســـووتن ئێوە نامەرد عـــەرزە هاواری»

دڵا چەندم نەسیحەت کردی بەس خۆت تووش و ریسواکە
ئەگەر سەد ساڵ لەسەر یەك چاوەڕوانی بی چ دەرباکە
ببینە چیم بەسەرهاتووە لـــە دەس ئەم چەرخی ئەفلاکە
«لەژێ باری غەمـــا وا شانی ســـەبرم رێشـــە ئێستاکە»
«فیراقی یار لە بـــەر ئاخرشەڕی لێم بۆتە ســـەر باری»

لەدەوری چەرخی گەردوون و لەدەست ئەعمالەکەی دوونی
لەحەسرەت دووری رووی لەیلا لەتاوی دەردی مەجنوونی
بە زنجیری جەفـــا پێچراوە • قابیل نـــابێ بەربوونی

«لە کونجی سینە دەنگی ئای و وای دڵ دێ بە مەحزوونی»
«وێران بێ نەمدی ساتێ لێی نەیە ناڵـەی برینداری»
جگەر سۆزێـکی وەك تۆ بـەم زوانە بۆ هـەواڵت دێت
لە رێگەی هاتـوو چـۆدا وا دیارە چـاوەڕوانت بێت
دڵە حاڵی بـکە چاکە بـزانێ تاکو شـوێن و جێت
«سەبا یارانی مەجلیس گەر هـەواڵی من ئەپرسن لێت»
«بڵێ کێشایـە مەیخانە دوو چـاوی بێچـووە عەیارێ»
برادەر وا مەبینـە غونچەی شـیعرم بـەرەو زەردی
وەرە دیوانـەکەم ببینـە ئەگەر زانایـەکی وردی
گەلێ شێوەی بە جوانتر دێ لـە ئەشعاری ئەبی وەردی
«دوڕ و یاقووت ئەبارێ لـەم کەلامە شیرینەی کوردی»
«درێغـا کوا لـە دونیادا قـەدرزان و خریـداری»

## پێنج‌خشته‌کی له‌سه‌ر شیعرێکی ره‌فیق حیلمی

هه‌ر خه‌یاڵێکم بــــه سه‌د جــــه‌یشی جه‌فا پامــــاڵ ئه‌بێ
گه‌ر ببینم نۆبــــه‌تێ دیــداری ، دڵ خۆشــــحاڵ ئه‌بێ
مــاڵی وێرانــــم رقیبی بــــاعیسی ئیمهــــاڵ ئـــــه‌بێ
«ماری زوڵفت نۆبــــه‌چی ده‌وری عه‌قیقی ئــــاڵ ئه‌بێ»
«تیری مــوژگان پاســه‌وانی ده‌وری چــاوی کاڵ ئه‌بێ»

من که واڵـــــه‌ی پڕ ته‌وی شــــه‌معی وه‌کو پــــه‌روانه بم
به‌سته‌یی زنجــــیری مووی کێســــوویی جانانـــه بم
چۆن ئه‌بێ فــــارغ له عه‌قڵ و فیکری بێ پــــه‌روا نه‌بم
«من که سه‌ر مه‌ستی سه‌فای ئه‌و نێرگسی مه‌ستانه بم»
«ئاگاداریــم که‌ی لــه داوی زوڵف و دانه‌ی خــاڵ ئه‌بێ»

گه‌ر چه‌مه‌ن حوسنت ببینێ ، شه‌ق له سه‌روو گوڵ ئه‌دا
عه‌شقت ئاگـــــر وا له ســینه‌ی لاله و ســــونبول ئه‌دا
وه‌ختێ شانه‌ی عه‌تـــر ئامێزت له سه‌ر کاکـــۆڵ ئه‌دا
«ناز و عیشــــوه‌ی دڵ فریبــــانت فریوی دڵ ئـــــه‌دا»
«شه‌ککه‌ری گوفتــــاری تۆ ببیه مه‌ســــیحا لاڵ ئه‌بێ»

دڵ وتی : وه‌ختێ کــه رۆژی جه‌ژنی پڕ مه‌ســعودی دێ
بێ سه‌به‌ب قه‌ت عیشوه ناکا سه‌رووی قه‌دی موو قه‌دی
موشکیله وه‌ســــفی جه‌مالت بێته غایه‌ی ســــه‌ر حه‌دی

«دەستی ئەعجازی تەبیعــەت چونکە خەتمە مەقسەدی»
«دەفتەری حوسنت بە خەتی سەوزی لێو ئیکمال ئەبێ»
موددەیە تالــع منی لەم کاری عەشقە ژێــر ئەخست
تا نەبوومە شـــاهی عوشاقان نەچوومە ســـەر تەخت
خەرمەنی ئیقبالـــەکەی هێنامـــە ژێر بـــاری بەخت
«دامەنی تورەی پەرێشانت لە سەر سەفحەی رووخت»
«عوقدە بــۆ حەللی تەلیسمت باعیسی ئەشـــکال ئەبێ»
رەحمێ بەم مەجنونە ســا ئەی دولبەری ساحیب جەمال
شادی دڵکا نەشـــئەی عەشقت بــە تریــاکی ویسال
سورەتت هــەردەم بە شـــکڵێ دێتە بەر مــەددی خەیاڵ
«حوسنی تۆمەستوورە خۆیەکسەربەزوڵفو خەتوخاڵ»
«موڵکی ئیسلامە بە ئوردوویی فەرەنگ ئیشغال ئەبێ»
خۆ بە تەنیا هـــەر دڵی من گـــیرەوەی ســـەودا نییە
کەس لە داخی تـــۆ وەکو ئەم عاشقەت شـــەیدا نییە
تورکی من نـــەقشی جەبینی حیکمەتی یـــەزدانی نییە
«خاڵەکەی سەر گۆنەکەت بـــەم رەشییە هێندستانییە»
«یاخۆ شەهزادەی عەجەم مایـــل بە خەرقەی شاڵ ئەبێ»

## پێنج‌خشته‌کی له‌سه‌ر غه‌زه‌لێکی موناجاتی «شێخ ره‌زا»

هه‌رچه‌نده که پۆشیومه به‌ر و به‌رگی گوناهی
چاوم هه‌موو ئه‌وقاتێ له ڕێی عه‌فووه ئیلاهی
ده‌رحه‌ق به هه‌موو چاره‌وه‌ران پشت و په‌ناهی
«ای ریز خور خوان نوالت مه‌و ساهی»
«جووت چو وجودت ابد و لا متناهی»
موی ره‌ش له سه‌ر و ریش نه‌ما گشتی سپی بوو
پیری سه‌ری شێواندوه لێم ره‌حمێ بفه‌رموو
خۆت عالمی ئه‌سراری یه‌کم زانیوی نه‌ك دوو
«بر نامه‌ء اعمال سیاهم قلم عفو»
«برکش که بدل شد بسفیدیم سیاهی»
هه‌رچه‌نده که بووم به‌نده‌یه‌کی سه‌رکه‌ش و عسیان
شه‌رمه‌نده‌می به‌ر باره‌گه‌هت روو ره‌شی دیوان
لێم مه‌گره خوایا به حه‌قی ناڵه‌یی پیران
«بودم من اگر بنده‌ء از خواجه گریزان»
«باز أمدم ای بندگیت دولت و شاهی»
من به‌نده‌یه‌کم تابعی ئه‌مر و نه‌هی یه‌زدان
کوا جێیه‌کی تر غه‌یری خودا ڕێگه‌ی ئاسان
سۆزی دڵ و لافاوی به‌خوڕهاتوو له چاوان

«این دیده گریانم دوین سینهء بریان»
«بر صدق سخن میدهدم هرد و گواهی»
گر شاه شوم منزل من قصر جلال است
در بدرقه روز و شبم اهلی کمال است
بر من همه‌گر ملك جهان جمله جلال است
«بردن شدن از ساخت ملك تو محال است»
«عید توم از ملك توم خواهی نخواهی»
هیچ چاره نییه غه‌یری ئه‌مه خۆم خسته ئه‌مانت
بم‌به‌خشی ئه‌گه‌ر ناڕوخێ هیچ که‌ون و مه‌كانت
هیچ نه‌فسی نییه نابێ به لای شه‌وكه‌ت و شانت
«بر عفو عقوبت بنود سوود و زیانت»
«این هرد و به پیش تو ساوین الهی»
( عورفی ) كه به زنجیری گوناهی بووه پا به‌ند
ئه‌مما چ گوناهانێ وه‌كو كێوی ده‌ماوه‌ند
مه‌حره‌م نییه دیسان له عه‌فو لوتفی خوداوه‌ند
«صد بار امید است ( رضا ) رابتو هرچند»
«سرتا قدمش غرق گناهست مناهی»

## پێنجخشتەکی لەسەر غەزەلێکی مەولانا خالد

بۆچ ئیتر نەگـــریم لە داخا ، من شـــەو رۆژ زار زار
بۆ دڵەی پـــڕ حەسرەت و دوورکەوتووی یـــار و دیار
چۆن نەبارێنی دوو چاو ، ئـەسرین وەکو هەوری بەهار
«روز عیـــداست و ما نومیـــد از دیـــدار یـــار»
«عالمی درعیش و نـــوش و مـــاد و چشم اشـــبکار»
وێڵی کێـــوان بم وەکو مەجنون لە نـــاو دار و دەوەن
تاقەتی ژینـم نەمـــاوە بەسمە بـــۆم ببڕن کەفـــەن
توخوا یاران ئەمـە عومـــرە خـــوا داویـــە بـــە من
«هـــــرگس بایـــــار درعیش و گلســــتانت ومن»
«اشك سرخـــم شد کنـــار از داغ هجران لالـــەزار»
ئاه ئاه چیبـــکەم لە دەستی بێوەفای چـەرخی بولەند
موددەتی عومـــرم لە خـــۆم خێرم نەدی غەیـــری گەزەند
کەس هەیە ئاخـــۆ لە دونیادا وەکو من دەردە مــــەند
«بینـــــراو دڵ بــــراز نــــار و عــــریب مســـتمند»
«دست بـــر دل سر بـــزانو چســـکم درره دلفـــگار»
چیم لە دونیا دیـوە خۆشی ، من بە غەیـری دەردی سەر
موددەتی عومـــرم لە باغی مەقسەدم نەمـــدی سەمەر
دەفتەری ژینـــم تەماشاکە کە چیم هاتـــووە بە سەر



کوردیکا

«سینه سـوزان دل فـروزان کوچه کوچـه دەربەدەر»
«کس مەبـادا هـم چـو من اواره از یار و دیـار»
گەر هەڵـمواسن بە دارا شـەرتە پێمخۆشـە بە دڵ
دەستم هەڵنـەگرم وەتەن تـا ئەمبەنە ژێر خـاك و گڵ
غەیر لـە دووری تۆیە بۆیە هێندە وا ئەگریم بـە کوڵ
«بەکرەجـوی شد زچشـمانم روان از خـون دل»
«عـاقبت کـردم دوا داخ فـراق سرچنـار»
حەقمە تا مـاوم لە دونیـادا بکێشم ئاهی سـەرد
دەستە ئەژنـۆ دانیشم خاتـر پەریشان رەنـگ زەرد
لەم جـوانی عومـرەدا ئـاوارەیی کێوان و هـەرد
«خالـدا گـر نیسـتی دیوانـه و صحرا نـورد»
«تو کجـاو کابل و غزنـین و خـاکی و قندهـار»

# (چوارینەکانی خەیام بە کوردی)

لە دوو پەڕەی دەسخەتدا کە لە ناو دیوانە دەستنووسەکەدا بوو ئەم (٢٦) پارچە چوارینەم بەرچاوکەوت کە وەرگێڕانی چوارینەکانی (خەیام)ە ٠٠٠٠ لەوە دەچێت شاعیر فریای پاکنووس و نووسینەوەی نەکەوتبێت و بە مسوەدەیی مابێتەوە ، هەرچۆنێك بێت شوێنێکی دیساری دەکاتەوە و زیاتر بەرهەمەکانی (خەیام)مان بۆ روون دەبێتەوە ٠

(ئومێد)

(١)

لە هات و چونمان چی بۆ تۆ تیایە
لە تان و پۆی ژین کوانێ سەرمایە
لە چەنبەری چەرخ گیانی چەند چاکان
سووتا و خۆڵەکەی بە دەم هەوایە

(٢)

بەرەو بەیان بوو گوڵ کەوتە گریان
لەگەڵ بای سەبا قسەی هەڵدرکان
لە جەوری فەلەك ، گوڵ لە دە رۆژا
پشکوتوو غونچەی کردوو هەڵوەران

(٣)

بەیداخی فیتنە سوبەی پەی ئەکەم
بەم ریشی سپییە حەز لە مەی ئەکەم
ساڵی من ئەوا گەیشتە حەفتا
ئێستاکە نەیکەم ئاخۆ کەی ئەیکەم

(٤)

گایەك لە ئاسمان ناوی پەروینە
گایەك هەڵگرتووی ژێری زەمینە
بە چاوی بڕوا گەر تەماشاکەن
لە بەینی دوو گا گورگەل ببینە

(٥)

لە دڵا داری خەفەت نەڕوێنی
کتابی عەشق و خۆشی بخوێنی
با بتخوێنەوە بە ئارەزووی دڵ
دیارە : لە دونیادا تۆ چەن ئەمێنی

(٦)

قەد مەکە تۆبە ئەگەر مەییت بێ
سەد تۆبە ، پەشیمانی لە دوی دێ
گوڵ دەمکاتەوە بولبول بخوێنێ
ئەو ساتە تۆبەکەی رەوا ئەبێ

(٧)

گەر موڵکی شام و ئەورووپا و چینە
گەر هەموو دونیات لە ژێر نگینە
بەشی من و تۆ ئاخری لە دونیا
هەر دەگەز کفن و دوو گەز زەمینە

(٨)

زۆر بە پەلەپەل هێنامیە دونیا
لە غەیری حیرەت هیچم بۆ نەما
لەگەڵ یارەکەت کە چووی بە رێوە
وەك تۆ کەسی تر خۆشی نەدیوە

(٩)

دیم قەلەندەرێ لە سەر رووی زەمین
نە کفری ناسی نە دونیا و دین
نە خوا بە راستی نە شەرح بە رەوا
ئەیگوت لە دونیا ئێوەش وا بژین

(١٠)

عومرت دوو سەدبێ سێسەدبێ هەزار
لەم سەرای کۆنە دەرئەچی ناچار
ئەڵێن لە بەهەشت حوری و کەوسەرە
جۆگەی شەرابە شیر و شەکەرە

(١١)

گوڵ لە سەباوە پەردەی هەڵدڕی
بولبول لە رووی گوڵ دەنگی هەڵبڕی
لە سێبەری گوڵ دانیشە کە گوڵ
بووە بە خاك و لە خاك دەرپەڕی

(١٢)

هاتنم بە من نەبوو ئەوەڵجار
چونیشم دیسان بە دەستی زۆردار
هەستە ئەی ساقی شەرابت بێنە
غەم بشۆم بە مەی ئەمجا بە یەکجار

(١٣)

ئاخری کوشتمی مەقسەدی چی بوو
لەم هات و بوونەم لەم چوونەم ئەیا
ئاخری ئەبێ لە دونیا بڕۆی
وا بزانە تەنها خەوێکت دیوە

(١٤)

پێش ئەوەی غەمان شەبەیخون بێنن
بفەرموو بادەی گوڵ گون بهێنن
خۆ تۆ ئاڵتون نیت لاشەی رزیوت
لە ژێر پەردەی خاك دیسان دەربێنن

(١٥)

فەلەك ئاخری بۆ هیلاکی تۆ
قەسدی کوشتنی گیانی پاکی تۆ
پیاڵە و سوراحی هەڵگرە ئەی جوان
بگەڕێ لە گوێ سەبزەی لای چەمان

(١٦)

زۆر گەڕاین دونیا لە هەموو لاوە
بە دەشت و کێوو چۆڵ و سەحراوە
هەرچەند رەنگ و بۆی من زۆر جوانە
ژێر خاکم ئەخا هەر بەم زووانە

(١٧)

ئەیزانی دوا مەرگ تۆ بۆ کوێ ئەچی
زوو شەراب بێنە هەستە زوو برۆ
مردوو لە حاڵی ئێمە بزانێ
نایەتە دونیا بۆ جارێکی تر

(١٨)

دروست کردنی ئاسمان جوانە
ئاخری تێکیدا ئەم تاسە جوانە
یەك هەفتە شەراب بخۆ بە سەربەست
وریا بە جومعەیش بەر نەدەی لەدەست

کوردیکا

(١٩)

ئەگــەر پادشــاھ یاخــو ســوالکەری
ھەردوو یــەك نرخــە بۆ ئاخــری کار
بەو بــادە ســاقی جامی شــەرابێ
نەقدی لــە سەد قــەرز گەلێ چاتــرە

(٢٠)

دەستە ســرەکەی دەمی پێ ئەســرِی
ھــەزار بەرمــاڵی ریــاکار دێنێ
ســوراحیان کرد لە خاك و خــۆڵم
پرِی کەن لــە مەی زیندوو ئــەبم زوو

(٢١)

ھەســـتە مەی بخــۆ زۆری نەمــاوە
ســەبزە دەربچێ لە ســەر خــاکی تۆ
چەرخ زۆر جوانی وەکــو تۆ سەد جار
کرد بــە پیاڵە سەد جار بــە فنجان

(٢٢)

کەسێکم نــەدی کە لــەم رێــگایە
رۆیشت دووبــارە گەرِایــە دواوە
بەڵام نــازانم لە تاوتــووی خــاکا
فیکری خوا چی بــوو بۆ ئەم خوڵقانە

(٢٣)

نازانــرێ ھەرگیز عەقل بــرِ ناکا
بە ھیــچ معیــارێ بکرێ نیشــانە
لای ئێمە جومعەو شەممەو یەکشەممە
خوا پەرست بــە نەوەك رۆژ پەرست

(٢٤)

پیاڵەی مەی موڵـکی قەندەهار دێنێ
خشتی سەر کوپەی سەد جار دین دێنێ
وەختێ کە داری عومـرم گەندەڵ بوو
یەك بە یەك جومگەم لە یەکتر دەرچوو

(٢٥)

شەرابم ئـەوێ لە کۆنــە و لــە نۆ
جەننەت ئەفرۆشم بــە دوو دەنك جۆ
فەلەك غەیــری غەم نــادا هیچی تر
نایهێنێ نەیبــا تــا یەکێــکی تر

(٢٦)

وەك لالــە پیاڵــە بگرە و بیهێنــە
لەگــەڵ یارێــکی روو لالە وێنــە
لێدە لــە شەراب لــەم چەرخــە شینە
جێگای ئاخـیرت لــە ژێر زەمینــە

# پێرســـت


| بابـــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|
| پێشـــەکی | ٥ |
| ژیان‌و بەسەرهاتی شاعیر | ٩ |
| عـــورفی | ١٢ |
| چ خۆشە سوبحەدەم رووی‌کەینە سارا | ١٨ |
| نووری ماهم بوو کە کیسرا هەم مەداینی شکا | ١٩ |
| فیکری من هەر شەو | ٢٠ |
| وەختێ یارم ویستی | ٢٢ |
| ئەگەر دولبەر بە دڵ رۆژێ وەفاکا | ٢٣ |
| وەهام‌زانی ئیتر دولبەر | ٢٤ |
| ئەگەر چی من لە عومرا چووم بە ساڵا | ٢٥ |
| چی ئەبێ تەرکی جەفاکەی | ٢٦ |
| ئەگەر لوتفت ببێ | ٢٧ |
| پەرێشانە دڵم | ٢٨ |
| گلەیی لە یاری بێوەفا | ٢٩ |
| ئەی بادی سەبا | ٣٠ |
| جەوانم وا دڵی گرتووم سەبووریت | ٣١ |
| دەرحەق شەخسێك | ٣٢ |
| گوێ‌گرە لەم گفتوگۆیەم | ٣٣ |
| لە تاوی عەشقی نەوجوانانە | ٣٤ |
| هەوری رەحمەت | ٣٥ |
| برا هەرچۆنێ بێ | ٣٦ |

| بابـــەت | لاپـــەڕە |
|---|---|
| لە کونجی سینە | ٣٧ |
| حەیفە بێ تۆ | ٣٨ |
| هەتاکەی | ٣٩ |
| تا نەڕێژی ئەشکی حەسرەت | ٤٠ |
| بکوژرێم گەر بە زەهری ماری ئەرقەم | ٤١ |
| ئەگەر دەردم بزانێ | ٤٢ |
| خوا ئەو زاڵمە بگرێ | ٤٣ |
| دەردی غەمی دڵدارە | ٤٤ |
| بۆ وەتەن و بێوەفای نەوەکانی | ٤٥ |
| گەر وابێ | ٤٦ |
| جوانانی خاڵو میل رشتو | ٤٧ |
| جوانـــان | ٤٨ |
| هەتـــاکەی | ٤٩ |
| شەوێك لە داخی دەروونەوە | ٥٠ |
| دووربەرێزن لێم | ٥١ |
| سەبەب نا میهرەبانی | ٥٣ |
| هەچی رەنجێ کە کێشام | ٥٤ |
| دەوامی سەر وەفا بوونم | ٥٥ |
| پای بەندی کردووم | ٥٧ |
| هەر زەمانێ | ٥٨ |
| لە دووری قەدو باڵانە | ٥٩ |
| جەژنی قوربان بۆ عاشقو خۆشی | ٦٠ |
| جەوانم دیارە | ٦٢ |

| بابـــــەت | لاپـــەڕە |
| --- | --- |
| خۆزگە ئەمزانی | ٦٣ |
| خودا چۆنی ئەسیر کردم | ٦٥ |
| سەد لە سەد | ٦٧ |
| ئەی برادەر | ٦٨ |
| وەهامزانی | ٦٩ |
| مەیاڵۆزێنـــە | ٧١ |
| ئەی یاری عەزیزم | ٧٢ |
| دڵم سووتا | ٧٣ |
| بروسکەی هەوری هیجرانە | ٧٤ |
| حەقمە دائیم | ٧٥ |
| دیســـــان | ٧٦ |
| خۆزگە سەد خۆزگەم | ٧٧ |
| لە گشت لایەکی دونیادا هەرایە | ٧٨ |
| دەورە وای هێناوە | ٧٩ |
| سەبا هەستە | ٨٠ |
| بۆ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ | ٨١ |
| چ رووی داوە | ٨٢ |
| رجایـــــــە | ٨٣ |
| برادەر روو لە دەرگاهی خواکە | ٨٤ |
| یارو دەس بەرداری | ٨٥ |
| هەتا کەی گیرەوەی بەحری گوناه بم | ٨٦ |
| مەکە باوەڕ | ٨٨ |
| کەسێ داری نەژادی | ٩٠ |



کوردیکا

| بابـــــەت | لاپـــەڕە |
| --- | --- |
| دڵ چارەی چی بوو | ٩١ |
| سزای کابرایەکی برمی | ٩٢ |
| لە مەولاوە مەگەر باری قەزابێ | ٩٣ |
| دڵی بێچارەکەم | ٩٤ |
| دڵا پێم خۆشە | ٩٥ |
| بـــــرادەر | ٩٦ |
| تاکو کەی | ٩٧ |
| دڵی دائیم | ٩٨ |
| ئاه لە دەس جەوری فەلەك | ٩٩ |
| دەمێکە موبتەلایە دڵ | ١٠٠ |
| هەموو ڕۆژم | ١٠١ |
| برام گوێ بگرە | ١٠٢ |
| ئەگەر ئەو نووری ئیمانەم | ١٠٣ |
| ئەی ڕەفیقان | ١٠٤ |
| هەموو شەو | ١٠٥ |
| لە لای کێ | ١٠٦ |
| فەلەك گەر بیدەوێ | ١٠٧ |
| نەورۆزی ساڵی ١٩٦٠ | ١٠٨ |
| دوێشەو | ١١١ |
| خاطرەیەك بۆ لاوانی نیشتمان بە یادگار | ١١٧ |
| تاکو کەی رسوابین | ١١٩ |
| شیوەن بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی | ١٢٠ |
| شیوەن بۆ (حاجی شێخ ئەمین)ی خاڵ | ١٢٢ |

پێشکەشە بە مامۆستا نەجمەددین مەلا ١٢٤
بولبـــــول ١٢٧
دەردی بولبولێکی بێچارە وە ئاخری عومری ١٢٩
بۆ جەژنی قوربان موقابیل بۆ هەندێ دۆستان ١٣٣
پێنجخشتەکی لەسەر غەزەلێکی کوردی ١٣٥
پێنجخشتەکی لەسەر شیعرێکی ڕەفیق حیلمی ١٣٧
پێنجخشتەکی لەسەر غەزەلێکی موناجاتی شێخ ڕەزا ١٣٩
پێنجخشتەکی لەسەر غەزەلێکی مەولانا خالد ١٤١
چوارینەکانی خەیام بە کوردی ١٤٣

# (تکایـــــه)

تکایە پێش ئەوەی دەست بکەیت بە خوێندنەوە ئەم وشە چەوتانە راست بکەرەوە ... لەگەڵ ڕیزمدا

| لاپەڕە | دێڕ | چەوت | راست |
|---|---|---|---|
| ١٤ | ٧ | داخۆ | داخو |
| ٢٢ | ٣ | جەنجەری | خەنجەری |
| ٤٦ | ٢ | چاووم بگرێنم | چاو بە گرینم |
| ٤٦ | ١٣ | ئەمێنم | ئەمینم |
| ٥٦ | ١٠ | هەردوم | هەردووم |
| ٨٢ | ٧ | تەماشای | تەمەنای |

# ســــــوپاس

زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم :

١ ـ بنەماڵەی شـاعیر بە تایبەتی مامۆستا عومـەر و مامۆستا هەڵگـورد وە شێخ محەمەدی ئامۆزای شاعیر (بەداخەوە کۆچی دوایی کردوو دیوانەکەی شاعیری نەدی) •

٢ ـ مامۆستا کاکەی فەلاح و مامۆستا عوسمان هەورامی کە بەسەر شیعرەکاندا چوونەوە •

٣ ـ مامۆستا هوشـیار محەمەد عەزیز قەفتـان کە بە دڵێکی فراوانـەوە ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ • کە هەرگیز خۆم بۆم چاپ نەدەکرا •

٤ ـ مامۆستا عەزیـز جوانڕۆی کە مانای شیعرە فارسیەکانی بـۆ لێکدامەوە ـ دەرفەتی بلاوکردنەوەی نەبوو •

٥ ـ مامۆستا عمـر محمد رەش کاکە مەم کە ئەرکی دوا نووسـینەوەی گرتە ئەستۆ •

٦ ـ دکتۆر خەسرەو مسـتەفا خاڵ کە دەستنووسی شاعیری بۆ هێنام کـە چەند پارچە شیعرێکی تێدابوو •

ئومێد کاکەرەش
١٩٨٥/٣/٢٥

**پـرۆژەی هاوســەر**

بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە

سلێمانی ـ شەقامی حەمدی ـ ت : (٢١٦٢٥)

خاوەنی : هۆشیار محەممەد عەزیز قەفتان


## لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر

١ ـ **گەنجینەی دێرین** •

عبداللە کوردی

٢ ـ **بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد** •

لە پێناوی کۆکردنەوەو زیندوکردنەوەی کەلەپوری کوردیدا

ـ عبدالرقیب یوسف ـ

٣ ـ **دیوانی عارف عورفی**

ئومێد کاکەڕەش

# ئەو پەڕاوانەی لەژێر چاپدان

## ١ ـ دیوانی حیلمی ٠

ئومێد کاکەڕەش

## ٢ ـ ناوی کوردی نوێ

هۆشیار محەممەد عەزیز قەفتان ٠

## ٣ ئـاوارەکان

عومەر حەسەن دەوڵەت

## ٤ ـ (وردبوونەوەیەك لە ئەدەبی کوردی)

ـ لوسی ٠ پۆل مارگرێتو کامەران عالی بەدرخان ـ

ـ (عومەر حەسەن دەوڵەت) ـ کردویەتی بە کوردی

## ٥ ـ خواردەمەنیو هونەری چێشتلێنان

عبدالرحمن صرافو هۆشیار محەممەد عەزیز قەفتان

ژمارەی پێ‌سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغداد
١٢٤٩ ساڵی ١٩٨٥

پیتەکانی بە (لاینۆتایب)ی چاپخانەی نەورەس رێکخراوەو لە
چاپخانەی کامەرانی لـە سلێمانی چاپکراوە

نرخی (١ر٢٥٠) دیناره

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد
١٢٤٩ لسنة ١٩٨٥

چاپخانەی کامەرانی ــ سلەیمانی ت ٢٣٥٠٨